



سیاسەت
قوربانیانی ئەشکەنجەی سیاسی "قسەی خەڵک بەقەد ئەشکەنجەکانی زیندان ئازارمان دەدەن" 11


کۆمەڵایەتی
بەبەراوورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو: ڕێژەی تەڵاق لە دهۆکدا جێگیرە 36


کار
ژنی کورد هەستەکانی بەدەستی خۆی دەخەمڵێنێت 38


وەرزش
مامۆستای وەرزش هەیە ئامادە نییە جلی وەرزشی لە بەر بکات 44


تەندروستی
شێرپەنجەی ملی منداڵدان 50


کەلتوور
پردی دەلال بەرەو ڕووخان دەچێت 60



**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان
warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com
**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com
**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید
**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان
**ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم
**فایلەکان**
**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com
**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نوسینگەکان**
**کەرکوک:** سەمام سەمەد
**سلێمانی:** ئازیز مەحمود
**دهۆک:** هەڵز عەلی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

بۆ ڕیکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07504624506
Normal: 0662647813

دابەشکردن: خانەی سەهەند

**Designed by** - Wshyar Muhamad mustafa
Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com



تارا جاف



پێشوازی لە گرووپی ئاشتی - ئامەد



سەرۆکایەتی هەرێم - رایس

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی



فۆتۆ: وارڤین

دەرزی ئەنفلۆنزای بەراز گەیشتە ئامەد



فۆتۆ: شێروان

# زاخۆ: ژنێک ڕفێندرا و کوژرا

## "تاوانباران منداڵە شەش مانگەکەیان لەسەر سنگی دانابوو"

وارڤین – تایبەت: لەڕووداوێکی تەمومژاویدا لەشەوی ٢٠٠٩/١٠/٢٦ لەزاخۆ ژنێک دڕفێندرێت و دواتر تەرمەکەی لەنزیک شاردەدێی باتیلێ، سەر بەقەزای سیمێل لەلایەن هێزانەکانی ئاسایشەوە دەدۆزرێتەوە. لەوبارەیەوە لایەنە ئەمنییەکان لەبەر ئەوەی کە دۆسیەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە ئامادەنین هیچ لێدوانێک بدەن. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەچەند سەرچاوەی جیاوازەوە دەست گۆڤاری وارڤین کەوتووە، ئەو ژنە لەبەیانی ڕۆژی٢٠٠٩/١٠/٢٥ کورە شەش مانگییەکەی بۆ چاسەری نەخۆشی بردووەتە نەخۆشخانەی گشتی زاخۆ کە لەنزیک ماڵی خۆیان بووە، کاتژمێر ١٠:٣٠ ئەو ژنە لەکاتی گەڕانەوە لەنەخۆشخانە، لەگەڵ دوو کەسدا بینراوە. ڕۆژێک دواتر تەرمی ژنەکە لەنزیک شارەدێی باتیلێ، سەر بەقەزای سیمێل بەکوژراوی دەبینرێتەوەو منداڵە شەش مانگەکەشی لەسەر سنگی دانرابوو. لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان دەڵێت ژنە بۆ خۆی لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا چووە، چونکە ئەگەر بەزۆر بیانبردبایە، لەبازگە هاوار و دادی دەکرد و پۆلیس فریای دەکەوت، لەلایەکی دیکەوە بەبۆچوونی سەرچاوەیەکی دیکە،"ئەگەر ئەو ژنە مەبەستێکی وەهای هەبوایە منداڵەکەی لەگەڵ خۆی نەدەبرد و بەتەنیا دەچوو".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەرووداوەکە بۆچوونی یەکەمی ڕەت کردەوەو گوتی:"لەوبڕوایەدا نیم کە ئەو ژنە بەحەزی خۆی چووبێت، چونکە ئەو ژنە ماوەی ساڵێکە ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناوەو هیچ کێشەیەکی نەبووە". ئەو سەرچاوەیە جەختی لەوە کردەوە کە ماڵی خەسووی ژنەکە چەند ڕۆژ بەرلەوەی ئەو رووداوە رووبدات خانووەکەیان بە ٣٠٠ هەزار دۆلار فرۆشتووە. تاوانبارانیش ئەوەیان بەهەل زانیوە بووکەکەیان بڕفێنن و داوای پارەیان لێ بکەن. سەرچاوەکە گوتی:"ئەو دوو کەسە بە تەلەفۆن لەبەرانبەر ئازادکردنی بووکەکەیاندا داوای ٥٠ هەزار دۆلاریان لەماڵی خەسووی بووکەکە کردبوو، پاش ئەوەی ئەوان رازینەبوون کە ئەو بڕە پارەیە بدەن، تاوانکاران بووکەکەیان کوشتوون و منداڵە شەش مانگەکەیان لەسەر سنگی داناوە". جێی ئاماژەیە کە تاوانباران منداڵەکەیان نەکوشتووە.

دیسان بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەست وارڤین کەوتووە، دووکەس بەتاوانی کوشتنی ئەو ژنە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کراون و بەیانی زووی ڕۆژی سێشەممە بە چاو بەستراوی و کەلەپچەوە بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی دادگای زاخۆ کراون. هەندێک سەرچاوەی نافەرمی ئەوەیان پشتڕاست کردەوە، کە دووکەسەکە دانیان بەتاوانی خۆیاندا ناوە. دیسان ئەو سەرچاوەیە ئاشکرای کرد کە پێدەچێت ئەو کەسانە ئەندامی گرووپێک بووبن کە کاری ڕفاندن و کوشتنی هاووڵاتیان بووبێت، چونکە بەرلەو رووداوە منداڵێک کە ماڵی باپیری دەوڵەمەندن لەلایەن هەندێک کەسەوە ڕفێندرابوو و لەبەرامبەر ئازادکردنی منداڵەکەدا داوای پارەیان کردبوو، بەڵام ئەو کەسانەش دەستگیر کرابوون.

## مالیکی و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر بانگهێشتنەکردنی شەهرستانی ڕێککەوتوون

وارڤین – ئاژانسەکان: سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد کە سەرۆکوەزیرانی عێراق نوری مالیکی، نوسراوێکی نهێنی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە پێیراگەیاندون کە بانگهێشتی شەهرستانی، بۆ پەرلەمان لەدژی پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوتە.

لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز عەلی حەسەن بەلۆ، ڕایگەیاند:"لیژنەکەیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو نووسراوەی دەستکەوتووە کە نوری مالیکی، بەنهێنی ڕەوانەی پەرلەمانی کردووە تێیدا لیژنەی نەوت و غازی تۆمەتبار کردووە بەوەی کە داوای بانگهێشتکردنی حسێن شەهرستانی دەکەن و پێیوایە کە ئەو کارە دەبێتە هۆی دژایەتی پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوت لەعێراقدا". بەلۆ دووپاتیکردەوە کە ئامانج لەنووسراوەکەی مالیکی، ڕێگرتنە لەبانگهێشتکردنی وەزیری نەوتە.

عەلی حەسەن بەلۆ هەروەها گوتی:"مالیکی لەنووسراوەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بانگهێشتکردنی شەهرستانی هەوڵێکە بۆ ڕێگرتن لەهاتنەناوەوەی کۆمپانیا وەبەرهێنەرە نەوتییەکان بۆ عێراق". بەلۆ ئاشکرای کرد کە لەنێوان مالیکی و سەرۆکایەتی پەرلەماندا ڕێککەوتنێک لەئارادایە بۆ دواخستن و تەگەرەخستنەبەردەم بانگهێشتکردنی شەهرستانی بۆ پەرلەمان. سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز، جەختی لەوە کردەوە کە ئەو شێوازەی کە مالیکی لەمامەڵەکردندا بەکاری دەهێنێت، لەلێدوانەکانی کە بەردەوام بانگەشەی دژایەتیکردنی گەندەڵی دەکات، بەدوورە.

www.netewe.com



## هەولێر:
## سیمینارێک بۆ ١٠٠ساڵەی لەدایکبوونی ڕەوشەن بەدرخان




**وارڤین – هەولێر:**

بەبۆنەی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی ژنە ڕۆشنبیری کورد ڕەوشەن بەدرخان، چەندین چالاکی لەهەولێر بەڕێوەدەچێت. سینەم بەدرخان کچی ڕەوشەن خانم لەوبارەیەوە بەوارڤینی ڕاگەیاند کە لەرۆژی ٩/١١/٢٠٠٩ سیمینارێک لەهەولێر بەڕێوەدەچێت و هەروەها بۆ ئەو مەبەستەش چالاکییەکی دیکە لەدهۆک بەڕێوە دەچێت. سینەم خان، گوتی:"لەم چالاکییەی ١٠٠ ساڵیدا هەموو بەرهەمەکانی ڕەوشەن بەدرخان، سەرلەنوێ چاپ دەکەینەوەو هەروەها سیمینارێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ڕێکدەخەین. ئەو چالاکییە لەهۆڵی پێشەوای وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچێت. جێی ئاماژەیە کە ئەو چالاکییانە لەژێر چاودێری سەرۆکی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، بەڕێوەدەچن. ڕەوشەن بەدرخان هاوسەری میرجەلادەت بەدرخان، ڕۆژنامەنووسی بەتوانای کورد بووە.

## هەڵەبجە و ڕۆما دەبنە دۆست

**وارڤین – هەڵەبجە:**

حکوومەتی ئیتالیا سەنتەرێک بۆ گەنجانی هەڵەبجە دەکاتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا نوێنەری گەنجانی ڕۆما سەردانی هەڵەبجە بکات.

جێگری سەرۆکی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی خدرکەریم، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین ڕایگەیاند:"دروستکردنی ئەو سەنتەرە لەسەر داوای شارەوانی ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا بوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پردێکی پەیوەندی بەهێز لەنێوان گەنجانی هەرێمی کوردستان و ئیتالیادا دروست بکرێت". خدر، گوتیشی:"بەڕێوەبردن و خەرجییەکانی ئەو سەنتەرە لەسەر ئەرکی حکوومەتی ئیتالیا دەبێت و ئەرکی سەنتەرەکەش پێگەیاندنی گەنجی بەتواناو هۆشیارکردنەوەیانە، لەڕێگەی کردنەوەی خولی جیاواز لەبوارە جیاوازەکاندا".

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە، باسی لەگرنگی کردنەوەی سەنتەرەکە کردو گوتی:"کردنەوەی ئەو سەنتەرە کارێکی مێژووییەو ڕەنگە لەداهاتوودا پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆماو هەڵەبجە قۆناغی گرنگتر بەخۆیەوە ببینێت ئەوەش کاریگەری گەورەی لەسەر پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو ڕۆشنگەری ناوچەکە دادەنێت".

هاوکار محەمەد

www.netewe.com



## ئایسەل توغلۆک بە کوردی دەخوێنێتەوە

وارڤین – ئامەد:

پەرلەمانتاری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی شاری ئامەد بۆ پشتگیری لەزمانی کوردی بڕیاریدا رۆمانی "شڤانێ کورمانجا"ی عەرەبی شەمۆ، بە کوردی بخوێنێتەوە. لەمیانەی فستیواڵی"رۆژانی ئەدەبیاتی نێونەتەوەیی"دا کە لەرۆژانی ٥ تا٨ی مانگ لە ئامەد بەڕێوەچوو، ئایسەل توغلۆک رایگەیاند کە بڕیاریداوە رۆمانی"شڤانێ کورمانجا"ی نووسەری کورد عەرەبی شەمۆ بخوێنێتەوە. لەو فستیواڵەدا گەلەک نووسەر و رۆشنبیر بەشدارییان کرد و لەهەرێمی کوردستانەوە مەسعود تەیب، لەهۆڵەنداوە فرانک ڕێستەرمەن و هەروەها نووسەرانی بیانی وەک دیانا فەروس، لاسانا سەکەو، ئانتیلەر ئاروباش بەشداربوون. ئەو فستیواڵە لە ٨ی مانگ و لەپارکی سومەر بەڕێوەچوو.



دیلار سەولەدار

## د. بەرهەم پلانی کابینەی پێشووتری دووبارە کردەوە

وارڤین – هەولێر:

سەرۆکوەزیرانی کوردستان د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، لەمیانەی سەرپەرشتیکردنی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری بڕینی ١٠٪ی مووچەی وەزیرو پلە تایبەتەکانی دەرکرد.

دوای ئەوەی کە لە ٢٨ مانگی رابردوو پەرلەمانی کوردستان، متمانەی بە کابینەی ٦ی حکومەتی هەرێم بەخشی، هەفتەی رابردوو ئەنجوومەنی وەزیران، لە یەکەم کۆبونەوەدا بڕیاری بڕینی ١٠٪ی مووچەی وەزیرو پلە تایبەتەکانی دەرکرد، تائەو مووچەیە بۆ سندووقی شەهیدان بگەڕێتەوە. ئەم هەنگاوەی د. بەرهەم، چاوەڕوانکراوبوو، چونکە لەکاتی بوونی بەسەرۆکوەزیران لە کابینەی ئیدارەی سلێمانیدا لەیەکەم دانیشتنی ئەوکاتیشدا بەهەمانشێوەی ئێستا مووچەی وەزیر و پلەدارەکانی کەمکردبووەوە.



## مونالیزا پەنجا قات گەورە کرایەوە

وارڤین – تایمزئۆنلاین:

وێنەی"مۆنالیزا"ی وێنەکێشی بەناوبانگی ئیتالی لیئۆناردۆ داوینچی ٥٠ قات لەحاڵەتی ئاسایی خۆی گەورە کرایەوە. ئێستا بینەران دەتوانن تابلۆی مونالیزا ٥٠ قات لەتابلۆ ئۆرجیناڵەکەی گەورەتر ببینن. گەورەکراوەی ئەو تابلۆیە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیایەو ١٧,٥ مەتر درێژە. پرۆژەی گەورەکردنی ئەو تابلۆیە لەلایەن هونەرمەند کەتی ویێستەرەوە ئەنجامدراوە. ٢٤٥ کەس لەدروستکردنی ئەو تابلۆیەدا کاریان کردووە و دروستکردنەکەشی ماوەی ٩٨٧ کاتژمێری خایاندووە. بەر لەئێستا لەساڵی٢٠٠٥دا لە شاری ئەینبۆرگ هونەرمەند رۆلف هاریس، مۆنالیزای گەورە کردبۆوە، بەڵام ئەم کارەی کەتی لەهی رۆلف گەورەترە.






فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

# ئەو ژنانەی قوربانییان داوە ئاشتی دەخوازن



روکەن خاتوون

ئەو کەسانەی کە لەشەڕدا قوربانییان نەداوە، ناتوانن ئاشتی بەهێز بکەن. لەم سەردەمەدا ژنانی باکووری کوردستان گەلەک باش لەواتای ئەو قسەیە تێدەگەن. ٣٠ ساڵە شەڕ لەباکووری کوردستاندا درێژەی هەیە. قوربانیانی هەرە سەرەکی ئەو شەڕە ژن، منداڵ و بەساڵاچووانن. ژن وەک دایک، خوشک، خێزان و وەک ژنێک لەکۆمەڵگای کوردستاندا لەگەڵ شەڕدا ژیان. ژن لەدوو لایەنەوە قوربانییان داوە. هەم لەبەرامبەر شەڕخوازان و هەمیش لەبەرامبەر کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستاندا. تێچووی ئەو شەڕە بۆ ژنان زۆر سەخت بووە. بەدڵی ناسک و نازەنینی ژن و بەهەنگاوی منداڵی بێهێز و بەتەمەنی لەرزۆکی بەساڵاچووان ئەو بارە هەڵگیرا. بەو هۆیەوە ژنان گەورەترین قوربانی ئەو شەڕەبوون. بۆیە ئەو کەسانەی کە نرخی ئاشتی بەباشی دەزانن هەر خودی ژنانن.

ئەو کەسانەی لەگەڵ شەڕدا نەژیاون، وقوربانییان نەداوە، نازانن ئێش و برینی قوربانیدان چییە. کەسانێک کە بێکەس نەبوونە، واتای بێکەسی نازانن. ئەو کەسانەی هێرشی دوژمنیان نەبینیوە، ماڵیان وێران نەبووە، پەنابەر نەبوونە، لەڕاستیی ئاشتی تێناگەن. کەسانێک کە هەموو مافەکانیان لێنەسەندرابێتەوە هەرگیز لەڕاستی ئاشتی و نرخی ئاشتی تێناگەن. لەئەمڕۆداو لەڕۆژەڤی ئاشتیدا ئەوانەی کە دەبێ قسەیان هەبێت خودی ژنانن. ئەو ژنانەی کە لەشەڕدا قوربانییان داوە پێویستە ببنە خاوەن قسەی ئاشتی. گرنگ نییە، ئەو ژنانە گەریلا یان ژنانی کەمپی مەخموور، یان ئەو ژنانە بن کە بەناچاری کۆچبەری مەترۆپۆلەکانی تورکیا یان وڵاتانی ئەورووپا کراون. جیاوازی ناکات، لەناو ئەکەسانەدا کێ دەبێت، گرنگ ئەوەیە کە ئەوان بۆ دۆزێک زێدی خۆیان بەجێهێشتووە. ژنانێک کە لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا ژیاون، قسەکانیان لەسەر ئاشتی زۆر گرنگن. ئەوانەی ڕۆژەڤی ئاشتی پێشدەخەن ئەو ژنانەن.

ئەو کەسانەی کە باس لەڕۆژەڤی ئاشتی دەکەن. لەئازاری ڕەمزییەی ١٢ ساڵانی باتمانی، دەگەن کە لەلایەن چەتەکانەوە دووگیان کرا. ئەو کەسانە ئازاری شوکرانی مێردینی دەزانن کە لەلایەن جەردەڤانانەوە دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر. ئەوان گەریلا نەوالی، ئەشکەنجەکراو دەناسن. دەزانن نەوال، چەندە ئازاری چێشتووەو چەندە ئەشکەنجە کراوەو چەندجاریش بەنهێنی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر. هەروەها چەندجار بەدەم دێوەزمەی کابووسەوە هۆشیار بووەتەوە. ئەو کەسانە لەئازاری دایکی ئایفەر تورهالی تێدەگەن. کچە ١٤ ساڵانەکەی، بەزیندوویی کەوتە دەست هێزەکانی سوپای تورکیا و گوللەباران کرا. ئەوان لەئازاری دایکی جەیلانی ١٢ ساڵی، کە لەئەنجامی تۆپبارانی سوپادا سەری بە گوللەی هاوەن لەجەستەی جیابووەوە، دەگەن. بۆیە، من پێموایە ئەوانەی لەشەڕدا خوێنیان ڕژاوە لەئاشتیشدا قسەیان هەیە. لەبەر ئەوەشە کە لەناو گرووپەکانی ئاشتیدا ژن و پیاو بەیەکسانی شوێنی خۆیان گرتووە. ئەوەش ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ژنیش لەناو شەڕدا پێگەی خۆیانیان هەبووە. کاتی هاتنەوەی گرووپەکانی ئاشتی بۆ باکووری کوردستان ژنان پێشەنگ بوون. ئەوەش یانێ ژنانی باکووری کوردستان زۆر پێویستییان بەئاشتییە. ئەو ئیرادەو هێز و فیداکارییەی کە ژنان لەکاتی شەڕدا نیشانیانداوە، ئێستاش دەیخەنە خزمەتی ئاشتەوایی و لاپەڕەیەکی خاوێن دەکەنەوەو هەوڵی پێشخستنی خۆیان دەدەن. گەلانی باکووری و کوردستان و تورکیا وەک ئاو و نان پێویستییان بەئاشتی هەیە. لەشەڕدا هەموو شتێک سەروژێر بوو. خێزانەکان پارچەبوون، کۆمەڵگەکان پارچە بوون، سایکۆلۆژی تێکچوو. ئابووری کوردستان تێکچوو و هاواری دایکانی کورد و تورک گەیشتە ئاسمانەکان. پێویستە لەباکووری کوردستان هەموو شتێک بۆ دۆخی ئاسایی بگەڕێتەوە. گرووپی ئاشتی ببنە مایەی هاتنە کایەی کەشێکی نەرم. بۆ پێشکەوتنی ئاشتی و دیموکراسی پێویستە تورکیا و پەکەکە، چانسێک بدەنە ئاشتی. ئەو دەرفەتە زۆر گرنگە. داواکاری ئێمەی ژن ئەوەیە کە لەو دەرفەتە بەباشی سوود وەربگیرێت.

www.netewe.com

ژنە وەزیرانی کابینەی پێنجەم:

# جیاوازی رەگەزییمان پێکرا

هەولێر



چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان

وێڕای ئەوەی ژنانی کوردستان، لەچاوەڕوانی ئـەوەدا بـوون کە رێـژەی ژن، لەکابینەی شەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بە بـەراورد لەگەڵ کابینەی پێنج زیادبکرێت، بەڵام تەنیا یەک ژن، لەو کابینەیەدا پۆستی وەزارەتـی پێدرا. هاوکات وەزیـرە ژنەکانی کابینەی پێنج، ئاشکرایدەکەن کە لەکابینەی پێنجدا، جیاوازی رەگەزی لەنێوان ئەوان و پیاوە وەزیرەکاندا هەبووە.

دوای تەواوبوونی وادەی کابینەی پێنجەمـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە سێ ژن، لەو کابینەیەدا پۆستی وەزیرییان پێدرابوو، بـەردەوام ئەو کابینەیە جێگەی رەخنەی چالاکوانانی ژن بوو، بەوەی کە رێژەی ژن تێیدا کەم بوو. لەگەڵ دەستپێکی پێکهێنانی کابینەی شەشەمدا، بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ئەحمەد سالح، بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەبوون کە پێنج ژن، پۆستی وەزیریان پێبدرێت، بـەڵام لەکاتی مەراسیمی سوێندخواردنی وەزیران، لەپەرلەمانی کوردستاندا تەنیا ژنێک لەپۆستی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێ سپردرا. ئەمەیش بووە جێگەی ناڕەزایی ژنانی هەرێمی کوردستان.

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، لەکابینەی پێنجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چنار سەعد عەبدوڵڵا، کە گەنجترین وەزیری ئەو کابینەیە بوو. ئاماژە بەجیاوازی رەگەزی لەنێوان وەزیرێکی ژن و وەزیرێکی پیاودا دەکات کە بەوهۆیەوە زۆرجار سستی لەکارەکانیاندا کراوە. چنار، ئەوە دەخاتەڕوو لەبەر ئەوەی وەزیرێکی ژن و گەنج بووە، زۆر




د. جینان قاسم وەزیری پێشووی هەرێم بۆ کاروباری ژنان

## د. جینان قاسم: کە بووم بە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان، تەنیا یەک کۆمپیوتەرم پێدرا، ئەویش کۆن بوو بۆیە بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی خۆم کارم دەکرد. تا مانگی پێنج و وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکوومەت لە لایەن عیماد ئەحمەد، شوێنی حەوانەوەم نەبوو ئەوکات شوقەیەکم پێدرا.

لەپیاوەکان فەرمانی ئەویان لا سەخت بووەو نیگەرانی خۆیشی لەمەڕ کەمترین ڕێژەی بەشدارییپێکردنی ژن، لەکابینەی شەشدا دەربڕی. ئەو وەزیرە باس لەوە دەکات کە بەپێی پڕوپاگەندەی لیستەکانی بەشداربوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، دەبوو کابینەی شەش ژمارەی وەزیری ژنی لەکابینەی پێنج زیاتر بووایە. هەروەها باس لەکەمی ڕێژەی ژن، لەکابینەی پێنجدا دەکات، کە لەکۆی ٤٣ وەزیر، تەنیا ٣ وەزیری ژن، هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە، وەزیری هەرێم بۆکاروباری ژنان، د. جینان قاسم، تیشک دەخاتەسەر جیاوازییە ڕەگەزییەکان و بەبڕوای ئەو، لەکابینەی پێنجدا، جیاوازی لەنێوان وەزیری ژن و پیاودا هەبووە. وەک باس دەکات، جیاوازییەکان بەشوێنی بڕیاردان و هەرەمی دەسەڵاتەوە دیاربوون، "لەهەموو شوێنە گرنگەکانی بڕیارداندا لەهەرەمی دەسەڵات، پیاو دانراوەو پیاو بڕیار دەدات. بێگومان بەوجۆرەش هەر بڕیاری پیاو بەسەر بڕیاری ژندا زاڵ دەبێت. وەختێک کەسێک بۆ پۆستێک هەڵبژێردرێت، ئەوە پیاوە دەستنیشانی دەکات کە کێ هەڵدەبژێرێت. جیاوازی لەنێوان وەزیری ژن و پیاودا هەبوو. پێویست بوو ژنەکە، هەمیشە لەڕووبەڕووبوونەوەو تاقیکردنەوەدا بێت".

وەزیری شارەوانی لە کابینەی پێنجەم، نازەنین محەمەد وسووو، ڕەنگە جیاوازی هەبووبێت، بەڵام ئەو هەستی پێ نەکردووە. "من هەستم بەهیچ جیاوازییەک نەکردووە، ڕەنگە سروشتی کاری وەزارەتەکەی من وابووبێت، کە زۆر سەرقاڵ بووم. من هیچ کێشەیەکی لەو جۆرەم نەبوو". بەڵام نیگەرانی خۆی لەمەڕ کەمی ژن، لەکابینەی شەشەمدا دەردەبڕێت. "بەداخەوە هەموومان بەنەبوونی وەزیری ژن، "لەکابینەی شەشەمدا تووشی شۆک بووین. لەچاوەڕوانی ئەوەدابووین ڕێژەی ژنان، لەو کابینەیەدا، لەکابینەی پێنج زیاتر بێت".

چنار سەعد، پێیوایە، تائێستا سیستەمێکی لەوجۆرە بە تەواوی لەکوردستان جێبەجێنەکراوە، کە کەسی گونجاو لەشوێنی گونجاو دابنرێت، بەڵکو پێویستە وەزیرانی ژن و پیاو، بەپێی پێوەری لێهاتوویی و ئەزموونی کار و توانایی کەسەکە دابنرێت، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی، کە سەر بەفڵانە حزب یان خزمی فڵانە کەسە. "پێویستە

www.netewe.com




نازەنین محەمەد وسوو وەزیری پێشووی شارەوانی

www.netewe.com

**نازەنین محەمەد وسوو: ژن کە پۆستی وەرگرت یان بوو بە وەزیر، کەواتە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان خۆیی و پیاودا نەهێشتۆتەوە بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بووە.**

ژنیش تەنیا بۆ پڕوپاگەندەی ئەوە دانەنرێت، کە شوێنی پێ پڕ بکرێتەوە تا بڵێن، ژن، لەو پۆستەدا هەیە. دانانی ژنی لاواز لەهەر پۆستێکدا، زیان بەرۆڵ و پرسی ژن، دەگەیەنێت و وا سەیری ژن دەکرێت کە توانای بەرپرسیارێتی لاوازە". بەبڕوای چنار سەعد، بەهۆی زاڵبوونی فەرهەنگ و سیستەمی کلاسیکی لەکوردستاندا، هەمیشە قسەی پیاو، هێزی زیاترەو رەگەزی مێ، دەبێ یەک دنیا تەحەفوزات بکات، شەڕی ژن، لەگەڵ پیاودا ئاسان نییە، چونکە زۆرجار وا پێویست دەکات کە وەک کەسێکی قسە زبر و شەرکەر خۆت نیشانبدەیت".

سەبارەت بەئامادەبوونی وەزیرە ژنەکان، لەو لیژنانەی بۆ کارە هەستیار و گرنگەکانی وەک، لیژنەی بڕیاردانی سیاسی، یان دارایی، دانراون، د. جینان، گوتی:"ئێمە لەو لیژنانە بەشداریمان پێنەکراوە". نازەنین محەمەد، پێیوایە هەر لیژنەیەک پەیوەندی بە وەزارەتی ئەو هەبووبێت بانگ کراوە،"بەڵام لەلیژنەکانی بڕیاردانی دارایی و سیاسییدا بەشداریم پێنەکراوەو پێشموانییە وەزیرە ژنەکانی تریش بەشدارییان پێکرابێت، بەڵام ئایا بڕیاری سیاسی زیاتر لەدەستی حیزبەکان، یان حکوومەت بوو".

چنار سەعد، بەشداریپێنەکردنی ئەوان لەو لیژنە گرنگانە وەک جیاکاری دەبینێت،"لەو لیژنانەی کە بۆ مەسەلەی زۆر گرنگی وەک، بڕیاردانی سیاسی یان مەسەلەی دارایی، وەزیری ژن بەشدارییان پێنەکراوە. تەنیا بۆ

هەندێ مەسەلەی کۆمەڵایەتی نەبێت. ئەمەش هەستێک لای ژن، دروست دەکەن کە تۆ توانای بەشداریکردن و کارکردنت لەهەموو بوارێکدا نییە".

هەرسێ وەزیری ژن، لەکابینەی پێنجی حکوومەتدا، ئاماژە، بە بەشدار نەبوونیان لەو گەشتانە دەکەن کە بەنوێنەری حکوومەت سەردانی وڵاتانی دەرەوە کراوەو هەمیشە پیاو لەو سەردانانەدا نوێنەر بوون. چنار سەعد، لەبارەی هەڵنەبژاردنیان وەکو نوێنەری حکوومەت لەو گەشتانەدا کە بۆ وڵاتانی بیانی کراون، گوتی:" قسەی خودی پیاوەکانە، کە دەڵێن، ئێمەی پیاو لەو گەشتانەدا تەنیا لەرەگەزی خۆمان بین، سەربەستیمان زیاترە بۆیە، ژن هەڵنابژێرین". بەڕای چنار، لەهیچ پرسێکی گرنگی وەک یاسایی و سیاسی، یان پرسێکی چارەنووسساز، لەم وڵاتە ژن بەشداری پێناکرێت. بۆیە ژن، لەهەر پۆستێکدا بێت، لەبەرئەوەی کە ژنە، کێشەی بۆ دروست دەکرێت.

هاوکات وەزیری شارەوانی لەکابینەی پێنجەم، پێیوایە" ژن کە گەیشتە پۆستی وەزاری و بوو بە وەزیر، کەواتە جیاوازییەکی لەنیوان خۆی و پیاوێکدا نەهێشتووەوە، بۆیە ناکرێت، لەبڕیارداندا بێبەش بکرێت". سەبارەت بەو گلەییانەی کە ئاراستەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان د.جینا قاسم، دەکرا، د.جینان، هۆکاری کەموکورتییەکانی بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی حکوومەت و سنووری دەسەڵاتی پۆستەکەی دەگەڕێنێتەوە،" تا ساڵی ٢٠٠٧ پۆستی وەزیری کاروباری ژنان بۆمن دیارینەکراو تەنیا وەک وەزیری هەرێم بووم".

د.جینان، باس لەکێشەو کەموکورتیەکانی دەکات، کە بوونە هۆی ئەوەی خەڵک گلەیی لێ بکات. ئەو گوتی:"من لەو پۆستەدا هیچ بودجەیەکم بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان نەبوو، تەنانەت کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتیشم نەبووەو تەنیا یەک ژووری بچووکیان پێدابووم. هەروەها ئەو نووسینگەیەی کە دواتر کاری تێدا کردووە بەو دوایانەبوو

**چنار سەعد عەبدوڵڵا:**
**لە لیژنە گرینگەکانی وەک لیژنەی بڕیاردانی سیاسیی و کاری یاسایی، بەشداری بە وەزیرە ژنەکان نەدەکرا، ئەوەش جیاوازی ڕەگەزییە**

کە عیماد ئەحمەد بوو بەجێگری سەرۆکوەزیران". هاوکات بەپێی ئەو زانیارییانەی کە وارڤین لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە دەستی کەوتووە، د.جینان، لەسەردەمی جێگری سەرۆکی حکوومەت، عومەر فەتاح، هیچ داواکارییەکی بۆ واژۆ نەکراوەو هەموو داواکارییەکانی ڕەت کراونەتەوە. ئەوەش هۆکارێک بووە کە لەراپەڕاندنی کارەکانیدا سست بێت. بەپێی زانیارییەکانی هەمان سەرچاوە، د.جینان، یەکێک لەو کەسانە بووە، کە هەمیشە لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی کارەکانیدا بێدەنگی هەڵبژاردووەو هەروەها خۆی لە راگەیاندن شاردووەتەوە. لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا وەزیرە ژنەکانی کابینەی پێنجەم تاچەند لەئەدای کارەکانی خۆیاندا ڕازیبوون. چنار سەعد، جەخت لەسەر کارکردن و خەرجکردنی زۆرترین توانای خۆی دەکاتەوە، لەکاتی کارکردنداو پێیوایە بەرهەمەکەی نیوەی خەرجکردنی تواناو ماندوو بوونی خۆی نەبووە."هەر کارێکی ئێمە بەچەند وەزارەتێکی ترەوە بەستراوە. بۆنموونە وەک وەزارەتی دارایی، یان ئەنجوومەن و لەوێ کارەکەت دوادەخرێت و دەوەستێت، جاری واهەیە ئەگەر پێویست بووبێت، کارێک لەماوەی هەفتەیەکدا تەواوبکرێت، یەک ساڵی خایاندووە.

بەچەندین تەلەفۆن و کەس ناردن ئینجا، جێبەجێکراوە. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کارەکانی ئێمە دوابکەوێت و کار لەکارنامەی وەزارەت بکات. بۆیە پێموایە ئەو هەموو توانایەی، کە لەپۆستی وەزیریدا خەرجم کردووە، لەسیستەمێکی ڕێکخراوەییدا خەرجم بکردبایە، بەرهەمەکەم زۆر جیاواز دەبوو".

چنار، نەبوونی کادیری بەتواناش بەهۆکارێک دەزانێت کە ئەگەر لەکارەکانیدا سستی کرابێت. بەڵام هۆکاری سەرەکی، بەلاوازی سیستەمی گشتی دادەنێت و بەبۆچوونی ئەو"تاکارەکان بەمیزاجی بەڕێوەبەرێکی گشتی و وەزیرێک بڕوات بەڕێوە، لەوە باشتر نابێت". بۆیە پێیوایە"توانای دوانزە ساڵی لەماوەی چوارساڵدا خەرج کردووە".

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان، د.جینان، زۆر لەئەدای کارکردنی خۆی ڕازییەو بەبڕوای ئەو، توانایەکی زۆری خەرج کردووەو بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەوەندەی دەسەڵاتی هەبووبێت هەوڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی خۆی داوەو بناغەیەکی بۆ ئەو کەسەی دوای ئەو دێت بەجێهێشتووە. وەزیری کاروباری ژنان گوتی:"زۆرجار لەراگەیاندن، ڕەخنەم لێگیراوە، کە گوایە من کارم نەکردووە، بەڵام پێویست بوو ئەوان سەردانێکی منیان بکردایە، کە چەند دەسەڵاتم لەبەردەستە ئینجا ڕەخنە بگرن. من بەئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆم پۆستەو بەریدم ناردووەو کارمەندەکانم هاتووچۆیان کردووە. تامانگی پێنج شوقەیەکم نەبوو تێیدا پشوو بدەم. جگە لەنەبوونی جێگاو کارمەند، بەڵام قەت حەزم لەوە نەبووە کە بەرێگەی ڕاگەیاندن گوشار دروست بکەم". وەزیری شارەوانی، نازەنین محەمەد، ئاماژە بەتەرخانکردنی زۆرترین کاتی بۆ کارەکانی دەکات و دەڵێت:"من ویژدانم زۆر ئاسوودەیە، تەنانەت یەک مامەڵەی تەواونەکراویشم لەوەزارەتەکەی خۆم جێنەهێشتووەو زۆر لەئەدای کاری خۆم ڕازیم و پێموایە، لەماوەی کارکردنمدا باشترین کارم کردووە".

www.metewe.com

### قوربانیانی ئەشکەنجەی سیاسی:

# قسەی خەڵک بەقەد ئەشکەنجەکانی زیندان ئازارمان دەدەن



هەولێر

"لەزیندان دەستدرێژی سێکسی کرایە سەرم دوای تێپەڕبوونی بیست و پێنج ساڵ بەسەر ئازادبوونم، تائێستا نەمتوانیوە وەک مرۆڤێکی ئاسایی سێکس لەگەڵ مێردەکەم بکەم و ژیانی ئاسایی دەستپێبکەمەوە".

ئەوە قسەی یەکێکە لەو ژنانەی، کە ماوەی سێ ساڵ لەزیندانەکانی بەعسدا ژیاوە. پەروین، بەهۆی ئاشکرابوونی لەتۆڕی رێکخستنەکانی ناوشار، جگە لەچەندین ئەشکەنجەی جۆراوجۆری جەستەیی رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسیش بووەتەوە. پەروین، وەک خۆی گوتی، دوای ئازادبوونی لەزیندان تائێستاش نەیتوانیوە وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەگەڵ مێردەکەی سێکس بکاتەوەو ئەوەش کێشەی بۆ دروستکردووەو وایکردوە، کە نەتوانێت وەک کەسێکی ئاسایی ژیان دەست پێبکاتەوە. تائێستاش ئازارەکانی زیندان وەک خۆی باسیدەکات شەوانە کابووسی ئەون و دەشڵێت، کە ئێستاش کۆمەڵگا شانبەشانی پیاوانی بەعس ئازاری دەدەن. "بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لەزیندان لەجارێک زیاتر رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوومەوە. بەهیوا بووم، رۆژێک لەو دۆزەخە رزگارم بێت، مردن لای من خۆشتربوو. بەڵام دوای ئازادبوونم لەجیاتی رێزلێنان قسەی خەڵک بەقەد ئەشکەنجەکانی زیندان ئازاریان دام".

سەمیرە، ژنێکی ترە لەژنانی زیندانی سیاسی و تەمەنی پەنجا ساڵە. لەتەمەنی بیست ساڵیدا لەلایەن رژێمی بەعسەوە زیندانیکراوەو ماوەی دووساڵ لەزیندانەکانی بەعسدابووە. ئەو، یەکێک لەئەشکەنجەکانی دەستدرێژی سێکسی بووە. بۆیە بەئاخ هەڵکێشانەوە باس لەکاتی دەستگیرکردنەکەی دەکات، "کاتژمێر دووی شەو پیاوانی بەعس هاتنە سەرماڵمان و دەستگیریان کردم، شەوی یەکەم، ئەمنەکان هەندێ رەفتاری ناشیرینیان بەرامبەرم

www.netewe.com

دەکرد و پێیاندەگوتم، تۆ زۆر جوانی لێرە بمێنیتەوە باشترە. هەفتەیەک دوای دەستگیرکردنم دەستدرێژی سێکسیان کردە سەرم". سەمیرە دوای ئەوە تووشی نەخۆشی بوورانەوەو دەماغ بووەو تائێستاش چاک نەبووەتەوە، ناخۆشترین ئەشکەنجە بۆ سەمیرە "قسەوقسەلۆکی خەڵکە".

## ئەشکەنجەی سیاسی

ئەشکەنجەی سیاسی، لەلایەن بەرپرسانی فەرمی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە، بەشێوەیەکی سیستەماتیک و پلاندارێژراو بۆ سەرکوتکردنی بەرهەڵستکاران کەڵکی لێ وەردەگیرێت و یەکێک لەچەکە سەرکەوتووەکانی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانە لەدژی دیموکراسی، کە بۆ شکاندنی تاکەکان و برەوپێدانی ترس و تۆقاندن لەناو کۆمەڵگەدا بەکاردێت. یەکێک لەئامانجەکانی بەکارهێنانی ئەشکەنجەی سیاسی بەجێهێشتنی کاریگەرییە لەسەر کەلتوور و هەڵسووکەوتی کۆمەڵگا تا لەو رێگەیەوە ژینگەیەک دروست بێت، تاکەکان لەبەر پاراستنی خۆیان و رزگارکردنی گیانیان لەئاست پرسەکان بێدەنگی هەڵبژێرن. نموونەی ئەوەش سەردەمی رژێمی بەعسی عەرەبی بوو. تایبەتمەندی سەرەکی بەکارهێنانی ئەشکەنجە ئازاردانە، دوا ئامانجیشی لەناوبردنی قوربانییە. گۆڕانێک کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەشکەنجە لەدونیای قوربانیدا دروست دەبێت، فرەلایەنەو لەسەر هەموو پەیوەندییەکانی کاریگەری دادەنێت. ئاسەواری جەستەیی ئەشکەنجەو بیرەوەرییەکانی بۆ رزگاربوو تا کۆتایی تەمەنی ناهێڵێت بسرەوێت.

## ئاسەوارەکانی ئەشکەنجە لەسەر تاک و کۆمەڵگا

لەدەروونناسیدا، کاتێک بەهۆی رووداوێکی تاڵەوە نارێکوپێکییەک لەهەست، توانایی، پەیوەندی و روانگەکانی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی و دونیای دەورووبەری دروست دەبێت، پێیدەگوترێت ئەو تاکە تووشی "شۆکی دەروونی" بووە. ئەم رووداوە تاڵە بەپێی پێناسە، پێشبینی نەکراوەو توندییەکەی لەسەرەوەی (بەرزتر) ئەو گوشار و نیگەرانییانەیە کە تاکەکان لەژیانی رۆژانەیاندا رووبەرووی دەبنەوە. بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتانە پێویستە لەگەڵ کەسی زیان پێگەیشتوو، باس لەچۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەلوومەرجە بکرێت کە زیانی بەکەسەکە گەیاندووە. چونکە ئەگەر ئەو رەوشە وەک خۆی بمێنێتەوە، زیان بەنەوەکانی داهاتووش



دەگەیەنێت. بۆ نموونە، یەکێک لەپێویستییەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت بەئاراستەی چارەسەری تاک و کۆمەڵگەدا هەنگاو هەڵبگیرێت، رەدی ئیعتیبارە بۆ ئەو خێزانانەی کە لەمیانەی شەڕی رزگاری کوردستاندا زیانیان پێگەیشتووە. هەروەها دابینکردنی سەرچاوەی داهات و گەڕاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانە.

## جۆرەکانی ئەشکەنجە

١) ئەشکەنجەی جەستەیی وەک سووتاندن، لێدان و هەر کردەوەیەکی تر، کە برین دروست بکات.

٢) ئەشکەنجەی رۆحی وەک چاوبەستن، ناچارکردن بەبیستن یان بینینی ئەشکەنجەی کەسانی تر. ناچارکردن بەبینینی تەرمی زیندانیەکانی تر، هەڕەشە، سووکایەتی.

٣) ئەشکەنجەی هاوکاتی جەستەیی و دەروونی وەک دارکاری لەبەرچاوی منداڵە بچووکەکەی، زیندانی تاکەکەسی.

٤) ئازاردان، وەک ناچارکردن بەوەستان یان دانیشتنی بەبێ جووڵان، بۆ چەندین کاتژمێری بەردەوام. هەڵواسین، بێبەشکردن لەپێداویستییە پزیشکییەکان، بێبەشکردن لەتوالێت، رێگریکردن لەخەو.

٥) دروستکردنی کەشێکی ترسناک، وەک لەسێدارەدانی شانۆیی (لەسێدارەدان لەبەر چاوی خەڵک)، دروستکردنی خنکانی چرکەیی.

٦) ئازاردانی سێکسی.

هەر جۆرە ئازاردانێکی ئەندامی رەگەزیی جەستە کە کۆئەندامی زاوزێ، مەمک، لاڕان و کۆم بگرێتەوە پێیدەگوترێت، ئەشکەنجەی سێکسی. ئەشکەنجەی سێکسی هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی سێکسی، سووکایەتی سێکسی، ناچارکردن بەرووتبوونەوە، ناچارکردن بەبینینی سێکسی کەسانیتر، ناچارکردن بەپەیوەندی سێکسی لەناو زیندانییەکانی دیکە، ناچارکردن بەپەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵ، دانی شۆکی کارەبا لەکۆئەندامی سێکسی مرۆڤەکانیش لەخۆدەگرێت. تێگەیشتن لەئەشکەنجەی سێکسی، بۆ ئاستی کەلتووری تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، بەڵام دەزانین جیا لەکەلتوور و ئینتیمای نەتەوەیی و هەرێمایەتی، هەموو قوربانییەکانی ئەشکەنجەی سێکسی، هێرش لەدژی کۆئەندامی زاوزێیان، وەک ئەشکەنجەی سێکسی پێناسە دەکەن.

## ئامانج لەئەشکەنجەی سێکسی چییە؟

دەتوانین ئەشکەنجەی سێکسی و بەتایبەت دەستدرێژی، وەک کردەیەکی توندوتیژ بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی تەواوی جەستەی قوربانی و پێشێلکردنی کەسایەتییەکەی و دروستکردنی کەشێکی پڕ لەترس و تۆقاندن پێناسە بکەین. بەداخەوە هەندێک کەس وەها تێگەیشتوون کە دەستدرێژی کردەیەکە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی دەستدرێژیکار، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوە، دەستدرێژی بۆ پڕکردنەوەی

www.netewe.com

حەزە سێکسییەکان نییە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە دەستدرێژیکار لەکاتی دەستدرێژیدا چێژ وەربگرێت. دەبێ بگوترێت، کە ئەو جۆرە ڕوانگەیە بۆ دەستدرێژی سێکسی و بەتایبەتی ئەشکەنجەی سیاسی ڕوانگەیەکی چەوت و پیاوسالارانەیە. لێکۆڵینەوە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەکان بەساڵانە سەلماندوویانە، کە دەستدرێژی سێکسی تاوانێکە کە لەرێگای بەکارهێنانی توندووتیژییەوە بەکاردێت، نەک بۆ حەزی سێکسی. نابێت پرسی بەکارهێنانی توندووتیژی سێکسی، لەدژی زیندانییەکان بۆ ئاستی بێبەشبوون و پێویستی ژمارەیەک لەئەشکەنجەکارەکان دابەزێنین و بەسانایی و ناشارەزایی لەم پرسە نزیک ببینەوە. چونکە بەرپرسیارێتی ئەشکەنجەی سیاسی وەک کردەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو و سیستەماتیک لەشانی سیستەمی سیاسی هەڵدەگیرێت و بۆ ئاستی بەرپرسیاربوونی ئەشکەنجەکار دادەبەزێت. لەگەڵ ئەوەی کە تاکی ئەشکەنجەکار بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی ئەم کردەوە ترسناکانەی لەئەستۆیە، نابێ لەبیر بکەین کە مرۆڤەکان لەشوێنێکدا دەست بۆ کاری ناشیرینی دژەمرۆڤی دەبەن، کە بڕواکان و سیستەمەکان ڕەفتاری ئەوانی یاسایی کردبێت و پاساوی بۆ کارەکانیان، پشتیوانی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی هێنابێتەوە. دەستدرێژی و هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی سێکسی دیکە، چەکێکە بۆ وردکردنی کەسایەتی زیندانی سیاسی، وەک دەزانن ئەشکەنجەی سێکسی وەک هەموو ئەو ئەشکەنجانەی دیکەیە، کە ڕژێمی بەعس بۆ سەرکوتکردنی گەنجانی ڕەخنەگر و خێزانەکانیان و بێدەنگکردنی سەرجەم کۆمەڵگا بەکاری هێناوە. لەگەڵ ئەوەی کە ژنان، تەنیا قوربانی ڕەگەزیی بەعسییە عەرەبەکان نەبوون، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگە لەبەشداریکردنی کاریگەر و بەرفراوانی ژنان و کچانی کورد لەپرۆسەی ڕزگاری کوردستاندا بگرێت پەنای بۆ پیسترین و نامرۆڤانەترین ڕێگە بردووە. کە لەخەیاڵی خۆیاندا پێیانوابووە بەو کارە دەیانشکێنن و کۆمەڵگاشی پێ چاوترسێن دەکەن.

## چۆن دەتوانرێت یارمەتی ئەشکەنجەدراوان و کۆمەڵگە بدرێت؟

بێگومان دەرد و ڕەنجێک کە قوربانیانی کورد و بەتایبەت ژنان لەدەستی بەعس و عەرەب بەسەریاندا هاتووە وەسف ناکرێت، هەروەها گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئازارانە پێویستیان بە

**مەبەست لە ئەشکەنجەدانی سێکسی، لە لایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە بۆ ڕووخاندنی کەسایەتی، کەسانی شۆڕشگێڕ بووە. بۆیە پێویستە کەسانی دەوروبەری قوربانیان و کۆمەڵگە، هەست بە ئازارەکانی ئەو کەسانە بکەن، چونکە ئەوان قوربانی کێشەی نەتەوەیی و ئازادی وڵاتن**

لێنزیکبوونەوەو چارەسەری پسپۆڕی هەیە. خەڵکی کوردستان دەبێ بزانن کە ئەشکەنجەگەلی سێکسی و دەستدرێژی کردەوەیەکی ناموسی نییە، بەڵکو توندووتیژییەکی سیاسییە. دەستدرێژی سێکسی لەزیندانەکاندا تەنیا جۆرێک لەئەشکەنجەیە کە زۆرێک لەشۆڕشگێڕانی جیهان بەرەورووی بوونەتەوە. پێویستە ئێمە یارمەتی ئەشکەنجەدراوان بدەین و شانازی بەخەبات و تێکۆشانی ئەوانەوە بکەین و وەک مرۆڤی شۆڕشگێڕی پرسی نەتەوەیی سەیریان بکرێت و هەمان هەستیان لا دروست بکرێت. د.توانا عەبدولڕەحمان، پسپۆڕ لەنەخۆشییە دەروونییەکان، ئاماژە بەکاریگەری ئەشکەنجە دەکات، کە مرۆڤ هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی درا ئەگەری دروستبوونی نەخۆشی دەرونی هەیە. ئەوە وێڕای ئەوەی ئەشکەنجەی دەروونیش جیاوازەو زۆرجار کەسی ئەشکەنجەدراو بەرەو خۆکوژی و بێهیوایی یاخود گۆشەگیری دەبات. بەڕای د. توانا، کەسی ئەشکەنجەدراو" ناوبەناو دیمەنی ئەشکەنجەکەی دێتەوە خەیاڵ یا خەوی ناخۆشی پێوە دەبینێت و ترسێکی وەهای لادروست دەبێت کە نەیەتەوە ناو کۆمەڵگە".

د.توانا، باس لەجۆرە نەخۆشییەک بەناوی (پی.تی.ئێس.دی) دەکات، کە دوای هەموو ئەشکەنجەیەک ڕەنگە کەسی ئەشکەنجراو تووشی ببێت. ئەوە جگە لەنەخۆشییەکانی فۆبیاو دڵەڕاوکێ و خەمۆکی کە کێشەی زۆر گەورە دروستدەکەن.

## لاوازکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی

یەکێک لەئامانجەکانی ڕژێمی بەعس، لاوازکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی شیرازەی خێزانی کەسانی شۆڕشگێڕ بوو، بۆیە وەک زۆر لە شارەزایان دەڵێن، مەبەست لەئەشکەنجەدانی سێکسی لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، ڕووخاندنی کەسایەتی کەسانی شۆڕشگێڕبووە. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەو دەوروبەر هەست بەئازارەکانی ئەو کەسانەبکەن، کە لەزیندانەکانی بەعسدا ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە. چونکە ئەوان قوربانی کێشەی نەتەوەیی و ئازادی وڵاتن. بەتایبەت ژنانی شۆڕشگێڕ کە دووجار قوربانین. مامۆستا هەتاو کەریم، مامۆستای کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەددین و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی وارڤین، سەبارەت بەزاڵبوونی دابوونەریتی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی ڕەگەزی ژن دەڵێت، دەستدرێژی سێکسی، یەکێکە لەو توندووتیژیانەی کە ڕووبەڕووی ژنان بەگشتی و ژنانی زیندانی دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەمجۆرە ئەشکەنجەیە بەمەبەستی کەمکردنەوەی پێگەو کەرامەت و کەسایەتی ژنانە، بەڵام کۆمەڵگا هەندێکجار بەدیوێکیتر دەروانێتە ئەم خەباتەی ژنان و زۆرجار لەوانەیە ڕووبەڕووی سووکایەتیش ببنەوە. زۆرجار پرسیاری شێوازی ئەشکەنجەو بیرەوەرییەکانی زیندان لەپیاو دەکرێت و ئەویش زۆر بەشانازییەوە باس لەئەشکەنجەکانی زیندان دەکات و مەدالیای شەرەفی پێدەبەخشرێت، کەچی ژنانیش بەهەمانشێوەی پیاوان ڕووبەڕووی ئەشکەنجە، لێدان، ئازار و سووکایەتی بوونەوەتەوە بەڵام ناتوانن ئازادانە باس لەو سووکایەتییانە بکەن کە لەکاتی ئەشکەدانیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە." بەڕای من هیچ جیاوازییەک نەبووە لەنێوان پیاوان و ژناندا. هەردووکیان ڕووبەڕووی زوڵم و زۆرداری هەمان ڕژێم بوونەتەوە. لەئازادکردنی ئەم بەشەی کوردستاندا ڕۆڵی ژنان ئەگەر زیاتر لەڕۆڵی پیاوان نەبووبێت کەمتر نەبووە".

www.netewe.com

## بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئەورووپا:

# ژنی کورد لە ئەورووپاش ئازاد نییە

دهۆک

بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەئەورووپا، رایگەیاند، کە هەندێ لەخێزانە کوردەکانی دانیشتووی ئەورووپا رێگە نادەن بەوەی کە کچەکانیان درێژە بەخوێندن بدەن و بەزۆر دەیانگەڕێننەوە کوردستان و بەشوویان دەدەن. ئەو هەروەها رایدەگەیەنێت کە ژنانی کورد لەناوخۆی کوردستان لەژنانی کوردی دانیشتووی ئەورووپا، ئازادترن.

بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەئەورووپا، شیلان عەبدولڕەحمان دۆسکی، بەر لەوەی بچێتە ئـەورووپـا لە رێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کـاری کـردووە.

شیلان، لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤیندا سەبارەت بەکارەکانی گوتی:" وەک ژنی کـورد ئێمە دوو ئەرکمان لەسەرشانە، یەکەم لەبەر ئـەوەی ژنی کورد لەئەورووپا، زیاتر پێویستی بەچاودێری و خزمەتکردن هەیە، دووهەم پێویست بوو نەتەوەو کەلتووری خۆمان بەنەتەوەکانی ئەورووپا، بناسێنین کە ئێمە لەو دوو بوارەدا کارمان کردووە".

شیلان دۆسکی، سەبارەت بەو قسەوقسەلۆکانەی کە لە کوردستان و ئەورووپا، لەسەر ژنی کورد دەکرێ گوتی:" ژنی کورد بۆ بێڕەوشتی نەهاتووەتە ئەورووپا. ژنی کورد لەئەورووپا تەنیا چاوی لەسەر کار و خێزانەکەیەتی و لەو بوارەدا هیچ جیاوازییەک لەگەڵ ژنانی کوردستاندا نییە، بەڵام پێویستە خێزانەکوردەکان ئەوە بزانن کە ئەگەر کەسێک کێشەیەکی بۆ پێش بێت و گوشاری بۆبهێنرێت و بیخرێتە نێو قەفەسەوە، تووشی هەڵە دەبێت".

شیلان، بەپێچەوانەی کەسانێترکە دەڵێن توندووتیژی لەکوردستان بەرامبەر بە ژنان لەئەورووپا، زیاترە، دەڵێت:" ژنی کورد، لە کوردستان ئازادترە لەژنی کـورد لەئەورووپا، چونکە ژن، یان کچ کاتێک لەئەورووپا کێشەیەکی بۆ دروست دەبێت، لەلایەن مێرد، برا و باوکییەوە هەڕەشەی لێدەکرێت و زۆرجاریش گەلەک باوک هەن کە بەزۆر کچەکانیان دەگەڕێننەوە کوردستان و بەبێ ڕەزامەندی خۆیان بەمێردیان دەدەن و ناهێڵن، خوێندنەکەیان تەواو بکەن، یان لێرە پاسپۆرتەکەیان لێ وەردەگرنەوە و کەسیش نییە، فریایان بکەوێت".

شیلان، لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە گرنگی یەکێتی ئافرەتان دەکات و دەڵێت کە بەشێکن لەو یەکێتییە، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە ئەوان لەئەورووپا پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بەخۆیان هەیە،" لەبەر ئەوەی ژیانی ئەورووپا، لەگەڵ ژیانی کوردستان جیاوازترە، بۆیە ئێمە پێڕەو پرۆگرامی تایبەت بەخۆمان هەیەو هەمیشەیش لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی ژناندا ئامادەی کارکردن بووین و هەوڵمانداوە پەیوەندیی رێکخراوە و ژنانی کورد لەگەڵ ژنان و رێکخراو و پەرلەمانتاران و کۆمیتەکانی ژناندا بەهێزتر بکەین".

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەئەورووپا، گەلەک کۆرس و ورکشۆپ و سیمناری و بۆ ژنانی کورد کـردووەتـەوە، بـەڵام لەهەموویان گرنگتر بەلای شیلانەوە، ئەو کۆرسانە بوونە کە باسیان لەوە کـردووە، چۆن ژنان خۆیان بگەیەننە گۆڕەپانی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیار، چۆن ببێتە ئەندامێکی پەرلەمان، ئەندامی چالاکی شارەوانییەک، یان چۆن لەگەڵ سیاسەتمەداراندا پەیوەندی دروست بکەن. شیلان، هەروەها باسی لـەوە دەکـرد کە جگە لەکاروباری کۆرس و گرنگیدان بەسیاسەت ئەوان گرنگییان بەلایەنەکانی دیکەی ژنی کورد لەئەورووپا، داوە.

به گوتەی شیلان:"بۆ نموونە گرووپێکی دانسی کچانمان دامەزراندووەو هەروەها هەرکچێکی کورد ئارەزووی لەکاری راگەیاندن بێت، ئێمە هاریکاری دەکەین".

شیلان دۆسکـی، ئـامـاژەی بـەوەدا کـە پێشتر چەندین کێشەی خێزانە کوردەکانیان چارەسەر کردووەو ئێستاش خەریکی چارەسەرکردنی چەند کێشەی تایبەتن. ئەو گوتی:"ماوەیەک لەمەوپێش پیاوێک ژنەکەی خـۆی کوشتبوو، بـەڵام لەبەر ئەوەی خێزانێکی پەنابەر بوون، پۆلیسی هۆڵەندی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدان، بەڵام ئێمە وەک (ی.ئا.ک) لێپیچینەوەمان لەگەڵ پیاوەکەکرد و راکێشی بەردەمی دادگامان کرد. لەئەنجامدا دەرکەوت کە لەسەر هەڵسووکەوتێکی بچووکی خێزانییەوە، ژنەکەی خۆی کوشتووە. هەر چەند ژنەکە گیانی لەدەستداوە، بەڵام نەمانهێشت مافەکەی پێشێل بکرێت، بۆیە مێردەکەیمان بەسزا گەیاند".

شیلان، ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوان وەک (ی.ئا.ک) لەزۆرێک کۆنفرانس و سیمیناری نێودەوڵەتیدا بەشداریان کردووە، کە گەورەترینیان کۆنفرانسی (داینمک ستی ومـەن) بـووە، کە لەبرۆکسلی پایتەختی بەلژیکا بەڕێوەچووە،" هەندێ لەژنانی ئەورووپا لەو کۆنفرانسەدا پێیانگوتین کە وایانزانیوە ژنی عێراقی تەنیا دەویەوێت بەس لەماڵەوە بێت و منداڵەکانی بەخێو بکات، بـەڵام ئێمە بۆمان روونکردنەوە کە ژنی کورد لەهەرێمی کوردستاندا ئارەزووی لەئازادی و کارکردنی دەرەوەی ماڵە".

**هەڵز عەلی**



### پرۆفایل

شیلان عەبدولرەحمان دۆسکی
خەڵکی دەڤەری دهۆکە.
چواردە ساڵە لەهۆڵەندا نیشتەجێیە.
کۆلیژی یاسای کۆمەڵایەتی تەواو کردووە.
ئەندامی لیژنەی ئافرەتانی ئەورووپا بووە.
ئەندامێکی چالاکی پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندییە.
پاش کۆنگرەی ٦.ی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووەتە بەرپرسی ئەو یەکێتییە لەئەورووپا.

www.netewe.com



# قەندیل تەسلیمی زەردەخ

## سۆزدار ئاڤێستا: دەبێ ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان گوشار بۆ تورکیا بێنن

قەندیل

ئەندامێکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان رایگەیاند، کە پارتی کرێکارانی کوردستان هەموو رێگاکانی بۆ دەستپێکردنی قۆناغی دیالۆگ هەڵگرتووەو ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی دەوڵەتی تورکیادایەو پێویستە ئەوان وەڵام بدەنەوە. ئەو هەروەها داوای لە دیموکراتخوازانی جیهان و ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، کە گوشار بێنن بۆ تورکیا تا لەسەر مێزێک لەگەڵ پەکەکە دابنیشێت و پرسی کورد بەشێوازی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان، سۆزدار ئاڤێستا، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤین، رایگەیاند کە ئەم قۆناغەی کە ئێستا پرسی کوردی پێدا تێدەپەڕێت، لە٢٠٠٩ وە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو پاش تاقیکردنەوەی چەندین رێگەی جۆراوجۆری حکوومەتی تورکیا لەدژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەباکووری کوردستان و مایەپووچبوونی میتۆدە شەڕخوازانەکان، بەدیهاتووە. ئاڤێستا گوتی، تورکیا وایدەزانی کە ٢٠٠٤ لەئەنجامی ئەو تەسفیەیەدا کە ١٥٠ کادێری پەکەکە جیابوونەوە، ئەو پارتە چیدی ناتوانێت خۆی راست بکاتەوەو بەرەو هەڵدێر دەڕوات، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی تورکیاوە پەکەکە توانی جارێکی دی خۆی رێکبخاتەوە. دواتر لە٢٠٠٦، پەکەکە بەشێوەیەکی تاکلایەنە ئاگربەستێکی راگەیاندو لەبەیاننامەیەکدا داوای چارەسەری دۆزی نەتەوەیی کوردی کرد.

لەپێنجی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا سەرۆکوەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەردانی سەرۆککۆماری ئەمریکای جورج دەبلیو بۆشی کردو بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە داوای یارمەتی و پشتگیری لەئەمریکا کرد. پاشان لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەواشنتۆن، بۆش، رایگەیاند کە پەکەکە دوژمنی هاوبەشی تورکیا و ئەمریکایە. سۆزدار لەوبارەیەوە گوتی: "پاش ئەو کۆبوونەوە تورکیا لەباکوور و ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان دەستی بە ئۆپەراسیۆنێک کرد، بەڵام دیسان نەیتوانی سەرکەوتنێک تۆمار بکات، ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر رەوشی سوپا دانا". پەکەکە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لە خەباتێکی چەکداری کردووە، هەمیشە لەناوخۆی باکووری کوردستان، دانەبڕاوەو لایەنگرانی لەناوخۆی باکووری کوردستان و تورکیا بەشێوەیەکی مەدەنی کاریان کردووە. ئاڤێستا ئاماژە بەوە دەکات کە شانبەشانی خەباتی پەکەکە، پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیکیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەل خەباتی کردووە، "لە٢٠٠٧، سەرەڕای ئەو هەموو نادادوەرییەوی کە لەدژیان کرا، د.ت.پ توانی ٢٠ نوێنەر بنێرێتە پەرلەمان، ئەوەش کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر گۆڕینی ئەم رەوتە هەبووە".




# ـــــەنەی چانکایا نابێت

### هەڵوێستی بارزانی جێی شانازییە

بەپێی زانیارییەکان سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، لەهەنگاوەکانی پەکەکە لەمەڕ ناردنەوەی گرووپەکانی ئاشتی ئاگادار بووەو وەک هەمیشە هانی ئەو پارتەی داوە، کە بۆ چارەسەری پرسی کورد پەنا بۆ مێزی دانووستان بەرێت. بارزانی بەر لەناردنەوەی گرووپەکانی ئاشتی لەوتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی میللیەت و سی ئێن ئێن تورک رایگەیاندبوو، کە پرسی کورد لەتورکیا پرسێکی سیاسییەو بەرێوشوێنی سەربازی چارەسەر ناکرێت.

ئەو ئەندامەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان لەوبارەیەوە گوتی:"هەڵوێستی بارزانی جێی شانازییە و هیوادارین گوتاری سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان، بەردەوام بەرزتر ببێتەوەو لەپراکتیکدا ببنە لایەنێکی زەمینەخۆشکەر بۆ چارەسەری پرسی کورد لەباکووری کوردستان. سوپاسی گەل و حکوومەتی باشووری کوردستان دەکەین کە لەم قۆناغەدا یارییان داین".

### زاپ: هێمای یەکگرتنی باکوور و باشوور

سەرەڕای بەرەوپێشچوونی چالاکییە مەدەنییەکانی د.ت.پ لەناوخۆی تورکیا، سوپای ئەوولاتە بەپشتگیری حکوومەت لە١٧ی شووباتی ٢٠٠٨دا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەرێگەی وشکانی و ئاسمانییەوە لەدژی ناوچەکانی قەندیل و زاگرۆس و زاپ دەست پێ کرد، کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک لەناوخۆی تورکیا هاووڵاتیانی ناڕازی بەرێکخستن بکات و دەیان خۆپیشاندان لەدژی ئەو هێرشە رێکبخات. سۆزدار لەوبارەیەوە دەڵێت:" سوپای تورکیا بەکردەوە لەزاپ، شکستی هێنا و بەرخۆدانی گەریلا و پاڵپشتی مەعنەوی خەڵکی باشوور و باکوور ناچاری کردن لەهەرێمەکە بکشێنەوە. لەزاپدا خەڵکی باشوور و باکوور بوونە یەک، خەڵکی ناوچەکانی دیرەلۆک، ئامێدی و شیلادزێ لەدژی هێرش بوونە قەڵغانێک".

د.ت.پ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لـە٢٠٠٩، توانی ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش واتە ٩٨ شارەوانی بەدەست بێنێت، وەک ئاڤێستا گوتی، ئەو ئەنجامە وەک ریفراندۆمێک بوو بۆ هەمووان و گەلی کورد بەو هەڵوێستەی وەڵامی دەوڵەتی تورک و شەڕخوازانی دایەوە.

### نەخشەی رێی ئۆجەلان نەگەیشتووەتە دەستیان

لـە١٣ نیسانی٢٠٠٩دا لەلایەن پەکەکەوە قۆناغی بێچالاکی راگەیەندرا، لە١٤ی هەمان مانگدا ٥٢ کەس لەرێبەرایەتی و ٥٠٠ کادێری د.ت.پ لەهەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینی پۆلیسی تورکیادا دەستگیر کران. دوابەدوای ئەو هەڵمەتە سەرۆکۆماری تورکیا عەبدوڵڵا



**سۆزدار ئاڤێستا ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان**

گول رایگەیاند، کە لەبارەی پرسی کوردەوە شتگەلێکی باش روودەدەن. بەقسەی ئاڤێستا، ئەو گوتەیە لەسەرەتادا بۆ سنووردارکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد بووە، بەڵام پاش ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نەخشەی رێگای هێناوەتە مەیدان تورکیا ناچار بووە رێبازی خۆی بگۆڕێت. "سەرۆک ئاپۆ، داوای لەپەکەکە کرد کە ئاگربەستەکە تا ١٥ی مانگ درێژ بکاتەوە. لە٢٠ی مانگدا سەرۆک بۆ چارەسەری نەخشەیەکی رێگەی لە١٦٠ لاپەڕەدا نووسی و رادەستی بەرپرسانی ئیمرالی کرد و ئەوانیش رادەستی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و حکوومەتیان کرد، پاش ئەوە بوو کە بەرپرسانی حکوومەت ناچاربوون رێبازی خۆیان بگۆڕن". سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو نەخشەی رێگایە گەیشتووەتە دەست بەرپرسانی باڵای پەکەکە، ئاڤێستا گوتی: "نەخشەکەیان پێنەداین ئەوەش بێحورمەتییەکی گەورە بوو، بەڵام ئێمە لەرێی پارێزەرەکانەوە لەناوەڕۆکی نەخشەکە ئاگادار کراینەوە".

### گرووپەکانی ئاشتی سیستەم بەرەورووی پرسیار دەکەنەوە

لەسەر ناردنەوەی گرووپەکانی ئاشتی ئاڤێستا گوتی: "دەبێ دەوڵەتی تورکیا باش لەوە تێ بگات کە ئەو گرووپانە نوێنەرایەتی گەلێک دەکەن و ئەوانە سیستەمی سیاسی و حقووقی و پەروەردەی تورکیا بەرەورووی کۆمەڵێک پرسیار دەکەنەوە، دەبێ دەوڵەت چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە". بەقسەی ئاڤێستا، ئەگەر تورکیا نەتوانێ چارەسەر بۆ پرسی ئەو کەسانە بدۆزێتەوە ناتوانێت پرسی کوردیش چارەسەر بکات. سەبارەت بەنادرنەوەی گرووپی سێهەمیش گوتی: "ئەوان هەندێک کێشەی بۆرۆکراتیکیان هەیە، لەبەر ئەوەوە هەندێک هۆکاری دیکە ناردنەوەکەیان بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە. بەڵام رەنگە پرسی ناردنەوەیان لەرۆژەڤدا بمێنێتەوە". پێشوازی گەرم و ملیۆنی هاووڵاتیانی باکووری کوردستان لەگرووپەکانی ئاشتی وایکرد کە گرووپە توندرەو و نەژادپەرستەکانی تورک نارازیبوونی خۆیان دەربڕن و بڵێن: "تیرۆریست بوونەتە قارەمان". لەئامەد نزیکەی ملیۆنێک کەس پێشوازی لەو دوو گرووپە کرد و بەگشتیش نزیکەی ٣ ملیۆن کەس پێشوازی لێ کردن.

### ژنان پێشەنگی ئاشتین

ئەو ئەندامەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان لەبارەی رۆڵی ژن لەم قۆناغەی ئێستای پرسی کورد لەباکووردا رایگەیاند: "وەک چۆن ژنان لەخەباتی شاخدا لەپێشەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بوون، لەم قۆناغەشدا هەر پێشەنگ دەبن و ئەوەش لەژمارەی ژنانی ناو د.ت.پ و هەروەها پێشوازیکردنی ژنانی باکوور لەگرووپەکانی ئاشتیدا بەباشی ئاشکرا بوو".

### هەنگاوەکانی AKP شەرمنانەن

ئەو ئەندامەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان لەسەر مەبەستی حکوومەتی پارتی دادوگەشەپێدان هۆشداری داو گوتی: "ئاکاپە یارییەکی خراپ دەکات، دەیەوێت فێڵ کات بەڵام بەزمانی زۆر جودا، بۆ نموونە یاسای پەشیمانی ژمارە٢٢١ یان هەندێک دەستکاری کردووەو دیسان هێناویانەتەوە رۆژەڤ. لەمەبەستی خۆیاندا راست نین". سۆزدار، رایگەیاند ئەوان وایاندەزانی کە گرووپەکان دەچنەوە تورکیاو لەو یاسایە کەڵکوەردەگرن، بەڵام ئەوان چوونە لای دۆزگەر و ئیفادەی خۆیان داو گوتیان قەت پەشیمان نین. ئەو، گوتی کە هەنگاوەکانی ئاکاپە شەرمنانەن و هێشتا زۆری ماوە کە بتوانن دەرگای دیالۆگ بکەنەوە.

### گۆڕانکارییەکانی ناو پەکەکە: دیداری ئەحمەد تورک و ئۆباما

ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی بۆش، پشتیوانی لەسیاسەتی شەڕخوازانەی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر پەکەکەدا کرد، بەڵام ئیدارەی نوێ بەسەرۆکایەتی باراک ئۆباما، سیاسەتێکی لیبەراڵانەو نەرمی بەرامبەر بەکوردی باکوور هەیەو کە ئەوەش دیدارەکەی ئەحمەد تورک و ئۆبامای لێکەوتەوە. ئاڤێستا لەوبارەیەوە دەڵێت: "گۆڕانەکانی ناو پەکەکە خولقێنەری دیداری ئۆباماو ئەحمەد تورک بوو. ئۆباما لەو دیدارەدا گوتبووی جاری یەکەمە کە لەگەڵ نوێنەرێکی کورد لەتورکیا دادەنیشم. پەکەکە ئەمریکا رەت ناکاتەوەو داوای هیچ دەستوەردانێکیشی لێ ناکات، بەڵام حەز دەکات وەک وڵاتێکی دیموکراتیک پشتگیری لەهاتنەکایەی کەشێکی دیموکراتیک و چارەسەری پرسی کورد بکات. داخوازییەکانی پەکەکە لەدەرەوەی لۆژیک نین ئێمە داوای کەلتوور، پەروەردە، سیستەمێکی بەڕێوەبەری لۆکاڵی و هەرێمێکی دیموکراتیک بەناسنامەی خۆمانەوە دەکەین".

### دەبێ نەتەوەیەکگرتووەکان گوشار بۆ تورکیا بێنێت

ئاڤێستا نەتەوەیەکگرتووەکان، هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی دەربارەی چارەسەری پرسی کورد لەباکووری کوردستان هەڵنەگرتووە. بۆیە، ئاڤێستا بەپێویستی دەزانێت کە گوشار بۆ تورکیا، بێنێت و رۆڵی خۆی لەچارەسەری پرسی کورددا ببینێت، چونکە کورد گەلێکی ئاشتیخوازەو ئەوەشی بەباشی سەلماندووەو پەکەکەش نوێنەری ئەو گەلەیەو لەئاسمانەوە نەهاتووەتە خوار، بۆیە کاتی هاتووە نەتەوەیەکگرتووەکان بەئاراستەی چارەسەریدا دەست بۆ پرسەکان بەرێت.

### "تەسلیمی زەردەخەنەی چانکایا نابین"

سۆزدار ئاڤێستا، گوتی کە دەوڵەت لەوەگەیشتووە کە پرسی کورد بەئۆپەراسیۆن، هێرشی هەوایی و شکانی، تەزکەرە، چارەسەر نابێت. "پرۆژەی کرانەوە، بەرهەمی رەنج و زەحمەتی گەلی کوردە، ئێمە حەز دەکەین سەر بگرێت، بەڵام لەهەنگاوەکانی ئاکاپە بەگومانین، هیوادارین "کرانەوەی کورد"، لەدڵەوە بێت. ئەگەریش وەها نەبێت خۆ ئێمە تەسلیمی زەردەخەنەی دەوڵەت نابین و تاچارەسەری هەمیشەیی لەهەموو بوارەکاندا درێژە بەکار و چالاکییەکانمان دەدەین".

www.netewe.com

## دوو کاربەدەستی یەکێتی قوتابیان

# هەڕەشەو ڕێگری لە پڕۆژەی کچێک دەکەن

هەولێر

دوای ئـەوەی کچێک بەناوی میدیا نەجمەدین دەست بەدروستکردنی پڕۆژەی باج، بۆ قوتابیانی ئامادەییەکانی هەولێر و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پـەروەردەی هەولێر مۆڵەتی یاسایی پـێـدەدرێـت، بـەگـوتـەی خـۆی لـەلایـەن دوو کاربەدەستی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، دوای هەڕەشەو ڕێگری، پڕۆژەکەی لێ دەدزرێت و یەکراست بەناوی ئەوانەوە دەکرێت تا بەوهۆیەوە قازانجی مادییان پێ بگات.

میدیا نەجمەدین تەمەن ٢١ ساڵ، کە لەقوتابخانەی ئـامـادەیـی هـەولـێـری کچاندا قوتابی پۆلی، شەشەمی وێژەییە، بیرۆکەی دروستکردنی باج، بۆ قوتابیانی ئامادەیی و ناوەندی لەلا گەڵاڵە دەبێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات. ئەم بیرۆکەیە وەک پـڕۆژەیـەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی قـوتـابـخـانـەکـەی دەکـات و کـاربـەدەسـتـانـی قوتابخانەکەشی بەگەرمی پێشوازی لەپڕۆژەکەی دەکـەن. میدیا نەجمەدین، جەخت لەمەبەستی خۆی لەو پڕۆژەیە دەکاتەوە، کە جگە لەقازانجی مادیی پێیوابووە، قوتابیانی ئامادەیی و ناوەندیش وەک قوتابیانی کۆلێژ و پەیمانگا مافی خۆیانە ببنە خاوەنی باج و بەدیاردەیەکی شارستانی زانیوە، چونکە قوتابیان دەتوانن لەداموودەزگا فەرمییەکاندا سوود لەو باجە وەربگرن و ئەگەر قوتابییەکیش دووچاری کێشەیەک هات، بەئاسانی دەناسرێتەوە کە کێیەو قوتابی کام قوتابخانەیە، بۆیە هەوڵی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی داوە.

### پڕۆژەکەی فراوان دەکات

ئەو کچە قوتابییە، پاش ئەوەی هەست دەکات، پـڕۆژەکـەی پێشوازی لێدەکرێت، هـەوڵـدەدات پڕۆژەکەی فراوان بکات و بۆ قوتابیانی هەموو ئامادەییەکانی شـاری هەولێر و دەورووبـەری، باج دروست بکات. میدیا نەجمەدین دەڵێت: "بۆ فراوانکردنی پـڕۆژەکـەم، لەمانگی تەمموزی رابـردووەوە، تـەواوی هەوڵی خۆم وەگەڕخست و سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردی هەولێرم کـرد و چـوومـە لای مامۆستا فـەیـسـەڵ، کە بەڕێوەبەری تەکنیکییە. لەلایەنی مەعنەویەوە



میدیا نەجمەدین قوتابی لە قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری کچاندا

لەدانانی نەخشەی کارکردنەکە زۆر هاوکارم بوو. ئەوە بوو منی نارده لای کچە کارمەندێکی سکرتاریەتی قوتابیان، بەناوی س، ئەویش هەوڵیدا یارمەتیم بدات و منی بردە لقی قوتابیان، لە لق، هەموو شتێکم بۆ روونکردنەوەو ژمارەی سەرجەم قوتابیانی ناوەندی و ئامادەییەکانی هەولێرم لەلابوو کە نزیکەی چل هەزار قوتابی دەبن. لەسەرەتادا زۆر دەستخۆشییان لێکردم و بیرۆکەکەیان زۆر لا جوان بوو، پاش ماوەیەک پەیوەندییان بە س، کردبوو و رەزامەندی خۆیان دەربڕیبوو هاوکاریم بکەن بەو مەرجەی من ببینن.

## قوتابیان کێشەیان بۆ دروستکردم

وەک میدیا نەجمەدین باسیدەکات، ئەندام بەشێکی یەکێتی قوتابیان، لەناوەندی پارێزگای هەولێر بەناوی هـ.ع، پەیوەندی پێوەدەکات و داوای لێدەکات کە "حەزدەکات لەشوێنێکی گشتی ببینێت"، بەڵام میدیا نەجمەدین ئەو داواکارییەی رەت دەکاتەوەو پێیدەڵێت، کە لەشوێنێکی فەرمی لەگەڵی دابنیشێت، بەڵام دواتر هـ.ع، پێیدەڵێت، کە لەپارکی هەولێر، دابنیشن. ئەویش لەگەڵ برایەکی خۆیدا دەچێتە پارک و هـ.ع، دەبینێت. میدیا نەجمەدین وەها باس لەدروستبوونی کێشەکەی لەگەڵ ئەو ئەندامەی یەکێتی قوتابیان دەکات،"هـ.ع، پێیگوتم، بۆ هەر باجێک ٢٠٠ دیناری چاپی تازە بۆ تۆ و واز لەو پرۆژەیە بهێنە. یان ئەوەتا دەبێت لەهەموو هەولێر، سێ قوتابخانە وەربگری. هەر ئەو کات لەمەبەستی هـ.ع، تێگەیشتم کە دەیویست قازانجی ئەو پرۆژەیە بۆ خۆی بێت کە بیرۆکەی من بوو و من لەگەڵیدا ماندووبووبووم". بەپێی قسەکانی میدیا نەجمەدین بۆ ئەوەی پرۆژەکەی لەدەست دەرنەچێت و جێبەجێی بکات. دەچێتە لای سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان،"چوومە لای سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و هەموو شتێکم بۆ باسکرد. ئەویش بڕیاریدا نووسراوێکم بۆ بکەن، تا پرۆژەکە جێبەجێبکەم، بەڵام جارێکی تر هـ.ع، پەیوەندی پێوە کردم و پێیگوتم، نرخی باجەکە گران دەکەین و لەهەرباجێک ٥٠٠ دینار بۆ ئێمەو ئەوەی مایەوە بۆ تۆ، لەکاتێکدا من هەموو کارەکان رابپەڕێنم بەبێ ئەوەی ئەوان ماندووبن و لەهەر باجێک نیوەی پارەکە بۆ ئەوان بێت".

دوو ئەندامەکەی یەکێتی قوتابیان یەکتر بەگەندەڵ وەسف دەکەن

میدیا نەجمەدین باس لەناسینی ئەندامێکی تری یەکێتی قوتابیان دەکات کە لەرێگەی ئەو کارمەندەی پێشووتر هـ.ع، ناسیویەتی."کوڕێکم ناسی بە ناوی س.ج، کە ئەندام بەشی سکرتاریەتی قوتابیانە. س.ج، پێیگوتم، کە کار لەگەڵ هـ.ع، نەکەم، چونکە"بە بەڵگە دەیسەلمێنم گەندەڵەو کاری یەکەمجاریشی نییە"، بەڵام دوای دوو رۆژ س.ج، پێیگوتم، کار لەگەڵ هـ.ع، بکە، منیش پێمگوت، دوو رۆژ پێش ئێستا پێتگوتم ئەو کوڕە گەندەڵە، س.ج، لەقسەکانی خۆی پاشگەز بووەوەو گوتی، من ئەوەم بە هـ.ع، نەگووتوە لەکاتێکدا ئەو وەسفەی لەبارەی هـ.ع، کردی لەسەرەتادا باسی کرد هەمان ئەو هـ.ع، بوو، بەڵام دەیویست کارەکان لەچنگی من دەربهێنێت". وەک میدیا نەجمەدین دەگێڕێتەوە، دوای ئەوە س.ج، پێیگوتووە، من کارێکی وات بۆدەکەم کە هـ.ع، لەپرۆژەکە بچێتە دەرەوە، چونکە لای "پاکیزە تەلعەت" بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر دەستم دەڕوات. ئەو کچە دەڵێت، هەوڵەکانی س.ج، بۆ ئەوە بوو تا خۆی لەپرۆژەکەدا بەشدار بێت، بەڵام لەدواییدا بۆم دەرکەوت س.ج و هـ.ع، ببوون بەشەریک. من نووسراوی فەرمی مامۆستا عەبدوڵڵا سابیرم پێبوو، بۆیە دەستم بەکارەکانم کردبوو و چووەمە قوتابخانەکان و دەستم بەدابەشکردنی باجەکان کرد و لەقوتابخانەکانیش پێشوازیەکی باش لەپرۆژەکەم کرا.

هەرەشەکردن

بەپێی قسەکانی میدیا نەجمەدین دوای ئەوەی ئەو ئەندامانەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەستدەکەن کە پرۆژەکەی سەرکەتوو دەبێت"لەسەر نووسراوەکەی من نووسراوێکی تریان دروستکرد. بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێمەوە، بەڵام لەپەروەردەی هەولێر گوتبوویان میدیا نەجمەدین ئاگای لێیە کە ئەو نووسراوە دەگۆڕین، مەبەستیشیان لەگۆڕینی ئەو نووسراوە ئەوە بوو کە ئەو چاپخانەیەی لەگەڵی رێککەوتووم بیگۆڕن و لەچاپخانەیەکی تر باجەکان چاپ بکەن. بەبێ ئەوەی ئەو چاپخانەیە هیچ عەیبێکی هەبێت. ساڵی رابردوو هەمان ئەو چاپخانەیە بەجوانترین شێوە باجی بۆ ئامادەیی هەولێر دروستکرد، بەڵام لەو هەوڵەشیاندا، مەبەستیان تەنیا پەکخستنی پرۆژەکەم بوو. یەکێک لەو قوتابخانانەی باجم تێدا دابەشکردبوو قوتابخانەی ئامادەیی نانەکەلی بوو. هـ.ع، چووبووە ئەو قوتابخانەیەو بەبەڕێوبەرەکەی گوتبوو، ئەو کچە سەربەخۆ ئەو کارە دەکات و هیچ نووسراوێکی فەرمی نییە.

میدیا نەجمەدین، باس لەبەردەوامی کێشەکان دەکات و سەرەرای هەموو گرفت دروستکردنەکان،





www.netewe.com

ئـەو، سـازش نـاکـات و بـــەردەوام دەبـێـت لەجێبەجێکردنی پرۆژەکەی، ئەمجارە بەتەلەفۆن رووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە کە دەبێت واز لەو پرۆژەیە بهێنێت ".ک، ئەندامی یەکێتی قوتابیانە، پەیوەندی بەبراکەمەوە کردبوو، هەڕەشەی ئەوەی کردبوو، کە ئەگەر واز لەپرۆژەکەم نەهێنم ئەوا لەدادگا داوام لەسەر تۆمار دەکات و دەستگیرم دەکەن".

## نیوەی پارەکە بۆ منەو تۆ منیش ناناسیت

بەپێی قسەکانی میدیا نەجمەدین ئەمجارە ئەندامێکی تری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەڕەشەی لێدەکات، کە هەر دەبێ لەو پرۆژەیە بەشداری پێ بکات."ب"، کە ئەندامێکی دیکەی ئەو ڕێکخراوەیە، پێیگوتم، هیچ چارەیەکت نییە جگە لەبەشدارکردنم لەو پرۆژەیەداو دەبێ نیوەی پارەکەش بۆ من بێت. نابێت لای کەسیش بڵێی ب، دەناسم".

## قەرزداری

دوای ئەوەی لەلایەن چەند ئەندامێکی یەکێتی قوتابیانەوە کێشەی بۆ دروست دەکرێت و ناهێڵن کارەکانی بەئاسایی بـڕوات، میدیا نەجمەدین دەڵێت:" لەژمارەیەک قوتابخانەکانی هەولێر، ئـەو باجەم دابەشکرد، بـەڵام پـارەی تـەواوم وەرنەگرتووەتەوە، چونکە نۆزدەهەزار باجم چاپ کـردووە، بڕی تێچوویشی نزیکەی ١٠ ملیۆن دینارە. ئێستا بڕی ٩ ملیۆن دینار قـەرزاری چاپخانەم و توانای گەڕانەوەی ئەو قەرزەم نییەو خاوەنی چاپخانەکەش داوای پارەکەم لێدەکاتەوە. خێزانی من توانای ئابووریان باش نییەو ناتوانم ئەو قەرزە بدەمەوە.

## وامزانی باجەکان بێ پارەیە

سەبارەت بەکێشەی میدیا نەجمەدین بەڕێوەبەری پـەروەردەی هەولێر عەبدوڵڵا سابیر، گوتی:" سەرەتا وامانزانی ئەو کچە بەخۆڕایی ئەو باجانە بۆ قوتابیان دروست دەکات، بۆیەنووسراومان بۆ کرد. ئەگەر بمانزانیایە پارە لەقوتابیانی هەولێر وەردەگـرێـت، ئـەوا ئەو نووسراوەمان نەدەکرد و رەتمان دەکـردەوە. کێشەی ئەو کچە، هیچ پەیوەندی بەئێمەوە نییە". ئـەوە لەکاتێکدا میدیا نەجمەدین دەڵێت، خێزانەکەی من باری دارایـیان باش نییەو لەهیچ شوێنێکی دنیاش کەس بێبەرامبەر پرۆژەیەکی وا ئەنجامنادات. کۆمپانیاش بێبەرامبەر شت بۆ کەس ناکات تا من بیکەم. میدیا نەجمەدین سەرسوڕمانی خۆی لەمەڕ هەڵوێستی بەڕێوەبەری پەروەردە رادەگەیەنێت و پێیوایە جێگای پرسیارە،" لەبەر چاوی مامۆستا عەبدوڵڵا سابیر، هەر قوتابییەکی ئامادەیی رزگاری بڕی ١٥٠٠ دینار وەردەگیرێت، بەڵام رێگەی بەمن نەدا بەنیوەی ئەو نرخە، ئەو کارە بکەم، ئەوەش جێی پرسیارە. لەکاتێکدا من لەلایەن پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، نـووسـراوی فەرمیم بۆ کـراوە، بـەڵام عەبدوڵڵا سابیر، بڕیاری پاکیزە خان، جێبەجێ ناکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێک کەس کە تەنیا مەبەستیان پارەخواردنە".

## کچێکی داهێنەرەو ئێمە یارمەتیمان داوە

ئەندام بەش بۆ کاروباری قوتابیان لەناوەندی پارێزگای هەولێر، هـ.ع، قسەکانی میدیا نەجمەدین خاوەنی پرۆژەی باجەکان، رەت دەکاتەوە کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵیدا هەبێت و بەپێی قسەی هـ.ع،"ئەو کچە، کەدەستی بەکارەکانی پرۆژەکە کرد، هیچ پرسێکی بەئێمە نەکرد. ئەو تۆمەتانەی کە میدیا نەجمەدین ئێمەی پێ تاوانبار دەکات کە گوایە هەڕەشەمان لێکردووە یاخود داوای ئەوەمان لێکردبێت، بێتە پارک، هەمووی تۆمەتی هەڵبەستراوەو هیچ بنەمایەکی راستی نییە، بەڵکو ئەو خۆی داوای لێکردم لە پارک یەکتری ببینین، ئەوپەڕی یارمەتیشمان داوە بەتایبەتی کە زانیمان کچێکی داهێنەرە. ە،لای خۆیەوە میدیا نەجمەدین بەوە تۆمەتبار دەکات، کە گوایە لەکاتی سەردانی بۆ قوتابخانەکان گوتوویەتی، ئەندامی یەکێتی قوتابیانم لەکاتێکدا ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان نییە. مەبەستیشیان لەگۆڕینی چاپخانە، جوانترکردنی باجەکان بووە، چونکە ئـەو باجانەی ئـەو دروستی کـردووە، کوالێتیان زۆر ناشیرین بووە. بەپێی قسەی ە، چەندجارێک بانگی میدیا نەجمەدین یان کردووە بۆ ئەوەی کێشەکەی چارەسەر بکەن، بەڵام ئەو رەتی کردووەتەوە." زانیمان دەیەوێت زۆرترین پارە، قازانج بکات. هەتا مۆبایلەکەشی داخست".

سەبارەت بەداخستنی مۆبایل میدیا نەجمەدین دەڵێت:" لەترسی هەڕەشەکانی ئەوان، مۆبایلم داخستووە، چونکە دەیانویست کارەکەم پێڕاگرن. لەبارەی گۆڕینی چاپخانەکەش، بەمنیان دەگوت، خاوەنی ئەو چاپخانەیە، سەرکردەیەکی دیارە من نامەوێت، ناوی ئەو بڵێم و دەیانوویست من بەوە بترسێنن".

سـەبـارەت بەهاریکاری رێـکـخـراوی یەکێتی قوتابیان، میدیا نەجمەدین دەڵێت، سکرتێری یەکێتی قوتابیان" هەرمان مایی" زۆر هاوکاری کردووە، ئەو ئەندامانە بەبێ پرس و ئاگاداری هەرمان، کێشەیان بۆ دروستکردووە."کاتێک کاک هەرمان، چوو بۆ تورکیا، دەروازەیـان بۆ واڵابوو و لەغیابی ئەو، دەرفەتیان وەرگرت. ک، بەبێ ئاگاداری من، چووەتە ئامادەیی رزگاری و باجی بۆ کردوون. دووقاتی منیش پارەی لێ وەرگرتوون".

## "حکوومەت ڕێگە نەدات مافم بخورێت"

بەرای بەڕێوەبەری گشتی پـەروەردەی هەولێر پاکیزە تەڵعەت، پێویستە بەجێی ئەوەی کێشە بۆ میدیا نەجمەدین دروست بکرێت، دەستخۆشی لێبکرێت."خاوەنی ئەو بیرۆکەیە مافی خۆیەتی پرۆژەکەی جێبەجێ بکات. من وەک بەڕێوەبەری گشتی پــەروەردە، نـووسـراوی فـەرمیم بۆ کـرد تا هـاوکـاری بکرێت". پاکیزە تەڵعەت، ئاماژە بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکـات، کە عەبدوڵڵا سابیرەو وەک گوتی ئەو، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە. پاکیزە تەڵعەت پێیوایە، دەبووایە بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر، خۆی ئەو کارەی کردبایەت و ڕێگەشی بەو کەسانە نەدابایەت، کە لەئامادەیی رزگاری، باجەکان بە دووقات بەسەر قوتابیاندا، دابەش بکرێت.

پاکیزە، نیگەرانی خۆی لەمەڕ هەڕەشەکردن لەمیدیا نەجمەدین دەردەبڕێت و بـەڕای ئەو، پێویستە ئـەو کەسانەی هـەڕەشـە دەکـەن، رووبەڕووی یاسا بکرێنەوە. میدیا نەجمەدین داوا لەبەرپرسانی حکوومەت دەکات،"رێگە چارەیەکم بۆ بدۆزنەوە، تاچارەسەریی ئەو کێشەیەم بکەم و دەست بەبڵاوکردنەوەی باجەکان بکەم، چونکە ژمارەیەکی یەکجار زۆر باجم لەسەر ماوەتەوە بایی نۆملیۆن دینارەو منیش توانای پێدانی ئەو پارەیەم نییە، خاوەنی چاپخانەکەش هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات، ئەگەر پارەکەی بۆ نەبەمەوە ئەوا لەدادگا داوام لەسەر تۆمار دەکات". بەڕای م. پێویستە سکرتێری یەکێتی قوتابیان، رێگە بەو کەسانە نەدات، بەئارەزووی خۆیان بیانەوێت مافی خەڵکیتر بخۆن و لەپێناو بـەرژەوەنـدی تایبەتی خۆیاندا، زیـان بەناوبانگی یەکێتی قوتابیان بگەیەنن".

بۆکان هیوا

www.newe.com

# "ژنە رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هاوپیشە ئەمریکییەکانیان پێشکەوتووترن"

کەرکووک

بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئەمنی لەکەرکووک، کاری رۆژنامەنووسی بەیەکێک لەو کارە سەختانە هەژمار دەکرێت، کە زۆرجار هەڕەشەی گیانی بۆ رۆژنامەنووس دروست دەکات و ژیانی دەخاتە مەترسییەوە، ئەمەش بووەتە ئاستەنگێک بۆ بەشداربوونی ژن لەم بوارەداو وایکردووە کە رێژەی ژنانی رۆژنامەنووس لەشارەکە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕنەکات.

لەگەڵ کەمی رێژەی کارکردنی ژنان لەبواری میدیاو هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە دەبنە رێگر لەبەردەم کارکردنیان، ژنانی رۆژنامەنوس توانیویانە رۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لەو بوارەدا کە لەتواناو کاری رۆژنامەنووسانی پیاو کەمتر نەبێت.

لەکاتێکدا ڕاگەیاندن پیشەیەکە، دەبێ ببێتە پردی گەیاندن لەنێوان حکوومەت و هاووڵاتیاندا، لەکەرکووک بەپێچەوانەوە ئەم کارە بۆتە سەرچاوەی ترس و دڵەراوکێی ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لەو بوارەدا کاردەکەن. لەسەردەمی رژێمی پێشوودا، کاری راگەیاندن تەنها لەچوارچێوەی دەزگایەکی تایبەت بەرژێم کۆنکرێت کرابوو، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، لەناوچەکە دەرگا بەڕووی کاری راگەیاندنی ئازاددا کرایەوەو زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئارەزووی کاری راگەیاندنیان دەکرد روویانکردە ئەو بوارە، هاوکات رێژەی بەشداربوونی ژنانیش زۆر کەم بوو. لەکاتێکدا چەند هۆکارگەلێک بوونەتە رێگر لەبەشدارنەبوونی ژنان لەبواری راگەیاندندا، وەک لایەنی ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، هاوکات ئەو هۆکارانەش لەبەردەم پیاواندا رێگرن.

هێمن کەریم، کە قوتابی قۆناغی چواری بەشی راگەیاندنە، ئەم قوتابیە هۆکاری بەشدارنەبوونی ژنانی بۆ تێڕوانینی خراپی کۆمەڵگا گەڕاندەوە، بەرامبەر بەپیشەی رۆژنامەگەری و پێیوایە خەڵکی بەچاوێکی خراپ دەڕواننە ئەو ئافرەتانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن، "تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئەو ئافرەتانەی چەند کاتژمێرێک لەدەرەوەی ماڵ



تیاری راس

دەبەنەسەر تێڕوانینێکی تەسکە، بۆیە دەبینین رێژەی بەشداربوونی ژنان لەدەزگاکانی راگەیاندن و بەشی پەیمانگا و زانکۆ زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ پیاوان". هەروەها گوتی: "زۆربەی ئەو کچانەی دەرچووی بەشی راگەیاندنن دوای دەرچوونیان لەکۆلیژ لەفەرمانگەکانی حکوومەت هەوڵی دامەزراندن دەدەن لەبری ئەوەی لەبواری راگەیاندن کاربکەن".

ژمارەی قوتابیان لەکۆلیژی راگەیاندن وەک هێمن باسیدەکات، لە ٥٠ خوێندکاری کوڕ و کچ پێکهاتووە، کە لەو ژمارەیە تەنیا ١٣یان کچن و ئەوانیتر کوڕن." بەکارکردنیان لەو بوارەدا، کچان بەردەوام لەدڵەڕاوکێ و ترسێکی زۆردا دەژین و هەروەها رووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ قسەو رەخنەی خەڵکی دەبنەوە". رۆژنامەنوس رەشا ئەمین، هۆکاری کەمی بەشداربوونی ژنانی لەوبوارەدا بۆ ناسەقامگیری باری ئەمنی گەراندەوەو کاری رۆژنامەنووسی وەک پیشەی "ماندوویەتی و مەترسیدار" پێناسە کرد. بەرای رەشا هۆکارێکیتری بەشدارنەبوونی ژنان لەو بواردا، بۆ نەبوونی هاوکاری و پشگیری حکوومەت گەڕاندەوە. رەشا دەڵێت: "یەکێک لەگرنگترین بەربەستەکان لەهەمبەر بەشداربوونی ژنان پرسی رەگەزەکەیەتی، چونکە ژن بوون و جوانی دەبێتە کێشە لەو بوارەداو زۆرجاریش کچ رووبەڕووی توانج و بێزارکردن دەبێتەوە".

رەشا، ئاماژە بەوەدەکات کە پێویستە حکوومەت و دەزگاکانی راگەیاندن زیاتر رێگا بۆ ئافرەت خۆشبکەن بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی ببینێت لەو بوارەدا، هاوکات داوا لەحکوومەت دەکات راوێژکارێکی ژن لەبواری راگەیاندن دابنێت.

رۆژنامەنوس عەبدولعەزیم بەدران، بۆچوونێکی ئەرێنی هەیە سەبارەت بە بەشداریکردن و رۆڵی ژنان لەبواری راگەیانداو دەڵێت: "رۆڵی ژنان شاراوە نەبووەو بەردەوام ئافرەت رۆڵێکی چالاک و دیاری هەبووە لەهەموو بوارەکانی راگەیانداو زۆرجار کێبرکێی پیاوانی کردووەو کارەکانی دەنگدانەوەی هەبووە".

هەروەها گوتی: "پێویستە ئافرەت توانای خۆی بسەلمێنێت بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی رێکخراوێک بکات کە دروشمەکەی بانگەشەکردنی یەکسانییە یان ئەو دروشمە سیاسییانەی کە تەنیا ناوی ژن بەکاردەهێنن وەک ریکلامێک بۆ هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دەنگی ژن مسۆگەربکەن، پێویستە ئافرەت شتی زیاتر پێشکەش بکات و بتوانێت بەشداری هەموو بوارەکان بکات، ئەوەی کە دەیەوێت بەهێز بەدەستی بهێنێت چونکە ئەو نیوەی کۆمەڵەو پێویستە نیوەکەی تریش کەپیاوە لەو راستییە تێبگەن و بەچاوێکی کەمەوە سەیری ژنان نەکەن".

"نەبوونی دەزگایەکی راگەیاندنی ئازاد یەکێکە

www.netewe.com

لەو هۆکارانەی کەوای لە ژنان کردووە، پەنا بۆ دەزگا حزبییەکان ببەن کە زۆرجار رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە، چونکە دەبێت پێڕەوی سیاسەت و ڕێبازی ئەو حزبە بکەن، کە کاری بۆ دەکەن. ئەمەش زۆرجار بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو رۆژنامەنووسە دەبێت، چونکە ئەو رێچکە حزبیە دەگرێتەبەر". ئەمەی سەرەوە قسەی رۆژنامەنووس دنیا، بوو کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نەیویست ناوی راستەقینەی خۆی ئاشکرا بکات. پاشان دنیا، ئاماژەی بەوەکرد، "رۆژنامەنووس لەبەر ئەوەی پیشەیەکی سەختە رووبـــەڕووی زۆر کێشەو ئاستەنگ دەبێتەوە بەتایبەتی لەلایەن خەڵکی ئاسایی و بەرپرسانەوە". دنیا گوتی: "من لەرۆژنامەیەک کـارم دەکـرد، وەک ریپۆرتەرێکی مەیدانی لەکاتی کارکردنم و گەڕانم لەنێو داموودەزگاکان بۆ وەرگرتنی زانیاری چەندینجار رووبـەڕووی تـەحـەروش و قسەی ناشیرین بـوومـەتـەوە، ئەمەش وایکردووە واز لەچوونەدەروە بهێنم و تەنیا لەدەزگاکەم بمێنمەوەو زۆرجار کاری تایپ و ئامادەکردنی هەواڵم کردووە، بەڵام بەرانبەر بەپارەیەکی کەمتر لەوەی کە پێشتر دەمکرد".

تیاری راس، رۆژنامەنووسێکی ئەمریکییەو یەکێکە لەراهێنەرە نێودەوڵەتییەکان لەپەیمانگای جەنگ و ئاشتی. تـیـاری، لەساڵی ٢٠٠٤ دا وەک رۆژنامەنووسێک لەعێراق و بەتایبەت لەکوردستان کار دەکات، ئەو خۆشحاڵی بەژمارەی رۆژنامەنووسانی ئافرەت دەربڕی لەو ناوچەیە بەتایبەت دوای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە پێیدا تێپەڕیوە. هیواخوازە کە ژمارەیەکی زۆرتری ژنان بێنە بواری رۆژنامەگەرییەوەو دەڵێت، "بۆچی ژمارەیان زۆر نەبێت". تیاری گوتی کە من پێموایە کاری رۆژنامەنووسی پێویستی بەکاتێکی زۆرە، چونکە گەڕان و سەفەری زۆری تێدایە،" پیاوان ناتوانن بیرۆکەی کارکردنی ژنان لەو بـوارەدا قبووڵ بکەن". ئاماژەی بەوەکرد کە پیاوان لەبری ئەوە پێیان باشە کە خێزانەکانیان یان خوشک و کچەکانیان لەکەشووهەوایەکی ئارامدا کاربکەن وەک دامەزراندنیان لەداموودەزگاکانی حکوومەت، بۆ ئەوەی ژنەکەی دوای کاتژمێر ٢ بگەرێتەوەو لەکاتی خۆیدا خواردنەکەی بۆ بکات. تیاری هەروەها گوتی: "پەروەردەکردنی منداڵ یەکێکە لەو رێگرییانە لەبەردەم ژنانی رۆژنامەنووس لەراپەراندنی کارەکەیدا، چونکە پیاوان هەرگیز یارمەتی ژنەکانیان نادەن لەبەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کاری ناوماڵ، بۆیە زۆربەی ئـەرکـەکـان جارێکیتر دەکەوێتەسەرشانی ئافرەتەکە". بەڕای تیاری، "رۆژنامەگەری ئەو بوارەیە کە پەیوەندییەک لەنێوان رۆژنامەنووس و دەسەڵات دروستدەکات، دەسەڵاتیش وەک دەزانین تەنیا گرنگی بەپیاو دەدات، بۆیە زۆر زەحمەتە بۆ ژنان ئەو ئاراستەیە تێکشکێنن، تەنانەت ئەمە لە ئەمریکاش هەروایە".

تیاری هۆکارێکتری غیابی ژن، بـەبـەراورد لەگەڵ پیاواندا لەبواری رۆژنـامـەگـەری، بۆ کەمی رێـژەی خوێندەواری دەگەڕێنێتەوە، "زۆربەی ئەوانەی خوێندەوارن یان دەرچووی کۆلیژن لەداموودەزگای حکوومەت دادەمەزرێن، بەتایبەت بواری وانە گوتنەوە، چونکە کاتێکی کەمی دەوێـت بۆ ژنـان بەپێچەوانەی بواری راگەیاندن. لەبواری میدیادا تاکە بوارێک بۆ ژنان تەنیا کارکردنە وەک ریپۆرتەر، بەڵام بەداخەوە هیچ بوارێک بەژنان نادرێت بۆ ئەوەی مومارەسەی پۆستە باڵاکانیتر بکەن، وەک سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین، چونکە ئەو پۆستانە بەردەوام بەپیاوان دەدرێت، بۆیە نابینین دەزگایەکی راگەیاندن هەبێت، کە ژن بەڕێوەی بەرێت".

تیاری لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەخاڵێکی گـرنـگـدا سـەبـارەت بـەشـێـوازی کـارکـردنـی رۆژنامەنوسانی ژن، لەکوردستاندا کە وەک خۆی دەلێت ئەو شێوازە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا بوونی نییە، "زۆربەی گۆڤارەکانی تایبەت بەژنان لەئەمریکا، تەنیا باس لەبواری مکیاژ و خـۆڕازانـدنـەوەی ژنـان و لایەنی سێکسی دەکـەن، بەڵام لێرە زۆر لەگۆڤارەکانی ژنان لـەبـواری سیاسەتدا دەنـووسـن و هەروەها چەند مەسەلەیەکی هەستیار دەخەنەڕوو کە زۆر گرنگن بۆ ژن، ئەوەش خاڵێکی بەهێزو پێشکەوتووە کە لەئاستی کاری ژنانی ئەمریکا بەهێزترە".



کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی ژنان لە ئەمەریکا



سەماح سەمەد

www.netewe.com


کۆمەڵایەتی
باجی حەلاو: پییففف... لەوپۆز لێدانەی
گەرترسی شێخ مەلاحاجی باوکمم
نەبووایە, شازی راپ و دیسکۆ
دەهاتمە دەرەوە.....
Sherwan.

# پیاوان زیاتر ئیرەیی بەدەوروبەر دەبەن یان ژنان؟

## پسپۆڕێکی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان: ئیرەیی لەهەموو مرۆڤێکدا هەیە

دهۆک

هەندێک لەپسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی، پێیانوایە ڕێژەی هەستکردن بەئیرەیی لەنێو ژناندا زیاترەو هۆکارەکەشی بۆئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێننەوە کە ژنانی تێدا پەروەردە دەکرێت. لەهەمانکاتدا پێیانوایە، ئیرەیی بۆیە زیاتر لەناو ژناندا هەستی پێدەکرێت، چونکە پیاو دەسەڵاتی باڵایەو ئەو شتەی ئیرەیی لێدەکات، دەتوانێت بەکردار جێبەجێی بکات، بەڵام ژن، لەبەر ئەوەی ناتوانێت وەکو پێویست باس لەگرفتەکانی بکات، دەبێتە گرێیەکی دەروونی و لەگەڵیدا گەورە دەبێت.

توێژەری کۆمەڵایەتی فازڵ عومەر، ئیرەیی بەسیفەتێکی خۆڕسک لەناو ڕەگەزی ژنان، وەسف دەکات و پێیوایە ڕەگەزی ژن، لەهەموو جیهاندا ئەو حاڵەتەیان تێدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە بیرکردنەوەی ژن، زیاتر سۆزی لەگەڵە. ئەو توێژەرە دەڵێت: "ئەو ژینگە تایبەتەی کە ژنان، لەکۆمەڵگادا تێیدا دەژین وەک پڕۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن، گرفتێکی ترە کە ژنان، دەبنە خاوەنی ئەم هەستە، چونکە لەسەرەتای تەمەنیاندا بەشێوەیەکی خراپ ئاراستە دەکرێن. ڕەنگە هەر ئەمەش وا بکات هەندێجار ژنان، ئیرەییان بەرامبەر بەئافرەتێکی دیکە هەبێت کە لەو جوانترە، یان خاوەنی هاوسەرێکی باش و ژیانێکی مادی باشترە".

هەندێک کەس پێیانوایە، کە ئیرەییی نەخۆشییەکی دەرونییەو کەسی ئاسایی هەست بەو حاڵەتە ناکات، بەڵام پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییە دەروونییەکان د. توانا عەبدولڕەحمان، ناودێرکردنی ئیرەیی بەنەخۆشی دەروونی ڕەت دەکاتەوەو بەبڕوای ئەو، سیفەتێکە لەهەموو مرۆڤەکاندا هەیە. وەک ئەو پزیشکە ئاماژەی پێکرد، لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە دوو تێور باس لەم سیفەتە دەکەن، (تیوری سیگمۆند فرۆید و تیوری فێربوون)، فرۆید دەڵێت، هەرتاکێک کە لەدایک دەبێت دوو غەریزەی هەیە، غەریزەی ژیان و مردن، ئەو دوو غەریزەیە مرۆڤ بەڕێوەدەبەن و تووشی نەخۆشییە دەروونییەکانی دەکەن.

ژنان، زۆرجار لەلایەن هاورەگەزەکانیان ڕووبەڕووی حاڵەتی ئیرەیی دەبنەوەو کە ئەم هەستکردنە زۆرجار دەبێتە ئاستەنگ لەهەمبەر پێشکەوتنی ژنان بەتایبەت لەبواری کارکردندا. بەرپرسی ڕێکخراوی هێلان، بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی ئافرەت، سەبریە بابەکر، ئیرەیی، بەسیفەتێکی دوولایەنەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەسفدەکات،" ئەو دیاردەیە لەنێو ژناندا گەشەی کردووە، بەتایبەتیش لەناو ئەو ژنانەی کە لەڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافی ژناندا کاردەکەن، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو دروشمەیە کە هەڵمانگرتووەو داوای پاراستنی مافەکانی ژنان، دەکەین". ئەم بەڕێوەبەرە ژیانی کارکردنی خۆی بەنموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت: "یەکێکم لەقوربانییەکانی ئەم حاڵەتە کە لەلایەن ئافرەتانی هاوپیشەمەوە ئیرەییم پێبراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە کارەکانم بەچالاکی ڕاپەڕاندووە، بۆیە زۆر قسەم لەدژ کراوەو بریندار کراوم".

نەرمین سندی، کچە بێژەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان، دەڵێت: "ئیرەیی لەنێو ئافرەتانی ڕۆشنبیردا زۆر هەستی پێدەکرێت، نموونە بەخۆی دەهێنێتەوە کاتێ لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بووە، لەلایەن ژنانی ترەوە ئیرەیی، پێبراوە.

بڕوا محەمەدی فەرمانبەر، ئیرەیی بەبەشێک، لەژیانی ژنان، وەسفکرد و گوتی: "هیچ ئافرەتێک نییە ئیرە نەکات. من کە ماوەی چوارساڵە پرۆسەی هاوسەرگیریم پێکهێناوە، لەسەرەتای ژیانی هاوسەریمەوە هەستم کردووە کە خێزانەکەم زۆری پێناخۆش بوو، کاتێ دەیبینی خزمەتی دایکم دەکەم، چونکە وایدەزانی کە دایکم لەو خۆشتر دەوێت. سەرەتا بەو هۆیەوە زۆر خەمم دەخوارد، بەڵام ئێستا گوێ بەئیرەیی خێزانەکەم نادەم".

> ژنان، زۆرجار لەلایەن هاورەگەزەکانیانەوە، ڕووبەڕووی حاڵەتی ئیرەیی دەبنەوەو دەبێتە ئاستەنگ لە هەمبەر پێشکەوتنی ژنان، لە بواری کارکردندا

یەکێک لەو هۆکارانەی کە بەڕای د. توانا دەبێتە هۆی دروستبونی ئەم حاڵەتە بریتییە لەهەستکردن بەکەمووکورتی و جیاوازی ڕەگەزی، دواتر ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو حاڵەتە، لەنێو ڕەگەزی مێدا بۆ تەمەنی ٣ ساڵی دەگەڕێتەوە، کاتێ ئەو منداڵە دەبینێت براکەی ئەندامی (نێرینە)ـی هەیەو ئەو نییەتی، ئیتر ئیرەیی تێیدا گەشە دەکات و لەگەڵی گەورە دەبێت، ژینگەی دەوروبەریش ڕۆڵێکی گرنگی لەدروستبوونی ئەم سیفەتەدا هەیە. هۆکارێکی تری ئیرەیی لەلای دکتۆر توانا، چەوساندنەوەو نەبوونی ئازادییە بۆ ئافرەت، چونکە مرۆڤ کە هەست بەتواناو بەهرەکانی خۆی بکات، ئەوا ئیرەیی کەم دەبێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو سیفەتە زیاتر دەبێت.

سەبارەت بەکاریگەری ئیرەییی لەسەر جەستەی مرۆڤ، د. توانا دەڵێت: "زۆربوونی ئیرەیی لەئافرەتاندا بەرەو چەندین نەخۆشی دەروونی و جەستەیی وەک (دڵ و بریندارbوونی گەدە)ی دەبات. زۆر نەخۆشی دەروونی وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و گومانکردن لەخەڵک دەرئەنجامی ئیرەیین". وەک باسی لێوەکرد کە ئەگەر دایک، ئەو سیفەتەی هەبوو، ئەوا بۆ کچەکەی دەگوازرێتەوە، چونکە دایک بۆ کچەکەی وەک قوتابخانەیەکە. بۆ نەهێشتنی ئەو سیفەتەش پێویستە ئافرەتان، بەدوای توانا شاراوەکانی خۆیاندا بگەڕێن و شانبەشانی پیاوان کاربکەن و خۆیان بەکەمتر لەپیاو، سەیر نەکەن. لەبارەی چارەسەری پرسی ئیرەیی سەبریە بابەکر، بەپێویستی دەزانێت کە ژنان، فێری کەلتووری یەکتر قبوڵکردن بن، ئەگەر کەسێک لەخۆیان بەتواناتربوو، دەبێت لایان ئاسایی بێت و لەجیاتی ئیرەیی بردن با ژنان، هەوڵی بەگەڕخستنی تواناکانیان بدەن.

**بۆکان هیوا**
bokan.hawler@yahoo.com



www.netewe.com

# له دهۆک عەبای خەلیجی جێی جلووبەرگی کوردی دەگرێتەوە

دهۆک

ژنانی پارێزگای دهۆک، بەشێوەیەکی بەربڵاو روویان لەپۆشینی عەبای خەلیجی کردووە. بەرگدوورێکی دوورینی عەبای خەلیجی، پۆشینی ئەو عەبایە بۆ هەرزانی نرخەکەی بەبەراورد لەگەڵ جلووبەرگی کوردی، دەگەڕێنێتەوە پسپۆڕێکی زانستە دەروونییەکانیش، بەردەوامبوونی ئەو دیاردەیە بەهۆکارێک بۆ رەشبوونەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی وەسف دەکات و پێیوایە، کە لەدرێژخایەندا زیان، بەبەرژوەندییە نیشتیمانییەکان دەگەیەنێت.
جلووبەرگ، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ پاراستنی مرۆڤ، لەکاریگەری کەشوهەوا بەکار دەهێنرێت، هێندەش لای زۆربەی نەتەوەکان، وەک هێمایەک بۆ جیاکردنەوەیان لەنەتەوەکانی دیکە بەکار هێنراوە، وەک کەلتووری میللەتەکە



ئازاد بەهجەت بەرگدوورێک لە دهۆک

> کووتاڵی عەبا لەئێران، میسر، سووریا و هیندستانەوە دەهێنرێت. دەستپێکی بەکارهێنانی عەبا، بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە ژنانی بیابان بۆ پاراستنی خۆیان لەتیشکی گەرما، عەبایەکی تەنکیان پۆشیوە.

ناسراوەو شانازیی پێوە کراوە. پۆشینی عەبای خەلیجی، کەلتوری وڵاتانی کەنداوی عەرەبەو لەوێدا بۆ وڵاتانی دیکەی ئاسیا بەتایبەت وڵاتە موسووڵماننشینەکان هێنراوە.
عەبا، جلووبەرگی تایبەتی نەتەوەی عەرەبەو لەکەنداوی عەرەبیدا بەو جلووبەرگە فۆلکلۆرییە دەڵێن"عەبا" و لەزۆر شوێنی دیکەی دەوڵەتانی کەنداویش پێیدەگوترێت،"دەفە". عەبا، لە حەریر و سوف و پەمۆ، دروست دەکرێت و بەرەنگە رەشەکەیدا دەناسرێتەوە. کووتاڵەکەی لەئێران، میسر، سووریا و هیندستانەوە دەهێنرێت. دەستپێکی بەکارهێنانی عەبا، بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە ژنانی بیابان بۆ پاراستنی خۆیان لەتیشکی گەرما، عەبایەکی تەنکیان پۆشیووە، کە سەرانسەری جەستەیانی گرتووەتەوە. راستە لەم سەردەمەدا دابوونەریتەکان زۆرجار دەگۆڕێن و شتی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە، بەڵام پەیدابوونی عەبای خەلیجی، لە کوردستان جێی سەرنجە، لەکاتێکدا جلووبەرگی ژنانی کوردستان، رەنگین و پۆشتە ترە، بەڵام ئێستا عەبا، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلای ژنان و کچانی کوردستان دەپۆشرێت. سەرەتای هێنانی عەبای خەلیجی، بەکرانەوەی دەروازەکانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەرووی وڵاتانی کەنداوی عەرەبییدا دەستی پێکرد، کە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، بازرگانە کوردەکان، لەدوبەی ئەم عەبایەیان بۆ بازارەکانی هەرێمی کوردستان هێنا. لەهەرێمی کوردستانیشدا پارێزگای دهۆک، دیارترین شوێنی پۆشینی عەبای کەنداوە کە وەک مۆدێک لای زۆرێک لەژنانی ئەو پارێزگایە دەپۆشرێت. ئێستا بەرگدوورەکان لەهەرێمی کوردستاندا بەهەمان شێوازی کەنداو عەبای خەلیجی، دەدروون و بەنرخێکی هەرزانتر لەوڵاتانی کەنداو بەهاووڵاتییانی، دەفرۆشنەوە. لەوبارەیەوە خاوەنی بەرگدووری سارا، بۆ دوورین و فرۆشتنی عەبای خەلیجی لەدهۆک، ئازاد بەهجەت گوتی:" پۆشینی عەبا، لەساڵی٢٠٠٧ـەوە پەرەی سەندووە، پێشتر خەڵکی زۆر کەم بەکاریان دەهێنا. زۆربەی کڕیاران، ئەو ژنانە بوون کە سەفەری دەرەوەیان دەکرد، یان بەمەبەستی چارەسەری تەندروستی روویان لەوڵاتانی کەنداو دەکرد". بەقسەی ئازاد بەهجەت، ئەوان ئەو عەبایە

www.netewe.com



لەخەلیجەوە ناهێنین، بەڵکو لەبازاڕی دهۆک دووکـانـدار خـۆی دەیـدووریـت و نرخی هەر عەبایەک لە پەنجا هەزارەوە بۆ دووسەدهەزار دینار دەبێت. ئەو جـۆرە عەبایە لەزاخۆ و دهۆک زیاتر لەشوێنەکانی دیکەی کوردستان بەکار دەهێنرێت. هەرلەوبارەیەوە دووکاندارێک بەناوی دلۆڤان، لەشارۆچکەی زاخۆ دەڵێت، رۆژبـەرۆژ کڕینی جلووبەرگی کـوردی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و سەرەکیترین هۆکاریشی بۆ گرانی نرخەکە دەگەڕێنێتەوە. "هەندێکجار نرخی دەگاتە دوو هەزار دۆلار و دوورینەکەشی دەگاتە هەشتا هەزار دینار، بۆیە خەڵکی روو لەو جۆرە عەبایانە دەکات کە هەرزانن و ئەو کەسە نایەن جلی کوردی بەو گرانییە بکڕن".

لەیلا، کە کچێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵەو دانیشتووی دهۆکە ئاسودەیی خۆی بەپۆشینی عەبای خەلیجی پیشاندا. ئەو هۆکاری پۆشینی عەبایش بۆ ئـەوە دەگەڕێنێتەوە کـە بەو هۆیەوە کەس نازانێت، جلەکانی کۆنن یان تازەن". فاتمە، ژنێکی تری تەمەن ٣٠ ساڵەو عەبایەکی رەشی پۆشیبوو، بۆچوونی وابوو کە عەبا، شتێکی باشە، چونکە پۆشینی زۆر ئاسانەو بەتایبەتیش ئەگەر ژن، قەڵەو بێت کەمووکورتییەکانی دەشارێتەوە. بەڵام بێوار موسا، کە گەنجێکی ٢٠ ساڵان و دانیشتووی دهۆکە، پێیوایە کە پۆشینی ئەو جۆرە عەبایە ژنی کورد ناشیرین دەکات، بۆیە بەپێویستی دەزانێت کە ژنی کورد، لەدەرەوە جلی مۆدە بپۆشێت و لەماڵیشەوە جلووبەرگی کوردی لەبەر بکات.

جیهانگەرایی، کاریگەری لەسەر داواکـاری هاووڵاتییان بۆ شتوومەک و کاری بازرگانان هەیەو ئەمەش وادەکات کە پۆشینی جلووبەرگی نەتەوەیەک روو لەنەتەوەیەکی تریش بکات. گرانی نرخی جلووبەرگی کوردیش هۆکارێکە، تا ئافرەتان روو لەپۆشینی عەبا، بکەن. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی ئێمەش نەیتوانیوە بریتێک بۆ عەبا بدۆزێتەوە، بۆیە ناچار بـووە ئەو جۆرە عەبایەی لەدەرەوە هێناوە. پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانستی ئابووری، لەزانکۆی دهۆک د. محەمەد شەعبان، لەبارەی پۆشینی عەبا، دەڵێت: "شتێکی سروشتییە کاتێک شتێکی نوێ بێتە بازاڕ و بەتایبەت ئەگەر لەچوارچێوەی یاسای (داواکـاری و چاولێکەری)دا بێت، چونکە بازرگان، لەناو بازاڕدا ئازادەو بەهیچ شێوەیەک شتێک ناهێنێت، ئەگەر داخوازی لـەسـەر نەبێت. هەڵە نییە ئـەگـەر بڵێین بازرگان شتێک لەناو بـازاڕدا دەچەسپێنێت، بەس هەندێک شت پێویستین و بازرگانیش کاڵایەک دەبینێت و دەزانێت کە چەندە لەناو بازاڕدا هەرمێنی هەیە". بە بۆچوونی محەمەد شەعبان، هەندێکجار بازرگان، لەبەرئەوەی جارێک قازانجی زۆری لەهێنانی کاڵایەک بینیووە، جارێکی تر هێنانی زیاتر دەکات و بەنرخێکی هەرزان دەیفرۆشێت، بەو شێوەیەش بـازاڕ دەخنکێنێت. ئـەو هەرزانییەش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کە کاڵاکە بکڕێت". د. محەمەد، هەروەها چاولێکەری، بە"رەفتارێکی ناشیاو" دەزانێت. لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی لەکڕینی ئۆتۆمبیل و جلووبەرگدا چاولێکەری دەکەن.

پسپۆڕی زانستە دەروونییەکان لەزانکۆی دهـۆک د. چـاچـان جـومـعـە، دەزگـاکـانـی ڕاگەیاندن و پەخشکردنی دراماکانی کەنداو لەتیڤیەکان، بەیەکێک لـەهـۆکـارەکـانـی بـڵاوبـوونـەوەی عەبا، دەزانـێـت و بۆچوونی وایە ئەگەر رێ لەبڵاوبوونەوەی جلی بیانی نەگیرێت، دەبـێـتـە هـۆی رەشـبـوونـەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و لەدرێژخایەندا زیان، بە بەرژوەندییە نیشتیمانییەکان دەگەیەنێت. ئەو دەڵێت: "عەبای خەلیجی، تایبەتمەندی و رەوشت و دابوونەریتی عەرەب بەرجەستە دەکات و دەیپارێزێت، چونکە ئەو ئارەزووانەی کە نـەتـەوەی عـەرەب هەیبووە لـەو جۆرە جلووبەرگەدا رەنگی داوەتەوە".

شارەزای بواری مێژوو مامۆستا نازم یاسین، لـەوبـارەیـەوە دەڵێت، کە هـەر نەتەوەیەک بەجلووبەرگی خۆیدا دەناسرێتەوەو کوردیش، وەک نەتەوەکانی دیکە جلووبەرگی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە گرنگی پێبدات. بەقسەی ئەو"لەم ساڵانەی دواییدا دیاردەیەکی ناشیرین کە لەئاستی کوردستاندا نییەو وەک چاولێکەری لێهاتووە بووەتە باو، ئەویش ئەوەیە کە ژنی کورد، عەبای خەلیجی لەبەر دەکات".

پسپۆڕی زانستە دەروونییەکان لەزانکۆی دهۆک د. چاچان جومعە، بەپێویستی دەزانێت کـە حکوومەت و دەزگـاکـانـی راگـەیـانـدن، هەوڵبدەن بایەخ بەجلووبەرگی کوردی بدەن و چەندین کۆمپانیای تایبەت بۆ دوورینی جلی کوردی، بکەنەوەو جلەکانیش بەنرخێکی گونجاو بفرۆشن. هاوکات مامۆستا نازم یاسین، داوا لەلایەنە بەرپرسیارەکان وەک وەزارەتی رۆشنبیری دەکـات کە سانسۆرێک بخاتە سەر ئەو دیـاردەیـەو رێگە نـەدات، هەندێک لە بارزگانەکان بۆ بەرژەوەندی کاتی خۆیان بارزگانی بەناسنامەی کوردستانییەوە بکەن و بریت بۆ جلووبەرگی خۆماڵی کوردستان بدۆزنەوە.

**حەمید سەبری**

www.netewe.com



# سیستەمی هاوسەرگیری چینایەتی گەنجە ئێزدییەکانی تووڕە کردووە

## ”دەبێت هاوسەرگیری لەناو چینەکانی ئێزدیدا حەڵاڵ بکرێت“

شێخان

هاوسەرگیری لەنێو ئێزدییەکاندا لەگەڵ ئایین و ئاینزاکانی دیکەدا زۆر جیاوازە، بۆ نموونە نابێت کچێک لەبنەماڵەی میر لەگەڵ کوڕێک لەبنەماڵەی شێخەکان هاوسەرگیری بکات، خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕی دوو چینی جیاوازی نێو ئێزدییەکان بەدەیانجار کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە. ئێزدییەکان لەسێ چین پێکدێن (شێخ، پیر، مورید). شێخ دەبنە زیاتر لە ٤ چەق (لق) کە هاوسەرگیری لەنێوان کچ و کوڕەکانیاندا ئەنجامنادرێت و پیریش کە دەبنە زیاتر لە٤٠ چەق ئەوانیش بەهەمانشێوە، بەڵام لەناو موریداندا کە زۆرینەی ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان پێکدێنن ڕێگرییەکی سەخت بۆ هاوسەرگیری نییە.

کچ و کوڕانی گەنجی ئێزدی لەو کەلتوورە تووڕەن. لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەوان بەدڵی خۆیان هاوسەرگیری ناکەن، بۆیە بەپێویستی دەزانن ئەو بەربەستەی لەڕێگەی هاوسەرگیری لەناو ئەواندا هەیە، هەڵبگیرێت و وەک ئێستا سنووردار نەکرێت. چونکە بەقسەی ئەوان چەندینجار شەڕو کوشتن لەسەر ئەو پرسە لەنێوان چینەکانی ئایینی ئێزدیدا پەیدابووە. وەک لەئایینی ئیسلامدا نەوەکانی موحەمەدی پێغەمبەر، لەگەڵ کوڕ یان کچی بنەماڵەیەکی دیکەو دوور لەخۆیاندا هاوسەرگیرییان دەکرد و هیچ ڕێگرییەکیان نەبوو، شەمۆ، کە گەنجێکی ئێزدیە خۆزگە دەخوازێت لەناو ئایینی ئەوانیشدا وەها شتێک هەبوایە، چونکە زیاتر لە ٣ ساڵە حەز لەکچێکی جیاواز لەچینەکەی خۆی دەکات و خێزانی کچەکە ڕازینین کچەکەی خۆیانی پێبدەن، چونکە لە"چینەکەی ئەوان نییە".

شەمۆ حەسۆ، گەنجێکی ئێزدییە لەگەڵ ئەوەدایە کە ژنهێنان لەناو ئایینی ئەوانیشدا وەک ئایینەکانی دیکە لەناو هەر سێ چینەکەدا حەڵاڵ بکرێت" گەنج، چ گوناهێکی هەیە، کە لەماڵە شێخانەو کچێکی خۆشدەوێت لەبنەماڵەی پیران و ناتوانن بگەنە یەکتر".

هاریمان خدر، گەنجێکی تری ئێزدیەو نیگەرانی خۆی لەمەڕ سیستەمی هاوسەرگیری ناو ئێزدیەکان دەربڕی. ئەو، قوتابی زانکۆیە ئاماژەی بەوە کرد، کە لەجیهاندا هەمووشتێک گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. پێویستە سیستەمەکەی ئەوانیش گۆڕانکاری بەسەردابێت. چونکە ئەو کەلتوورە لەگەڵ جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا ناگونجێت. کە ئەوە ڕای زۆر لەگەنجانی تری ئێزیدیە.

لەماوەی چەندساڵی ڕابردوودا هەندێک لەڕۆشنبیر و نووسەرانی ئێزدی کە خۆیان وەک "نوێخواز" دەناسێنن و بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی وڵات لەسایتە ئەنتەرنێتییەکاندا نوسین بڵاودەکەنەوە، چەندین گوتار و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی "حەڵاڵ" کردنی هاوسەرگیری لەنێوان ئەو چینانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بڵاوکردووەتەوە، بەڵام تائێستا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە.

یەکێک لەو نووسەرە ئێزدییانە کازم، سیستەمی پێڕەوکردنی هاوسەرگیری چینایەتی لەناو ئێزدیەکاندا بە" نالۆژیکی" وەسفکردو گوتی" ئەگەر هاوسەرگیری لەنێوان خوشک وبرا، خاڵ و خاڵۆزا، مام وبرازا، حەرام بێت شتێکی عاقڵانەو لۆژیکییە، بەڵام ئەو سیستەمەی کە لەناو ئێمەی ئێزدیدا کە سیستەمێکی چینایەتی پێڕەو دەکات لەو لۆژیکە بەدوورە".

نووسەرێکی ئێزدییان بەناوی زوهێر کازم عەبود، پێکهێنانی کۆنفرانس یان کۆبوونەوەیەک لەنێوان ڕووناکبیران و ئایینییەکاندا بۆ چارەسەری ئەو پرسە بەگرنگ دەزانێت. ئەو لە گوتارێکی خۆیدا نووسیویەتی"با بەعاقڵانەو بوێرییەوە باس لەچارەسەری سیستەمی هاوسەرگیری لەنێو ئێزدییەکاندا بکەین، تا لێکتێگەیشتنێک پەیدا بێت و ڕووناکی مۆمێک لەو ڕێگا تاریک و درێژەدا بدۆزرێتەوە، بەبێ ئەوەی پیرۆزییەکان پێشێل بکرێن و وەک مەرهەمێ بێت بۆ گیانی برینداری ئەو گەنجە کچ و کوڕانەی ئێزدی و لەو ڕەنج و ئازارە نەبڕاوە ڕزگاریان بێت".



www.netewe.com




**بۆنەیەکی ئایینی ئێزیدیەکان**

لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خێری بوزان، بەتوندی دژی ئەو داوایەی گەنجانی ئێزدیە، کە داوای حەڵاڵکردنی هاوسەرگیری لەناو چینەکاندا دەکەن. خێری، ئەو داوایە بەباش نازانێت و ئەگەری جێبەجێبوونیشی بە" ئەستەم" دەزانێت. ئەو دەڵێت:" ئەوە ئێزدییایەتی لەناو دەبات، چونکە ئەگەر شتێکی وەها ڕوویدات، ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەبێت کە هاوسەرگیری لەنێوان ئێزدی و ئایینەکانی دیکەدا حەڵاڵ بکرێت و بەو شێوەیەش ئایینی ئێزدییەکان دەتوێتەوەو بەدروستی لەماوەی٥٠ ساڵدا ئێزدی نامێنێت". پیرەمێردێکی ئێزدی تەمەن٦٥ ساڵ هاوڕای خێرییەو پێیوایە، ئەو کەلتوورە لەبابوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوەو ئەو کەسانەی کە جمووجووڵێکی وەها دەکەن"ژەهر" دەخەنە ناو ئێزدییەکان، بۆیە باشترە هەتاهەتایە ئەو کەلتوورە بپارێزرێت و ئەو کەسانەیش کە "داوای ئەو گۆڕانانە دەکەن سزا بدرێن".

ئێزدییایەتی یەکێک لەئایینە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و خاکی مێزۆپۆتامیایە، کە خاوەن دابوونەریت و ئەخلاقیاتی کۆنی خۆیەتی و تائێستایش پێداگیری لەسەر دابوونەریت و کەلتووری باوباپیرانی خۆیان دەکەن و نایانەوێت گۆڕانکارییە جیهانییەکان ئەوان بگرێتەوە. وەک کوردە کریستیان و موسڵمان و جوولەکەکان ئێزدییەکان وەک نەتەوە کوردن. ئێزدییەکان لەلایەن موسووڵمانەکانیشەوە ٧٢ جار فەرمانی قەتڵوعام لەدژیان ئەنجامدراوە. کۆمەڵناسێکی ئێزدی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بەوارڤینی ڕاگەیاند:"چەندین کێشە لەسەر پرسی هاوسەرگیری نێوان چینەکان دروست بووەو شێرڤان نەمری، بەنموونە هێنایەوە کە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٧دا حەزی لەکچێکی چینێکی تر دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی پێیاننەدا خۆی کوشت. شێرڤان گەنجێکی ئێزدی تەمەن ٢٤ ساڵان بوو، ماوەی٣ ساڵ بوو کچێکی لە غەیری چینەکەی خۆی خۆشدەویست، هەرچی کرد نەیتوانی بەخۆشەویستەکەی بگات، بۆیە گوللەیەکی بەدڵی خۆیەوە ناو کۆتایی بە ژیانی هێنا". ئەو کۆمەڵناسە، شێرڤان، بە قوربانی ئەو دابوونەریتە دەزانێت و بەرای ئەو، پێویست بوو لەدوای شێرڤان، بەدوای چارەسەریدا گەڕابان تا گەنجانێکی تر نەبنە قوربانی و هەمان ڕێگەی شێرڤان، هەڵنەبژێرن. سەبارەت بەباسکردنی ئەو نموونەیە بەڕێوەبەری کاروباری ئایینی ئێزدی لەوەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی:"ئەگەر ڕێگە بەو جۆرە هاوسەرگیرییە بدرێت، کێشەکان زیاتر دەبن و کەمتر نابن. زۆرینەی ئێزدییەکان لەگەڵ ئەوجۆرە هاوسەرگیرییەدا نین و هەموو حاڵەتەکانیش وەک شێرڤان، نین. هەندێکجار لەساڵێکدا نموونەیەکی وەها پەیدا دەبێت". خیری بۆزان، جەختیشی لەوە کردەوە، کە" نە ئەنجوومەنی رۆحانی و نە میریش ناتوانن بڕیارێکی وەها دەربکەن. چونکە لە ئایینی ئێزدایەتیدا وەک ئایینەکانی دیکە فەتوا نییە".

لەناو ئێزدییەکاندا دوو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بەسیستەمی چینایەتی هەیە، کە یەکێکیان لەبۆچوونی خیری بۆزان، نزیکەو دەڵێت، یەکێک لە محەرەماتەکانیانەو ئەوی دیکەش لەبۆچوونی زوهێر کازم، نزیکە کە ئەو سیستەمە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت، ئەو پرسە هیچ پەیوەندییەکی بەپیرۆزییەکانی ئایینی ئێزدایەتییەوە نییە. زۆربەی ئێزدییەکانی باشووری کوردستان لەناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان وەک شنگال، بەعشیقە، شێخان و موسڵ دەژین. بەقسەی خیری، ڕێژەی ئێزدییەکان لەجیهاندا خۆی"لەقەرەی زیاتر لەملیۆنێک دەدات".



**بەرەڤان ئەحمەد**

# شۆفیرێك دەستدرێژی سێكسی دەكاتە سەر كچێكی نەخۆش

دهۆک

کچێکی هەژدەساڵان، دوای ئەوەی کە دەزگیرانەکەی دەکوژرێت. تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و بەپێی گوتەی باوکی کچەکە، زووزوو لەماڵ دەردەچێت و جاری وا هەبووە شەویش نەگەڕاوەتەوە. حەفتاوپێنج ڕۆژ، بەر لەئێستا ئەو کچە بزربووەو نەگەڕاوەتەوە ماڵ، بەڵام بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ پۆلیس و ماڵەوە دەکات.

کچێکی ١٨ ساڵان بەناوی (س)، لەرۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ لەکۆمەڵگەی بلدێشای سەر بەشارەدێی ئەتروش، بزربووەو ماوەی٧٥ ڕۆژ کەس نەیدۆزییەوە، تەنیا هەندێک کەس لەرێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام کەس شوێنی نیشتەجێبوونی نازانێت. وەک باس دەکرێت، دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژییەوە دەستگیر کراوە ٩٤، ژمارەی تەلەفۆن لەناو موبایلەکەیدا هەبووە کە لەرۆژی بزربوونییەوە پەیوەندییان پێوەکردووە. (ح)، باوکی (س)، لە لێدوانێکیدا بۆ وارڤین، ئاماژەی بەبزربوون و تێکچوونی باری دەروونی کچەکەی دەکات" لە ٢٤ /٨/٢٠٠٩ من لەسەر کار بووم، ئاگادارکرامەوە کە کچەکەم لەماڵ دەرچووەو نەگەڕاوەتەوە.

هەروەها ئاگاداربووم کە دایکی پێیگوتووە، ئەگەر باوکت بگەڕێتەوە ماڵ پێیدەڵێم بتکوژێت، چونکە کچەکەم گوێی بەدایکی نەدەدا، زۆر شتی ماڵی دەشکاند و تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو، بۆیە لەترسان بۆ درەوە دەرۆیشت."زۆر جاریش شەو و رۆژ، لەماڵ دەردەچوو و ماوەیەکی درێژیش نەدەگەڕایەوەو لەگەڵ هەندێک کوڕ پەیوەندی هەبوو. کچەکەم ساڵێک لەمەوپێش مارە براوی کوڕێک بوو، کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵدا هەبوو و دەیانوویست هاوسەرگیری بکەن، بەڵام دەزگیرانەکەی کوژرا. لەوکاتەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە".

بەپێی قسەکانی (ح)، کچەکەی بەتەلەفۆن گوتوویەتی، ئەو کەس نەیرفاندووەو خۆی ڕۆیشتووەو ئێستا لەماڵی ناسیارێکە، بەڵام ئەو " هەر دەیدۆزێتەوە" چونکە (س)، بڕی دوو ملیۆن دیناریشی لەگەڵ خۆیدا بردووە کە پێشتر ئەو لەماڵی دراوسێکەیان دایnabوو.

هاوکات هەڕەشە لەکچەکەی دەکات"ئەگەر بیدۆزمەوەو ئەمجارە بکەوێتەوە دەستم دەیکوژم، هەرچەندە ئێستا ناتوانم شوێنەکەی بدۆزمەوە".

لەلایەکی دیکەوە کچێک بەناوی (س. ش) کە دەستەخوشکی (س)ە، باس لەهۆکاری رۆیشتنی (س) دەکات و دەڵێت:" ڕۆیشتنی (س)، پەیوەندی بەگرفتە دەروونییەکەیەوە هەیە، چونکە ئەو، ساڵێک لەمەوپێش مارەکرابوو و دەزگیراندار بوو، بەڵام دەزگیرانەکەی پێشمەرگە بوو و لەموسڵ کوژرا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە (س)، تووشی نەخۆشی دەروونی ببێت". سەبارەت بە بزربوونی (س)، پۆلیسێک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت گوتی:"لەرۆژی ونبوونی (س) بەدواداچوونی بۆ کراوە. زانیمان کە (س)، لە کۆمەڵگەی بلدێشاوە بۆ دهۆک، ڕۆیشتووەو لەگەراجی شارۆچکەی ئامێدی لەگەڵ ژنێکدا قسە دەکات و بەناوی (ە) و پاشان لەگەڵیدا دەچێتە ماڵەکەی کە لەشارۆچکەی شیلادزێ دەبێت. هاوسەری ئەو ژنە لەزینداندا دەبێت و ژنەکەش هەر ١٥ ڕۆژ جارێک بۆ بینینی مێردەکەی سەردانی چاکسازی دهۆکی دەکرد و (س) لەگەڵ خۆی بردووە".

بەپێی لێدوانی ئەو پۆلیسە (س)، بۆ ماوەی ٥٢ ڕۆژ لە شیلادزێ، لەماڵی ئەو ژنەدا ژیاوەو لەوکاتەدا، دوو هێڵی تەلەفۆنی لەلا بووە. ماوەیەک یەکێکیانی هەڵدەگرت و پەیوەندی بە گەنجانەوە دەکرد و لەم ڕۆژانەدا نزیکەی ٩٤ ژمارەی نەناسراو پەیوەندییان پێوە کردبوو. دوای ماوەیەک (س)، بەژنەکە دەڵێت کە دەیەوێت بچێتە دهۆک بۆ ماڵی خاڵی و ژنەکەش، مادام کە ماڵی خاڵی بووە ڕێگری لێ نەکردووە. لەگەڵ چوونیدا، پەیوەندی لەگەڵ گەنجێک کە شۆفیری تاکسییە، دروست دەکات. گەنجەکە دانیشتووی کۆمەڵگەی کورا، دەبێت. (س)، لەگەڵ خۆی دەباتە کۆمەڵگەی دومیز، لەماڵی خۆی دادەنێت، ئەوکات ماڵی خاڵی کوڕەکە بۆ سەردانێک چووبوونە ئوردن و چەند ڕۆژێک کەسیان لەماڵ نەبووە. وەک ئەو پۆلیسە باس دەکات" (س)، بۆ ماوەی ٤ شەو لەگەڵ ئەو گەنجەدا بەتەنیا لەو ماڵە چۆڵە دادەژێت و لەماوەی ئەو ٤ شەوەشدا، ئەو کوڕە، تێک چوونی باری دەروونی (س)، بەهەل دەزانێت و شەوانە ١ یان ٢ جار لەگەڵی سێکس دەکات. دوای چوار ڕۆژ کوڕەکە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژییەوە دەکات و (س)، دەداتە دەستیان و دەڵێت:" من هیچ شتێکم لەگەڵ (س)، نییە و تەنیا خێرخوازم".

سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەدهۆک بەوارڤینی ڕاگەیاند:" (س)، دانی بەوەداناوە کە هەر چوار شەوەکە ئەو کوڕە سێکسی لەگەڵدا کردووە، بەڵام کوڕەکە ئەوە ڕەت دەکاتەوە. ڕاپۆرتی داد پزیشکیش دەڵێت (س) هێشتا کچە". بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست وارڤین کەوتوون، دوای لێکۆڵینەوە (س)، براوەتە شوێنێکی نادیار و تەندروستیشی زۆر باشە، بەڵام لەرۆژی١ /١٠/٢٠٠٩ شۆفیری تاکسییەکە دەستگیر کراوەو تائێستاش لەزیندانیە، بەڵام ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە کاری سێکسی (س)، دا لەگەڵدا کردبێت.

هێژا شێخ مەمی

www.netewe.com

# کێ گێچەڵی سێکسی بە ژنی کورد دەکات؟



حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

تاقە دیاردەیەک کە هەموو کۆمەڵگەکانی جیهان کۆکن لەسەری و هاوشێوەن، بریتییە لەدەستدرێژیکردنە سەر ڕەگەزی مێ، دەستدرێژییەکەش جۆر و شێوەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەجیاوازی ڕەگەزیو جێندەرییەوە بگرە تا دەگاتە بەکارهێنانی توندوتیژی دەروونیو جەستەییو دەستدرێژی سێکسیو لاقەکاری بەتۆپزیو کوشتنو سووتاندنی ژن. لەڕووی یاساییەوە ئەم دەستدرێژییانە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەگەیەنن و بەتاوان ناودێر دەکرێن و سزا چاوەڕێیانە. لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا یاسا سەروەرەو بێ جیاوازیو بەیەکسانی بەسەر پادشاو گەدا، دا جێبەجێدەکرێتو دەستدرێژکار بەسزای ڕەوای خۆی دەگات. بەڵام هەندێک شێوازی دەستدرێژی بۆ سەر ژن هەن، کە زۆر ئاشکرا نین و شاراوەن و بەپێی دابوونەریتو کەلتووری هەر کۆمەڵگایەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ڕێژەیەکی زۆر لەدەستدرێژکاران وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن. ئەم دیاردەیە حاڵەتێک فەراهەمدەکات لەلایەکەوە تاوانبار و کەتنکار بەردەوام دەبن لەڕشتنی ژەهری خۆیان و لەلایەکی ترەوە ڕەگەزی مێ (دەستدرێژی بۆ سەرکراو) دەبنە قوربانی و فێردەبن ببنە کۆیلەو کەسێکی وەرگر و بێدەنگ و ڕازی و دەستەمۆ. فێردەبن ڕاستی بشارنەوەو بەدزییەوە خیانەت بکەن، بەڵام بابزانین ئەم حاڵەتە چۆن هەڵدەسووڕێ و کێن ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر ژن؟

ئەوەی کە من مەبەستمە، دەستدرێژی سێکسییە بۆ سەر ژنی کورد لەکۆمەڵگای ئێستای کوردستاندا. لەزۆر جێگە تەعەدا و دەستدرێژی و هەوڵی لاقەکاری دەکرێتە سەر ژن و کچی کورد و زۆربەشیان ئاشکرا نابن و چەندجارەش دەبنەوەو تاوانکار بۆی دەردەچێت. ژنی کورد لەنێو خێزاندا، بەرێژەیەک کە (داتاکان ونن و لەبەردەستدا نین) لەلایەک باوک یان براوە بەرێژەیەکی کەم لێرەولەوێ دەستدرێژی دەکرێتە سەر، بەڵام لەلایەن مێردی دایکەوە (باوەپیارە)وە بەرێژەیەکی زۆرتر هەوڵی لاقەکردنی ژن یان کچی کورد دەدرێت. لەلایەن ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزاوە ڕێژەکە بەرزتر دەبێتەوە. هەروەها لەلایەن دەر و دراوسێو کەسووکارەوە بەگشتی، ژن و کچی کورد دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و هەر ڕەگەزی مێیە کە گورزی کوشندەی بەردەکەوێتەوە و دەستدرێژیکاریش قووتار دەبێت.

لەنێو دامودەزگاکانیشدا دیسانەوە، زۆرێک لە بەرپێوەبەرو بەرپرسی دەزگا حکوومیو حیزبی، دەتوانن بەئاسانی دەستدرێژی بکەنە سەر ژنان و لەبەر شەرم و ناوزڕاندنو بەرژەوەندی لایەنی ژنەکە پەردەپۆش دەبێت. لەسەر شەقام و بازاڕ و لەکۆڵانەکانیشدا دیسانەوە ژن نقورچی لێدەگرێت و دەستدرێژی جەستەییو دەروونی دەکرێتە سەر، ژن لەدیدی پیاوەوە حیسابی نێچیرو دامرکەرەوەی سێکسی بۆ دەکرێت. بەجەستەیەکی نەرموونیانو خۆراکێک دادەنرێت کە لەکەسێتییەکی لاواز، بێهێز، شەرمن، بێدەنگ و ڕەزامەندا حەشاردراوە. شەرعییەت و ڕەوایەتی دەست بۆ بردن و پەلاماردانیشی لای پیاوەوە فەرمانی بۆ دەدرێت. لەدوو جێگەی دیکە، بوار دەڕەخسێت بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژن، کە ئەویش نێو تەکسی و دووکانی جلووبەرگ و ماکیاژ فرۆشییەکانە. بەڵام لەزانکۆ، کلینیک، عەیادەی پزیشکی و لەخەستەخانەدا بوار بڕەخسێت بۆ پەلامار و دەست بۆ بردنو دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر ژنان جێگەی داخو خەفەتە. ئەو سێ جێگایە مینبەر و شوێنی ناچاری و پێویستی و پیرۆزن، سێ شوێنن کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو خەبات و کۆششی نەپساوە و بەردەوامی بۆ بەرپاکراون کە لەخزمەت و هاوکاری مرۆڤدان. ئەوانەی لەم سێ شوێنەدا کاردەکەن دەبێت وەک گاندی، ڤۆڵتێر، مادام تێرێزا و عیسای مەسیح لەخزمەت بەرزراگرتنی بەهای مرۆڤ و ئاسوودەکردنی تەندروستی و ژیانی مرۆڤدا بەردەوام کار بکەن. وەک فریشتە ڕەفتار بنوێنن. بەڵام زۆر بەپێچەوانەوە لەو جێگایانەدا بەنهێنی و نیوە ئاشکرا پەلاماری ژن دەدرێت. دەستدرێژی دەکرێتەسەر نامووس و بەهای بەرزی ڕەگەزی جوان و بێگوناهی ژن و بکەرەکانیش لەدکتۆرەوە بۆ کاڵفام بێخەم و بێتاوان بۆی دەردەچن!

www.netewe.com

# ” هاوسەرەکەم سووتاندمی و منیش بەهەشتیم“

دهۆک

پیاوێک، دوای ئـەوەی خوشکەکەی دەکوژێت و ژنەکەی دەسووتێنێت، دادگـا، تەنیا ماوەی چوارساڵ بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەبڕێتەوە. ماڵی باوکی ژنەکە داوای تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە لـەدادگـا دەکـەن، چونکە ژنەکە بەرلەمردنی گوتەی لەسەر مێردەکەی داوە، بەوەی کە ئاگری تێبەرداوەو خوشکەکەشی کوشتووە.

”سوتاندنی سەفیرا لەلایەن مێردەکەی“، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی سووتانی ژنان، یەکێکە لەو پرسیارانەی کە تاکو ئێستا لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان و میدیادا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە کە ئایا ژنـان خۆیان دەسووتێنن یان دەسووتێنرێن. سەفیرا، دانیشتووی کۆمەڵگەی شیلادزێی سەر بەشارۆچکەی ئامێدییە، خاوەنی ٣ منداڵە، دوای ئەوەی لەلایەن مێردەکەی دەسووتێنرێت، بەپێچەوانەی هەموو ئـەو ژنانەی کە نهێنی سووتانەکەیان بەمەرگ دەسپێرن، دان بەتاوانی مێردەکەیدا دەنێت و گوتەکەی بەکاسێتێک بەر لەمردنی لەلایەن لێکۆڵەری داد تۆمار دەکرێت. هاوکات بەبڕیاری دادگا تەنها سزای چوار ساڵ زیندانی بەسەر مێردەکەیدا دەسەپێنرێت. بەپێی ئاماری بانکی زانیاری مافەکانی مرۆڤ، لە٩ مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا لەپارێزگای هەولێر ٥٦ حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنـان، لەسلێمانی٦٤ حاڵەت، لەدهۆک ٥ حاڵەت، لە کەرکووک ١٠ حاڵەت تۆمارکراوە. هەروەها لەپارێزگای هەولێر لەماوەی ئەو ٩ مانگەدا ٤٩ حاڵەتی سووتان لەسلێمانی ١٣٧ حاڵەت، لەدهۆک ٣ حاڵەت، لەکەرکووک ٩ حاڵەت تۆمارکراوە. هەروەها چەندین ١١ حاڵەتی سووتانی نادیاریش لەو چوار پارێزگایە تۆمار کراوە.

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندووتیژی دژ بەژنان لەشاری هەولێر ژیلەمۆ قادر، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین ڕایگەیاند کە، بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ڕێژەی خۆسووتاندنی ژنان لەکوردستاندا کەم بووەتەوە. نەقیب ژلەمۆ گوتی:“ لەماوەی چوار مانگی دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٩ تەنها ٥٥ حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان بەشێوازی ئەنقەست و نادیار تۆمارکراوە“. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان لەکابینەی پێشوو د. جینان قاسم، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی ڕاگەیاند:“بەپێی ئەو زانیاری و ئامارانەی کە دەستم کەوتووە ڕێژەی سووتان بەپێچەوانەی حاڵەتی کوشتن کە ئەمساڵ کەمتر بووەتەوە، تادێت ڕوو لەزیادبوون دەکات“. د. جینان، هۆکاری سەرەکی خۆسووتاندنی ژنان بۆ ڕێـژەی هـەژاری و نەبوونی هۆشیاری ژنان دەگەڕێنێتەوە“.

سەفیرا و شەوکەت، ماوەی ٨ ساڵ بوو ژیانی هاوسەرییان پێکهێنابوو و لەکۆمەڵگەی شیلادزێ دەژیان. سەفیرا، ڕۆژێک بەر لەمردنی لەدادگای لێکۆڵینەوەی دهۆک، دان بەتاوانی هاوسەرەکەیدا دەنێت و دەڵێت:“مێردەکەم دوای لێدانێکی زۆر گازی پێداکردم و ئاگری تێبەردام“. بەڵام شەوکەت کە مێردی سەفیرایەو تەمەنی ٣٣ ساڵە، لەدادگای قسەکانی سەفیرای ڕەت کردووەتەوەو گـوتـوویـەتـی:“مـن ئـەوم نـەسـووتـانـدووە“. لەکاسێتێکدا کە بەر لەمردنی سەفیرا، تۆمارکراوەو لەلای پۆلیس و داواکاری گشتییەوە پارێزراوە، سەفیرا، ئاماژەی بەوە کردووە کە ماوەی چوار مانگ بووە لەگەڵ لەگەڵ شەوکەتی مێردی شەڕیان بووە،“ چونکە دەیەوێت ژنێکی تر بهێنێت و بەو هۆیەشەوە هەڕەشەی کوشتنی لەمن دەکرد“. دوای کۆتاییهاتنی دادگاکە، بنەماڵەی سەفیرا، نارەزایی خۆیان لەمەڕ بڕیاری دادگا دەربڕی و ڕایانگەیاند کە تاوانباری وەها چۆن دەبێ“ تەنیا چوار ساڵ حوکم بدرێت“.

ئـەوە جێی سەرنجە لـەدادگـا تاوانێکی تری شەوکەت، ئاشکرا بوو کە سێ ساڵ لەمەوپێش خوشکێکی خـۆی کـوشـتـووە، بـەڵام سـزای ئـەو تاوانەشی تەنیا ساڵێک و شـەش مانگ زیندانیکردن بووە. وەک زانـراوە، خوشکەکەی شەوکەت، براژنی سەفیرا بووە، بەڵام شەوکەت، دانی بەوەداناوە کە بەدەستی خۆی خوشکەکەی کوشتووەو گووتوویەتی:“لەکاتێکدا کە یاری بەکلاشینکۆفەکەی کردووە، گوللەیەکی لەدەست دەرچووەو بەر خوشکەکەی کەوتووە“. تاوانی دووهەمی شەوکەت، بۆ بـەرواری ٢٠٠٨/٩/١٢ دەگـەڕێـتـەوە. لەدەستپێکی دادگـادا، ئاماژە بەگوتەکانی سەفیرا، کرا کە بەر لەمردنی لەدادگای لێکۆڵینەوە تۆمار کراوە،“من ٣ منداڵم هەبوو، شەکەوت، زۆرجار بەدار لێیدەدام و دەیدامە بەر زللەو پێیدەگوتم ژنت بەسەردا دەهێنم. ڕۆژێک هاتەوە ماڵ و هەڕەشەی لێکردم و پێیگوتم، دەتکوژم و ژنێکی تر دەهێنم. زۆری لێدام و منداڵەکانی بۆ ژوورێکیتر برد و لەژووری نوستندا گازی پێداڕشتم و ئاگری بەردایە جەستەم و بانگی منداڵەکانمی کرد و گوتی، وەرن دایکتان خۆی سووتاند“. لەوبارەیەوە لێکۆڵەری داد، گوتی:“ ئەو قسانە هەموویان ڕاستن و بەر لەوەی سەفیرا، بمرێت، لەنەخۆشخانەی سووتان و جوانکاری چومە لای و پێیگوتم، هاوسەرەکەم گازی پێداڕشتووم و سووتاندمی، پێیدەگوتم ژنێکی دیکەت بەسەر دەهێنم“. لێکۆڵەری داد لەدرێژەی قسەکانیدا کە سەفیرا سووتاوەو ئەوان وەک دادگـای لێکۆڵینەوە لەلایەن دوو برای ژنەکەوە لەکێشەکە ئاگادار کراونەتەوە“. هەروەها سەرۆکی دادگـای تاوانەکان، ئەو لێکۆلەرەی هێنایە دادگـا بۆ ئـەوەی گوێیان لەقسەکانی سەفیرا بێت، کە بەرلەمردنی لەسەر سییدیەک تۆمارکراوە، سەفیرا لەبەشێک لە قسەکانیدا دەڵـێـت:“چـۆن منی سـووتـانـدووە وەهـایـش هاوسەرەکەم بسووتێنن“. (چ)، کوڕی سەفیرایەو تەمەنی١٠ ساڵانە بەدادوەرانی گوتووە:“ئەوکاتەی دایکم سووتێنراوە من لەماڵ نەبووم، بەڵام کە هاتمەوە دایکمم بینی ئاگری تێبەرببوو“. بابەکر،

www.netewe.com



**دیمەنی ژنێکی سووتاو لەکاتی نەشتەرگەریدا**

باوکی سەفیرا، لەدادگا ئامادەبوو و داوای مافی کچەکەی دەکرد گوتی،"من بەچاوی خۆم نەمبینیوە کە چۆن کچەکەم سووتاوە، بەڵام کاتێک لەنەخۆشخانەبوو من سەردانم کرد و ئەویش پێیگوتم،"شەوکەت، منداڵەکانمی لەماڵ کردە دەرەوەو دەرگای لەسەر داخستم و گازی پێداڕشتم. بۆیە من سکاڵا لەمێردەکەی دەکەم و داوای مافی کچەکەشم دەکەم". دایکی سەفیرا، لەبارەی سووتانی کچەکەیەوە دەڵێت:" کاتێک گەیشتمە لای لەنەخۆشخانەی ئامێدی کچەکەم پێیگوتم،"دایەگیان خـۆت پـەرێشان مەکە مێردەکەم سووتاندمی و منیش بەهەشتیم". کچەکەم لەبواری عەقڵی و دەروونییەوە تەواو بوو و هیچ کێشەیەکی نەبوو. دوایین قسەی سەفیرا، ئەوە بوو کە شەوکەت، بەگاز سووتاندوویەتی. ســەردار، بـرای سەفیرا، بۆ وارڤـیـن، ئاماژە بەهەبوونی بەڵگەی تەواودەکات کە سەفیرای خوشکی مـێردەکـەی سووتاندوویەتی:"من بەڵگەم هەیە کە سیدییەکی تۆمارکراو لەدەنگی خوشەکەکەمە، کە تێیدا گووتوویەتی ئەو خـۆی نـەسـووتـانـدووە، بەڵکو هاوسەرەکەی سووتاندوویەتی. شەوکەت، ژنەکەی منیشی کوشت، بـەڵام دادوەر تەنیا حوکمی٤ ساڵی بەسەردا سەپاند، بۆیە من بەهیچ شێوەیەک ئەو بڕیارەی دادگا قبووڵ ناکەم". راپۆرتی دادگا کە دەنگی تۆمارکراوی سەفیرای لەگەڵە، کە دەڵێت:"هاوسەرەکەم منی سووتاند"،چەندینجار لەمیانەی دادگاییکردنەدا دووبارە کرایەوە، بەڵام بەپێی راپۆرتە پزیشکییەکان، هیچ ئاسەوارێکی لێدان لەسەر جەستەی سەفیرا نەبووەو ئەوانەش هەبوون هەموویان ئاسەواری سووتان بوون و سەلمێندرا کە سەفیرا، لەئەنجامی سووتاندا گیانی لەدەستداوە. لەگەڵ ئەوەی سەفیرا، خۆی دانی بەوەداناوە کە ماوەی چوار مانگبووە لەگەڵ هاوسەرەکەی ناکۆک بوون و رۆژانـە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لێیدراوە، بـەڵام شەوکەت، قسەکانی سەفیراو خێزانی و شاهیدان و رەت کـردەوەو سوێندی خوارد کە ئەو هاوسەرکەی نەسووتاندووە،" هاوسەرەکەم خۆی سووتاوەو من ئاگام لەسووتانی نییە، کاتێک خۆی سووتاندووە، من لەماڵ نەبووم. ماوەی ١٣ ساڵە سەفیرا، هاوسەری منەو تائێستاش براکانی لەگەڵ من یەک قسەشیان نەکردووە. من هەرگیز لەسەفیرام نەداوە، بەڵام ئەو پێیدەگوتم، دراوسێکان دەڵێن، تۆ ژنێکی تر دەهێنیت". شەوکەت، بەرلەئێستا بەتۆمەتی کوشتنی خوشکی خـۆی دادگایی کراوەو ساڵێک و شەش مانگ سزای بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام دوای کوشتنی خوشکەکەشی بـەدادوەری گوتووە،"من کڵاشینکۆفم خاوێن دەکــردەوە، گوللەیەک لەدەستم دەرچــوو و بەر خوشکەکەم کـەوت و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا". داخستنی ئەو کێشەیەش هاوکات بوو لەگەڵ سزایەکی نوێدا. ئەویش ئەوەیە کە بەپێی قسەکانی سەفیراو شاهیدەکانی، ئەو سەفیرای سووتاندووە، بۆیە سزای چوار ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوەو دەبێت ٤ ملیۆن بداتە خێزانی سەفیراو شەش ملیۆن، دیناریش لەچاودێری کۆمەڵایەتی دابنێت، تا منداڵەکانی پێ بەخێو بکەن. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەم کێشەیەدا ئەوە بوو کە خێزانی سەفیرا، دوو پارێزەریان گرتبوو تا مافیان نەخورێت. بۆیە پاش ئەوەی کێشەکە داخرا، ئەوان نارازیبوونی خۆیان دەربڕی و تێهەڵچوونەوەیان بۆ کێشەکە کردەوە. خێزانی سەفیراش چاوەڕوانی سزایەکی توندتر بۆ شەوکەت دەکەن.

**هێژا شێخ مەمی**

www.netewe.com

# لە دەڤەری بیتوێن ژن لوتی دەبڕدرێت و لەحەوت ساڵیشەوە مارەبڕ دەکرێت

ڕاپیە

ئامارەکان، دەستنیشانی ٣٧٣٦ حاڵەتی مارەبڕینی کچی بچووک، لەناوچەی بیتوێن دەکەن، هاوکات چەندین حاڵەتی پێدانی ژن، لەبریتی سوڵحی عەشایەری لەو ناوچەیە هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی یاسای باری کەسێتی دەبێت ئەنجامدەری مارەبڕی گەورە بەبچووک، زیندانی بکرێت.

ژنهێنان بۆ کوڕان، بەرێگەی گەورە بە بەچووک، یان ژن بە ژنەو پێدانی دوو تا سێ کچ، لەجیاتی هێنانی کچێک، یەکێک لەنەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووە، کە تائێستاش لەهەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان، ژنان قوربانی ئەو نەریتەن. بەپێی بڕگەیەک لەیاسای باری کەسێتیی هەرێمی کوردستان، ئەو کەسەی گەورە بەبچووکی لە پڕۆسەی هاوسەرگیری بکات، لەگەڵ ئەو مەلایەی کە پڕۆسەکە ئەنجامدەدات بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەدرێت. بەڵام جێبەجێکردنی ئەو کارە لەناوچە عەشایەرنشینەکاندا سەختە کە کچێک ئەو حاڵەتەی هەبێت و بتوانێت سکاڵا لەدادگا تۆمار بکات.

دەڤەری بیتوێن، یەکێک لەو دەڤەرانەیە کە تائێستا مارەبڕینی کچی منداڵ و گەورە بەبچووک، لەو شوێنەدا وەک نەریتێک ماوەتەوە. کچانی ئەو دەڤەرە نیگەرانن لەوەی وەکو کاڵایەک ڕەفتاریان لەگەڵ کراوەو بێئەوەی بەرژەوەندی و ڕەزامەندی ئەوانیان لا گرنگ بووبێت، بەشوو دراون. زۆرجاریش پێنج کچ، لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەخشراون.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لەرانیە، ٣٧٣٦ کچی بچووک، لەهەریەک لەناوچەکانی، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتەو پشدەر مارەبڕاون، کە تێیدا لەچوارقوڕنە،١١١١ کچ، حاجیاوا، ٨٤٦ کچ، بێتواتە،١٨٧ کچ و پشدەر ٤٨٠ کچ، دەگرێتەوە.

## ”لە٧ ساڵییەوە مارەبڕاوم“



لوقمان حاجی قادر

ناوچەی بیتوین، دیارترین ناوچەی هەرێمی کوردستانە، کە بەردەوام ژنان، لەو دەڤەرەدا قوربانی دەستی پیاوانن. لەرێژەی کوشتندا زۆرترین ژنێک لەهەرێمی کوردستان لەو ناوچانە بەدەستڕێژی پیاوان کوژراون و ئێستایش جۆرێکی تری کوشتن کە لەو ناوچەیەدا پیادە دەکرێت کوشتنی حەزی ژنە کە لەتەمەنی منداڵییەوە مارەبڕ دەکرێت، یان بەبێ ڕەزامەندی خۆی لەبریتی سوڵحێکی عەشایەری، وەک کاڵایەک دەبەخشرێت. کێشەی شوکریە حەمەد، نموونەیەکی بەرچاوی قوربانی ژنە لەو ناوچەیەدا، کە لەبریتی ژنی مامی لەتەمەنی٧ ساڵییەوە مارەبڕ دەکرێت و کە گەورەش دەبێت شووی پێناکات و لە تەمەنی ٥٠ ساڵیشەوە تەڵاق لە پیاوەکە وەردەگرێت. شوکریە، دەڵێت:“لەتەمەنی ٥٠ ساڵیدا، ڕۆژێک بەنهێنی ماڵەوە لەدادگا سکاڵام تۆمارکرد و تەڵاقم لەپیاوەکە وەرگرت. من بۆیە شووم پێنەکرد، چونکە ئەو زۆر لەمن گەورەتربوو و هاوکات خێزانداریش بوو“. بەڵام بەگوتەی شوکرییە، کاتێ باوک و براکەی بەوەدەزانن کە ئەو چووەتە دادگاو مارەبڕینەکەی بەتاڵ کردووەتەوە، لەلایەن ئەوانەوە کێشەی بۆ دروستدەکرێت و بۆ ماوەیەکی زۆریش قسەی لەگەڵ ناکەن،“هەرچەندە من مەبەستم شووکردن نەبوو و چونکە لەو تەمەندا ڕووم نییە باسی شووکردن بکەم“.

ژنێکی تر بەناوی بەهار، تەمەنی ٣٢ساڵە. ئەویش یەکێکە لەو ژنانەی لەبریتی سوڵح بەشوو دراوە. بەگوتەی خۆی کاتێ شووی کرد، پیاوەکە ژنێکی تری هەبووە.“ هاوسەرەکەم شتی هەڵبەستراوی بۆ ژنەکەی دروست دەکرد، دواتر سووکایەتیان بەژنەکە کرد بەوەی کە لوتیان بڕی و لەماڵدا دەریان کرد، لەکاتێکدا ئەو ژنە هیچ تاوانێکیشی نەبوو. دەیویست هەمان ڕەفتاریش لەگەڵ من بکات و زۆر ئازاری دەدام. بە قسەی دایکی دەکرد و بیانوویان پێدەگرتم. منداڵێکی ژنەکەیتر کە کەمئەندامبوو لەگەڵ دوومنداڵی خۆم بەخێوم دەکرد. ڕۆژێک بەیانی زوو خەریکی ئامادەکردنی چێشتی بەیانی بووم. پەلاماری دام و خەریک بوو بمخنکێنێ، زۆر ئازاریدام، منیش ڕامکرد، بەڵام نەمتوانی بۆ ماڵی بابم بڕۆم، چونکە ئەوان قبوڵیان نەدەکردمەوە. ماوەی ٣ ساڵ بوو، ماڵی باوکم هاتووچۆیان نەدەکردم لەبەر پیاوەکەم، ئەگەرچی تاوانیشم نەبوو. ئەوان بەزۆر منیان بەشوو دابوو، بەڵام دەیانگوت، ئەگەر تۆ واز لەو پیاوە بێنی، سوڵحەکە هەڵدەوەشێتەوە. جگە لە من دوو کچی تریش لەبریتی ئەو سوڵحە بەخشرابوون“.

شەنگە، کچێکی تەمەن ١٧ساڵانەو قوتابییە، ئەویش بەمنداڵی لەبریتی ژنی مامی، مارەبڕاوە. ئەو کوڕەی ئەوی لی مارەبڕاوە ژنی هەیە، بەڵام ئامادەنییە دەست لەشەنگە هەڵبگرێت. وەک شەنگە، گوتی:“ناتوانم بڕۆمە دادگاو لەوێ تەڵاق وەربگرم، لەبەرئەوەی ئەوان باوەڕیان بەجیابوونەوەی مەلایەو دەبێت لای مەلا، تەڵاق وەربگرم“.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لەرانییە لوقمان حاجی قادر، هەبوونی ئەو دیاردانە

www.netewe.com




لەو دەڤەرەدا پشتراستدەکاتەوە کە ئەوان بەهەماهەنگی یەکێتی زانایان لقی ڕاپەرین، یەکێتی ژنان لقی ڕاپەرین و ناوەندی کۆمەڵایەتی ڕانییە، لیژنەیەکیان پێکهێناوەو لەسنووری بیتوێن و پشدەردا لەماوەی کارکردنیاندا زیاتر لە٢٨ کێشەی کچانی مارەکراویان چارەسەر کردووە. دواتر ئەو لیژنەیە کارەکانی کردووەتە پرۆژەیەک و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت ئەو کچانەی بەمنداڵی مارەبڕاون، ئازادبکرێن.

لوقمان خدر، گوتیشی:"چەند بەرنامەیەکیان سازکردووە لەڕێگەی ڕاگەیاندنیشەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەیان داوە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە،" زۆر لەو کەسانەی کچی بچووکیان لێ مارە بڕابوو خۆیان پەیوەندییان پێوەکردین و ئامادەبوون بێبەرامبەر واز لەو کچانە بێنن".

سەبارەت بەوەرگرتنی ئەو ئامارەی، لەئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان دەستیان کەوتووە، لوقمان، گوتی:"ئێمە کۆپی ئەو ئامارەمان، بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ ناردووە. هەروەها کۆپییەکیشمان بەیەکێتی زانایان و یەکێتی ژنان و ناوەندی کۆمەڵایەتی داوە. لەبەرئەوەی ئەوکاتە، حکوومەت یەکگرتوو نەبوو، لەڕێگەی وەزارەتی مافی مرۆڤەوە، بۆ حکوومەتی سلێمانی بەرز کرایەوەو لەوێوە نوسراوەکە ئاراستەی وەزارەتی داد کرا، تا لێکۆڵینەوەی پێویستی بۆ بکرێت. ئەوانیش لەچەند خاڵێکدا، وەڵامی پرۆژەکەیان داوەتەوە، بەڵام بەر لەوەی بکرێت بەیاسا حکوومەتی هەرێم، یەکیگرتەوەو بابەتەکە پشت گوێ خرا. لەمانگی ٦/٢٠٠٦، پرۆژەکە بەپەرلەمانی یەکگرتوو دراو لەوێدا گفتووگۆی لەسەرکرا. لەناو پەرلەمانیشدا سیمینارێکی بۆ بەسترا. دواتر بڕیاردرا لیژنەی یاسایی، سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوەو یاسایەکی بۆ دەر بکەن، بەڵام تائێستا هەرماوەو خراوەتەناو یاسای توندووتیژی دژی ژنان و بەیەکێک لەبەندەکانی ئەو یاسایە دانراوە".



ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان لەپەرلەمان، پەخشان زەنگەنە، جەختی لەسەر کارکردنی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردەوەو باسی لەدەرچوونی بڕیارێک کرد کە خراوەتە پاڵ یاسای باری کەسێتی و لەو یاسایەدا هاتووە:"هەر خێزانێک کە کچی بچووک مارە بکات، ئەوا دەبێ دایک و باوک و ئەو مەلایەی کە مارەی کردووە لەگەڵ شاهیدەکان، زیندانی بکرێن. سەرەتا گوتیان، دەبێ بڕێک پارە بدرێت، بەڵام ئێمە ڕەزامەندیمان لەسەر ئەوە نەبوو و پێمانوابوو، ئەوە کڕین و فرۆشتن بەژنانە. یاساکە، یاسای ژمارە١٥یە کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا، بڕیاردرا هەر کچێک کە مارەبڕابێت، دەتوانێ بچێتە دادگا سکاڵا تۆمار بکات و بەبێ هیچ بەرامبەرێک تەڵاق وەربگرێت، ئێستا ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت، بەڵام ڕەنگە لەناوچە عەشایەرییەکاندا سەخت بێت، کە کچ بتوانێت لەدادگا سکاڵا تۆمار بکات". ئەندامی خولی نوێی پەرلەمان و لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان، هاژە شێخ سلێمان، سەبارەت بەکارکردن لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا گوتی:"تائێستا ئێمە هیچ پرۆژەیەکی وامان لەبەردەستدانییە، کە کاری لەسەر بکەین و پەرلەمانیش نەکەوتووەتە، دۆخی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆی و دانیشتنەکانمان تەواو نەبووە، بەڵام لەبەرنامەماندایە کە کاری باش بۆ مەسەلەی ئافرەتان بکەین". سەبارەت بەڕێگەدان بەمارەبڕینی کچی بچووک لەلایەن کەسە نزیکەکانی کچەوە، مەلا ئەحمەد، شارەزا لەبواری ئایین، گوتی:"مارەبڕینی کچی بچووک، بەبێ ڕەزامەندی کچەکە، لەلایەن بەخێوکەری کچەکە، کە باوک یان باپیرەیەتی، دروستە. بەڵام بەمەرجێک کە کوڕەکە هاوکوفی خۆی واتە لەتەمەنی خۆیدا بێت و لەکاتی مارەبڕینیشدا، دەبێ ئەندازەی مارەییەکەی ماڵی هەبێت و نابێت دوژمنایەتی لەنێوان ماڵی کچەو کوڕەکەدا هەبێت. ڕەسەنایەتی و پیشەیان وەکو یەک بێت، تادوایی خۆیان بەسەر یەکدا فەرز نەکەن". بەبێ هەبوونی ئەو پێنج تایبەتمەندییە، مارەبڕینی کچی بچووک، دروست نییە.



**گوڵە ئەحمەد**

www.netewe.com

## بەبەراووورد لەگەڵ ساڵی رابردوو:

# رێژەی تەڵاق لە دهۆكدا جێگیرە

دهۆک

ژنێک، لەدادگا لەکاتی بڕیاری جیابوونەوەی لەهاوسەرەکەی، بەدەم هەنسکەوە گلەیی لەبەختی ژنانی ئەم کۆمەڵگایە دەکردو دەیگوت" سەرەڕای هەموو ئەو بەدبەختییەی بەسەرم هاتووە، لەبەرئەوەی تەڵاقم وەرگرتووە. کۆمەڵگەش نیشانەی پرسیارم بۆ دادەنێت. ئەگەر هۆکارەکە خەتای مێردەکەشم بێت، لەروانگەی کۆمەڵگاوە هەر من تاوانبارم، کەواتە دەبێ ژن، ئیهانەی مێردو دەوروبەریش قبووڵ بکات، ئەگەرنا پێیدەڵێن، خراپە".

### جۆرەکانی تەڵاق


بەپێی رێنماییەکانی ئایینی ئیسلام، تەڵاق لەدەستی پیاواندایەو تا پیاو، بەژنەکەی نەڵێت تەڵاقم داوی، ژن، تەڵاق نادرێت. تەڵاق، دوو جۆری هەیە ئەوانیش، (تەڵاقی رەجعی و تەڵاقی بائێن). تەڵاقی رەجعی، ئەو جۆرەی تەڵاقەیە، کە پیاو دەتوانێت لەماوەی (عدە)دا ژنەکەی بگەڕێنێتەوەو ئەگەریش ژنەکەی رازی نەبێت، دەتوانن لەسەر گرێبەستە کۆنەکەیان بگەڕێنەوە لای یەک. تەڵاقی بائێن، دوو جۆرە، بائن بینونە سغری و بائن بینونەی کبری. بائن بینونە کبری ئەوەیە، کە مرۆڤ ناتوانێت بگەڕێتەوە لای ژنەکەی لەماوەی "عدە"، بەڵام دەتوانێت بەگرێبەست و مارەییەکی نوێ بیگەڕێنێتەوە. بائین بینونەی کبری، بەهیچ شێوەیەک ژن و مێرد بۆیان نییە کە بگەڕێنەوە لای یەکتر. تەنیا مەرجێکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژنەکە شوو بەپیاوێکی دیکە بکات و تەڵاق بدرێت یان مێردەکەی بمرێت، ئەوکات مێردە پێشووەکەی دەتوانێ لەخۆیی مارە بکاتەوە.

### رێژەی تەڵاق لە پارێزگای دهۆکدا

بەپێی ئامارەکانی دادگای دهۆک لە (٢٠٠٨/١/١ تا ٢٠٠٨/٦/٣١) سی و حەوت حاڵەتی تەڵاق هەبووە. لەهەمان ماوەدا، لە٢٠٠٩/١/١ تا ٢٠٠٩/٦/٣١، ٤١ حاڵەتی تەڵاق هەبووە کە بەبەراوورد لەگەڵ شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا رووی لەزیادبوون کردووە. لە٦ مانگی یەکەمی ٢٠٠٨دا



محەمەد ئەحمەد رەسول



دادوەر مەریوان

٨٢ داوای لە یەکجیابوونەوە و ١٦ حاڵەتی تەڵاق، پەسەندکراوی دەرەکی هەبووە. لەشەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا ٧٠ داوای لێکجیابوونەوەو ١٥ تەڵاقی دەرەکی هەبووە. لەشەش مانگی دووهەمی ساڵی٢٠٠٨دا، واتە لە٢٠٠٨/٧/١ تا ٢٠٠٨/١٢/٣١، ٤٥حاڵەتی تەڵاق و ٥٢ داوای لێکجیابوونەوەو ٦ حاڵەت لە تەڵاقی پەسەندکراوی دەرەکی هەبووە. ئەگەر ئاماری تەڵاقی شەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ لەگەڵ شەش مانگی دووهەمیدا بەراوورد بکەین، رووندەبێتەوە کە لەشەش مانگی دووهەمدا رێژەی تەڵاق زیادی کردووە. لەشەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا ٧٠ حاڵەتی لێکجیابوونەوەو ١٥ حاڵەتی تەڵاقی پەسەندکراوی دەرەکی هەیە. بەو پێیەش دەتوانین بڵێین کە بەگشتی رێژەی تەڵاق لەپارێزگای دهۆک لەمیانەی ئەم دوو ساڵەدا وەک خۆی ماوەتەوە. دادوەر مەروان، لەدادگای دهۆک، ئامارێک دەخاتەڕوو کە تێیدا هاتووە، لە١ /١/ ٢٠٠٩ تا٢٠٠٩/٦/٣١، چل و یەک حاڵەتی تەڵاق هەبووە. هەروەها لە ٧٠ حاڵەتی لە یەکتر جیابوونەوەدا، ١٥ـیان لەدادگا پەسەند کراون. واتە سەرجەمیان دەبێتە٦١٢ حاڵەت. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٨دا لەدادگای باری کەسێتی دهۆک، ٤٥ حاڵەتی تەڵاق هەبووە.

### "بە ئێوەچی ژنی خۆمەو تەڵاقمداوە؟"

لەدادگا خەریکی جیابوونەوەبوون، دوای ئەوەی هۆکاری تەڵاقدانەکەمان لەژنەکەی پرسی و چووینە لای ئەویش کە پیاوێکی تەمەن٣٥ ساڵان بوو، بەدەم قسەی ناشیرینەوە گوتی:"ژنی خۆمەو تەڵاقمداوە، بەئێوەچی؟". دوای ئەو قسانە مەحمود، بەردەم دادگای بەجێهێشت و لە شیلان، جیابووەوە. شیلان، ژنێکی تەمەن بیست وچوار ساڵە، بەدەم گریانەوە کێشەکەی خۆی بۆ وارڤین گێڕایەوە:" من دایکی ٤ منداڵم و ماوەی دووساڵە لەگەڵ مێردەکەم کێشەمان هەیە. تەمەنم زۆر بچووک بوو کاتێک باوکم بەشوویدام. ئەو کات باری ئابووریمان زۆرخراپ بوو. پیاوەکەم شوفێربوو. بۆ یارمەتی پیاوەکەم بڕیارمدا کە لەدەرەوەی ماڵ کاری بکەم. هێشتا ماوەیەکی زۆر لە کارکردنم تێنەپەڕیبوو، کێشە دەستی پێکرد، پیاوەکەم دڵی پیسبوو. لەگەڵ هەر پیاوێک قسەم بکردایە لێدانم دەخواردو پێیوابوو شتێک هەیە. من وازم لەکارەکەم هێنا، بەڵام ئەو دوای لەسەر رەفتارەکانی هەر بەردەوام بوو، بۆیە بڕیارمدا وازی لێ بهێنم". شیلان، ئێستا



www.netewe.com

منداڵەکانیشی لای خۆی نییەو دەتوانێت مانگی تەنیا یەکجار بیانبینێت. شیلان، گلەیی لەبەختی ژنی کورد دەکات و دەڵێت:" سەرەڕای هەموو ئەو بەدبەختییەی بەسەرم هاتووە، لەبەرئەوەی تەڵاقم وەرگرتووە. کۆمەڵگا نیشانەی پرسیارم بۆ دادەنێت. ئەگەر خەتای مێردەکەشم بێت، لەڕوانگەی کۆمەڵگاوە هەر من تاوانبارم. کە واتە دەبێ ژن، ئیهانەی مێردو دەورووبەریش قبووڵ بکات، ئەگەرنا پێیدەڵێن، خراپە". شەوبۆ، ژنێکی ترە کە سێ ساڵە تەڵاقی وەرگرتووە. وەک باسدەکات، دەستێوەردانی ماڵی خەزووری، لەژیانی ئەواندا هۆکاری جیابوونەوەکەیان بووە."مێردەکەم خزمی خۆمان بوو، بەڵام پێکەوە نەدەسازاین و هەمیشە شەڕمان بوو. ماڵی باوکی نەیاندەهێشت بەیەکەوە بۆ هیچ شوێنێک بڕۆین. دەبوایە یان دایکی یان خوشکەکەی لەگەڵمان بوونایە. لەدەستپێکدا من داوام لەمێردەکەم کرد کە ماڵی جیا دروست بکەین، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، ئێمە هەردووکمان مووچەمان هەبوو و دەمانتوانی بەئاسانی خۆمان بەڕێوەبەرین. من ڕۆژێک تۆرام و چوومەوە بۆ ماڵی باوکم، هەرچەندە من داوای تەڵاقم لێ نەکردبوو، بەڵام ئەو تەڵاقی دام و منیش ناچاربووم قبووڵی بکەم". عیماد، گەنجێکی تەمەن سی ساڵە. ئەو، تائێستاش کە لەژنەکەی جیابووەتەوە، خۆشەوسیستی خۆی بۆ ئەو ناشارێتەوە دەڵێت:"خۆهەڵقورتاندنی ماڵی باوکی هەردووکمان لەژیانمان وایلێکردم، کە دووجار بەتوندی لەو کەسە بدەم کە لەهەموو کەسم خۆشتردەوێت، بۆیە ژنەکەم تۆراو چووەوە ماڵی باوکی و ڕۆژێک نامەیەکی دادگام بۆهات، ژنەکەم داوای جیابوونەوەی کردبوو. جیابووینەوە، بەڵام تائێستا نە ئەو شوویکردووەو نەمنیش ژنم هێناوەتەوە، کوڕێکیشمان هەیە".

### هۆکاری ئابووری

دادوەری یەکەمی باری کەسێتی لەدادگای دهۆک مەروان عادل، زۆربەی هۆکارەکانی تەڵاق بۆ کێشەی ئابووری دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە لەکوردستان خێزان لەڕووی ئابورییەوە ڕەوشێکی جێگیری نییە." خێزان، لەباری ئابوورییەوە ڕەوشێکی جێگیری نییە، ئەم هۆکارەش ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان دادەنێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەکەی". توێژەری کۆمەڵایەتی محەمەد ڕەسول پێیوایە، تەڵاق گرفتێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاوەو هۆکارەکەشی بۆ جیاوازی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری یان هۆکارە ئابووری و بایۆلۆژییەکان دەگەڕێنێتەوە. هاوکاتیش هۆکاری دەرەکیش هەیە، وەک دەستێوەردانی خێزان و بەکارهێنانی مۆبایل و لێکدانەوەی هەڵە بۆ دابوونەریت و ئایین." لێکدانەوەو تێڕوانینی هەڵەی کۆمەڵگە، گرفت بۆ ژنان دروستدەکات و ڕێگە نادات ژن بەسەربەستی هەڵسوکەوت بکات و خاوەن بڕیاربێت". هاوکات گرفتی نیشتەجێبوون و نەبوونی ماڵێکی جیاواز بۆ هاوسەران بەهۆکارێکی تر وەسف دەکات.



هەڵز عەلی




www.netewe.com

# ژنی کورد هەستەکانی بەدەستی خۆی دەنەخشێنێت



www.netewe.com




هونەرمەند یەکبوون یاش

ئامەد

لە ئامەد کچێکی کورد بەناوی یەکبوون یاش، هەوڵی پێشخستنی هونەری چینی لەناو کورداندا دەدات. ئەو، هەموو بەرهەمەکانی خۆی بەرەنگ و هەستی کوردەواری دەخەملێنێت. یەکبوون یاش، خەڵکی شاری سێرتە لەساڵی ٢٠٠٢ هاتووەتە ئامەد و شەو و رۆژ هەوڵی پێشخستنی هونەری چینی دەدات. یاش، بۆ درێژەدان بەهونەرەکەی، پێشانگاکەی لەخانوویەکی مێژوویی واتە لە"خانەی حەسەن پاشا" کردووەتەوە. بەپێی قسەکانی یاش، هونەری چینی بەر لەوەی لەئیزنیکی بورسا، دەست پێ بکات، هەروەها هونەری سیرامیک بەرلەوەی بچێتە کۆتاهیای، لەناوچەی لیجەی ئامەد دەستی پێ کردووە. بەڕای هونەرمەندانی ژن، لەکوردستان چینی هەزار و ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دروستکراوە، یـاس دەڵێت:"سیرامیک لێرە لەخاکی"جاس" دروستکراون و ئەو خاکەش بەس لەکوردستان هەیە. پێشتر لەئامەد ٤٠ شوێن هـەبـوون کە لەسیرامیک دروستکرابوون، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا لەناو چـوون،" من هەوڵدەدەم جارێکی تر ئامەد بۆ رۆژانی رابـردووی خۆی بگەڕێنمەوە". هونەرمەندی دەست ناسک تائێستا تابلۆی زۆری کێشاوەو هەوڵدەدات داستانە کوردییەکانی وەک "مەم و زین" و لەداهاتووشدا چیرۆکی" خەج و سیامەند"و چیرۆکگەلی وەک میرزا محەمەد، شەنگە و پەنگە، لەتابلۆکانیدا رەنگ بدەنەوە. ئەو تائێستا لەتابلۆکانی خۆیدا هەست و میتۆلۆژی کـوردەواری و ئەندازیاری بورجەکانی ئامەد و گوڵاڵە سروشتییەکانی کوردستانی دروست کردووە. لەخەملاندنی تابلۆکانیدا کەڵکی لەگوڵ و گوڵاڵەو زیاتریش لەگوڵی حەوت تەبەق و لاولاو وەرگرتووە. زۆر لەوکەسانەی کە لەئەورووپاوە سەردانی ئامەد دەکـەن و هونەرەکەی یەکبوون، دەبینن، پێی سەرسام دەبن. زۆرجاریش پێیدەگوتراوە،" ئەگەر تۆ بچی لەئەورووپا خەریکی ئەو هونەرەبیت زیاتر رێز لەکارەکەت دەگرن". یاش، ئەو قسانەی زۆر بەدڵ نییەو وەها شرۆڤەی دەکات:"وەها سەیری کورد دەکەن، کە لێی نایەت شتی باش بکات. ئەوە شتێکی راست نییە، دەبێ ئێمە رێز و بایەخێکی گەورە بدەینە هونەرو رەنگ و خەملەکانی خۆمان. هەرچەندە هونەر جیهانیش بێت، هەر هونەرێک گەل و نەتەوەیەک بەرەوپێش دەبات و گوزارشت لەرەنگ و رووی ئەو نەتەوەیە دەکات. پێویستە ژنانی کورد لەو بوارەدا پەرە بەپێشکەوتنی خۆیان بدەن". بەپێی قسەکانی یەکبوون یاش، زیاتر ئەو تابلۆیانە دەفرۆشرێن، کە گوزارشت لەهەستی کوردانە دەکات. بەتایبەت ئەو کوردانەی لەئەورووپاوە بەسەردان دێنە ئامەد، ئەو تابلۆیانە وەک دیاری دەکڕن و بۆ خزم و ئازیزانیانی دەبەنەوە. یەکبوون، خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەوە دەردەبڕێت کە کوردانی ئەورووپا هەستی نەتەوایەتییان بەهێزە. داوا لەکوردانی نیشتەجێی وڵاتیش دەکات"بایەخی ئەو هونەرە بزانن و پێویستە لەهەرماڵە کوردێکدا تابلۆیەک، یان سیرامیکێکی چینی هەبێت". ئەو هونەرمەندە ژنە کە تائێستا بـەسـەدان تابلۆ و سیرامیکی دروست کـردووە، بەشێک لەکاتەکانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی" شاگرد"، فێرکردنی کەسانی تر، تەرخان کردووە. هەروەها دەیەوێت لەداهاتوودا لەسەر نەخش و نیگاری ئێزدییەکان، تابلۆ بکێشێت و هەر لەئێستاوە لەگەڵ دەزگاکانی لالـەش دا پەیوەندی دروست کردووەو دەیەوێت پرۆژەیەکی هاوبەشیان لەگەڵدا بکات. ئەگەر پرۆژەکەی پەسەند بکرێت، بەنیازە لەسەر هەست و رەنگی ئێزدییەکان گەلەک تابلۆ و سیرامیک دروست بکات و لەباشووری کوردستان و ئەورووپاش پێشانگا بکاتەوە. یەکبوون، باس لەحەزی خۆی بۆ نەخش و نیگاری ئێزدییەکان دەکات،" راستییەکەی داپیرم ئێزدی بوو. لەبەر ئەوەی ئێمە لەبنەماڵەیەکی ئێزدین، کاتێک تابلۆ و سیرامیک دروست بکەم، بروا و بیرەوەرییەکانی منداڵیم سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوەو لەخەت و نەخشەکانی مندا جارێکیتر پێشانی گەل دەدرێتەوە. منیش ئەوکات بەجۆش و خرۆش و دڵشاد دەبم. لەنێوان تەمەنی منداڵی و تەمەنی ئێستامدا پردێکی هونەری دروست دەبێت".

پرۆفایل:

یەکبوون یاش کێیە؟

ساڵی١٩٨١ لەشارۆچکەی جوانیکایای سێرت لەدایک بووە.

دیپلۆمی لەئەستەنبوڵ وەرگرتووە.

٢٠٠٣ بەشی هونەری چینی لەقوتابخانەی پیشەیی باڵای زانکۆی ئولوداغ تەواو کردووە.

٢٠٠٤ یەکەمین پێشانگای خۆی لەئامەد کردووەتەوەو هەمان پێشانگاشی لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە.

دیلار سەولەدار

www.netewe.com

# هەناری ئێران جێگەی هەناری هەڵەبجە دەگرێتەوە

هەڵەبجە

لەگەڵ ئەوەی هەناری ناوچەی هەڵەبجە بەباشترین جۆری هەنار دانراوە، بەڵام لەوڵاتی ئێرانەوە بەڕێژەیەکی بەرچاو هەنار دێتە ئەو سنوورەو ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لەخاوەن رەز و باخەکانی هەڵەبجەو هەورامان بێزار دەکات. جووتیارانی ناوچەکە، کە ساڵانە سەدان تەن هەنار لەباخەکانیاندا بەرهەم دەهێنن، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، سنوورێک بۆ هاتنی ئەو رێژە زۆرەی هەنار لەوڵاتی ئێرانەوە دابنرێت. هەروەها خەڵکی ناوچەکە رەخنە لەوەزارەتی کشتووکاڵ دەگرن کە تائێستا پلانێکی جێگیری بۆ هێنان و ناردنەدەرەوەی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی جۆرەکانی میوە کە خواستێکی زۆری هاوولاتیانی لەسەرە، نییە.

## هەڵەبجە: مەیدانی ساغکردنەوەی هەناری ئێران

لەماوەی دووساڵی رابردوودا هاتنی هەنار لەسنووری ئێران و سووریاوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، ئەگەرچی هاتنی هەنار لەو دوو وڵاتە، هۆکارێکە بۆ زۆربوونی رێژەی هەنار و کەمبوونەوەی نرخی لەبازاڕەکاندا، بەڵام جووتیارانی کوردستان و بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە ساڵانە بەبەرهەمهێنانی هەنارەوە سەرقاڵن، لەهاتنی ئەو رێژە زۆرەی هەنار نیگەرانن و داوا لەحکومەت دەکەن، بەرنامەیەکی گونجاو بۆ هێنان و بردنی بەرووبوومەکان دابنێت، بەجۆرێک کە لانیکەم نەبێتە هۆی زەرەرمەند بوونی جووتیاران و خاوەن باخەکان و خەڵکی لەبەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکان سارد نەکەنەوە.

خاوەنی یەکێک لەباخەکانی سنووری هەڵەبجە محەمەد مەلا سەعید، باس لەزۆری بەرهەمی هەنار لەسنووری هەڵەبجە دەکات و پێیوایە، بەپێی رێژەی بەرهەمی ساڵانەی هەنار، تەنیا لەهەڵەبجە، دەتوانرێت هەنار، بۆ بەشێکی زۆر لەهاوولاتیانی کوردستان دابین بکرێت، تەنانەت لەم ساڵانەی دواییدا، بیر لەناردنی بەرهەمی هەنار، بۆ وڵاتانی دەورووبەر کراوەتەوە.

یەکێک لەکۆمپانیا گەورەکانی میوە لەکەنداوی عەرەبی، هەناری ئەو ناوچەیەی بەباشترین جۆری هەنار داناوەو بەرنامەی کڕینی بەشێکی زۆر لەهەناری ناوچەی هەڵەبجەی داوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی نەبوونی پلانی حکومەت و وەزارەتی پەیوەندیدار، لەجیاتی ئەوەی لەناوچەکەی ئێمەوە هەنار بۆ دەورووبەر دابین بکرێت، بەپێچەوانەوە بووەتە مەیدانێک بۆ ساغکردنەوەی هەزاران تەن هەناری وڵاتانی بیانی، کەساڵانە لەوڵاتانی سووریا و ئێرانەوە دێتە کوردستان. ئەو جووتیارە هاتنی هەنار لەئێرانەوە، بەهۆکاری دابەزینی نرخی هەناری ناوچەکە دەزانێت. چونکە نرخی ئەو بەرهەمە بەجۆرێک دابەزیوە کە هیچ سوودێک بەخاوەن باخەکان ناگەیەنێت و وادەکات واز لەچاندن و بەرهەمهێنانی هەنار بهێنن. محەمەد نەیشاردەوە" ئەگەر حکوومەت رێگاچارەیەک بۆ جووتیاران دانەنێت، دوورنییە ئەو ژمارە کەمەی جووتیارانیش، کە تائێستا لەگوندەکاندا ماونەتەوە دەست لەکارەکانیان هەڵبگرن و بچنە شارەکان. ئەوەش دەبێتە هۆی گەیاندنی زیانێکی زۆر لەگوندەکان و کەمبوونەوەی تەواوەتی بەرووبووم لەناوچەکەدا، ئەو حاڵەتەش مەترسیدارەو وەزارەتی کشتوکاڵ لێی بەرپرسیارە، چونکە تا ئەمڕۆ توانای رێکخستنی هێنان و ناردنەدەرەوەی بەرووبوومەکانی نییە".

## جووتیاران رەخنە لە وەزارەتی کشتووکاڵ دەگرن

فرۆشتنی هەناری ئێران و سووریا، لەبازاڕەکانی کوردستان بەنرخێکی هەرزان بووەتە هۆی دابەزینی نرخی هەناری هەرێمی کوردستان،جووتیاران و خاوەن باخەکان رەخنەی توند لەوەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن، کە تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکانی میوە رێکبخات، سابیر عبدالله، جووتیارێکی ترە لەسنووری هەڵەبجە، کە گلەیی ئاراستەی حکوومەتی هەرێم دەکات،" ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین هەنار، لەئێرانەوە بهێنرێت بۆ ناوچەکەمان، چونکە خۆمان توانای بەرهەمهێنانی برێکی زۆر هەنارمان هەیە، بەجۆرێک دەتوانین بینێرین بۆ دەرەوەی وڵات، من گلەیم لەوەزارەتی کشتووکاڵ هەیە، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ





www.netewe.com



### هەناری ئێرانی پێ باشە

ئەوا پێویستە لەجیاتی هێنانی هەنار، جۆری باشی نەمامی هەنار لەو وڵاتەوە بهێنێت. جگە لەوەش پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ لەبەرنامەی کاریدا زیاتر هەوڵ بۆ هێنانی جۆری باشی دەرمان و پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی هەنار لەدەوڵەتانەوە بدات. نەک هێنانی هەنار کە خۆمان ئەوەندەمان هەیە نازانین چی لێبکەین“. سابیر عبداللە، باسی لەوەشکرد کەئەمساڵ بەهۆی هاتنی هەناری ئێران و سووریاوە زیانی گەورە لەجووتیاران و خاوەن باخەکان کەوتووە. ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت، ئەوا ناچارن ساڵانی داهاتوو خۆیان بەبەرهەمهێنانەوە سەرقاڵ نەکەن. ئەو هەروەها گوتی: “هەر بەرهەمێکی خۆماڵی کەم بێت دەنێردرێتەدەرەوە، بەڵام هەر بەرهەمێکمان زۆربێت هەوڵدەدرێت لەوڵاتانی دیکەشەوە هەمان جۆری بەرهەم بهێنرێت. ئەمەش پلانێکی خراپە. ئەو بەرنامەیەی وەزارەتی کشتوکاڵ و زۆرێک لەوەزارەتەکانی دیکە ئێمەی تووشی بێزاری و نارەحەتی کردووە، داوا لەحکوومەتی داهاتووی هەرێم دەکەین گرنگی پێویست بەم بوارە گرنگە بدات“.

### هەناری هەڵەبجە بەتام ترە

وەک هاووڵاتیان و خاوەنی عەلوەی هەڵەبجە باس دەکەن، رێژەی ئەو هەنارەی کە رۆژانە لەئێرانەوە دێتە هەڵەبجە، زۆر زیاترە لەو برە هەنارەی کەهاووڵاتیانی ناوچەکە لەهەمانرۆژدا بەکاری دەهێنن، ئەوەش بووەتە هۆی دابەزینی نرخی هەردوو جۆرەکەی هەنار، بەختیار مەحمود، یەکێکە لەو فرۆشیارانەی کە لەناو بازاڕی هەڵەبجەدا بەفرۆشتنی هەنارەوە خەریکەو بەمجۆرە باس لەکاریگەری هەناری بیانی لەسەر فرۆشی هەناری هەڵەبجە دەکات. “لەکۆتایی مانگی ئەیلوول هەناری باخەکانی هەڵەبجە هاتووەتە بازاڕ. سەرەتا نرخی هەرکیلۆیەک ٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ دینار بوو، رۆژانە نزیکەی ١٠٠کیلۆ هەنارم لەسەر عەرەبانەکەم دەفرۆشت. ئەو قازانجەی کە دەمکرد زۆر کەمتر بوو لەماندووبوونی خۆم لەهەمانرۆژدا، چونکە ئێمە بۆ هەرکیلۆیەک نەماندەتوانی لە٢٥٠ دینار زیاتر قازانج وەربگرین، چونکە ئەگەر لەوە زیاترمان وەربگرتایە ئەوا نەماندەتوانی وەک پێویست مامەڵە بکەین، بەڵام ماوەی زیاتر لەسێ هەفتەیە رۆژانە بڕێکی زۆر لەهەناری ئێران دێتە بازاڕەکانی ناوچەکەمان، نرخی هەرکیلۆیەک هەناری ئێرانی تەنها ٥٠٠ دینارە، ئێمەش وەک بەقاڵەکان ٥٠٠ دینار و هەندێکجار زیاتر لەوەش وەک قازانج دەخەینە سەر نرخەکەی، هەربۆیە ئێستا رۆژانە زیاتر لە٣٠٠ کیلۆ دەفرۆشم و بۆ هەر کیلۆیەکیش یەکاو یەک قازانج دەکات، هەربۆیە بۆ ئێمەی بەقاڵ خێر لەهەناری ئێرانیدایە، بەڵام لەڕاستیدا هەناری ئێران و هیچ ناوچەیەکی دیکەش تام و چێژی هەناری هەڵەبجەی نییە، بەڵام کاتێک هەناری ئێران کیلۆی بە ١٠٠٠دینار بێت هاووڵاتیان ناچن بڕی زیاتر لەو نرخە بدەن بەهەناری هەڵەبجە، هەر بۆیە هاتنی هەنار لەئێرانەوە زیانێکی زۆری لەباخەوانەکانی ناوچەکەمان داوە“.

### جووتیاران ئۆتۆمبیلیان پێ نادرێت

نەبوونی ئۆتۆمبێل، یەکێکە لەو گرفتانەی کە ساڵانە زیانی گەورە لەباخەوانەکان دەدات و بەوهۆیەوە ناتوانن لەکاتی پێوستدا هەناری باخەکانیان بگەیەننە ئەوناوچانەی کەپێویستیان بە هەنارە. رەئوف عەلی، لەناوچەی هەورامان خاوەنی باخێکە، ئاماژەی بەدابەزینی نرخی هەناری خۆماڵی لەبازاڕەکانی کوردستان کرد و هۆکارەکەشی بۆ بێبەرنامەیی حکوومەت و هاتنی بەلێشاوی هەناری بیانی دانا.“ ئێستا لەبازاڕەکانی کوردستاندا سەرباری ئەوەی بەهۆی هاتنی هەناری ئێرانییەوە نرخی هەناری ناوچەکەی ئێمە دابەزیوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی ترمان هەیە، بەهۆی سەختی رێگاو نەبوونی ئۆتۆمبیل و گرانی نرخی ئۆتۆمبێلەوە ناتوانین هەناری باخەکانمان بنێرین بۆ ئەو شوێنانەی کەپێویستیان بەهەنارە“. بەپێی قسەی رەئوفی باخەوان، کەمترین جووتیاری سنوورەکەیان سوودیان لەئۆتۆمبیلی حکوومەت وەرگرتووە. بۆیە داواکارە لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵ کە“پرۆسەی دابەشکردنی ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی فراوانتر بکات و تایبەتمەندی بداتە ئەو ناوچانەی کە پێویستی زیاتریان بەئۆتۆمبێلەو زۆربەی ئەو کەسانەیشی کەئۆتۆمبیلیان وەرگرتووە تەنها خاوەنی زەوین، ئەگینا چەند ساڵێکیش دەبێت لەکاری جووتیاریی و کشتوکاڵکردن دووربکەوتنەوە، رەئوف عەلی هیوای خواست لەکابینەی داهاتووی حکوومەتدا گرنگی بەبواری کشتوکاڵ و چاککردنی رێگاو بانەکان بدرێت“.

هاوکار محەمەد





www.netewe.com




# وەرزشی ژنانی دهۆک لە چ بارێکدایە؟

## وەرزشی ژنان لە ڕوانگەکانی (ئایینی ئیسلام، کۆمەڵایەتی و دەروونی)

دهۆک

### مێژووی وەرزشی ژنان

بۆ یەکەمجار ئۆڵمپیکی کۆن لە ساڵی (٧٧٦) پ. ز لە سەردەمی یۆنانی کۆندا بەڕێوەچووە، لەوکاتەدا ڕێگە بە ژن نەدەدرا لە یارییە وەرزشییەکاندا بەشداریی بکەن و هەروەها نەیاندەهێشت سەیری ڕکابەریی پیاوانیش بکەن، و هەر ژنێکیش سەرپێچی کردبا دەیانکوشت. دیسان ژن لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆماشدا لە بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکاندا بێبەش بوو، بەڵام ڕێگەی پێ درابوو سەیری بکات و هاندەر بێت. ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمای کۆن کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەکانی ئەورووپی و ئەمەریکی دانا و هاوکات ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کرد کە ژنان بە پێی توانای خۆیان لە چالاکییە وەرزشییەکاندا بەشداریی بکەن و بچنە

نێو ئۆڵمپیکەوە.

لە کۆمەڵگای ئێمەشدا تێڕوانینی جۆربەجۆر بۆ پرسی بەشدارییکردنی ژنان لە گۆڕەپانی وەرزشدا هەیە، بە ڕای هەندێک کەس گرنگیی ژنان لە بەخێوکردنی منداڵ و چاودێرییکردنی خێزاندایە و بەشدارییکردنی ژن لە گۆڕەپانە وەرزشییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی دابونەریت پێشێل بکرێت. لەمبارەیەوە جێگری یانەی ئافرەتانی دهۆک (بەیان حامید محەممەد)، دەڵێت: "دامەزراندنی یانەی ئافرەتان لە دهۆک تەنیا پروپاگەندەیەک بوو بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان، چونکە نە وەزارەت و نە لیژنەی ئۆڵمپی هیچ هاوکارییەکی ئێمەیان نەکردووە". هەروەها گوتی: "دانانی یانەی وەرزشیی ژنان لەسەر بنەمایەکی زانستی نییە و گەلەک کێشەمان هەیە، بۆیە زۆربەی یاریزانەکانمان یانەکەیان جێهێشت، چونکە ئێمە نەمانتوانی پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین. بۆ نموونە نەمانتوانی هۆڵێکی تایبەت بۆ ڕاهێنان یان ئۆتۆمبێلێک بۆ هاتوچوویان دابین بکەین". (بەیان حامید)، هەروەها ئەوەی خستە ڕوو: "لە لایەن یانەکانی دیکەی دهۆکەوە زۆر دژایەتی دەکرێن و لە لایەن دامودەزگە حکوومییەکانیشەوە هیچ هاریکارییەک نەکراوین، لەگەڵ ئەوانەشدا دایک و باوکی یاریزانەکان هیچ هاریکارییەکمان ناکەن، بە تایبەت ئەگەر پاڵەوانیەتییەک لە دەرەوەی شاری دهۆک هەبێت، دایک و باوکی یاریزانەکان پێمان دەڵێن ئێوە وەکو یانەکانی دیکەی دهۆک چەند پارە دەدەنە کچەکانمان تا لەگەڵتاندا بیانێرین".

## وەرزشی ژنان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە

وەرزشی ژنان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، هاوکات دوورکەوتنەوەیان لە وەرزشیشدا بۆ چەند بارێک دەگەڕێتەوە. لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر (د. سابیر عەبدوڵڵا)، لە زانکۆی دهۆک دەڵێت: "سێ هۆکاری سەرەکی بۆ دوورکەوتنەوەی ژنان لە وەرزش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدی دەکرێت. یەکێک لەوانە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، کە ئەوەش گرێدراوی دابونەریت و ئەخلاقیاتی کۆمەڵگەیە، کە هێشتا ئێمە قبووڵ ناکەین ژن جلوبەرگی وەرزشی وەک (فانیلە و شۆرت) بپۆشن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە پێویستە کاتێک ژن وەرزش دەکات، جلێکی تایبەت بەکار بێنێت و ڕاهێنەرەکەشیان دەبێ ژن بێت، هەروەها ژن هەموو یارییەک نەکات. زۆرجار هەیە کە پیاوێک خۆی پسپۆڕی وەرزشییە، ڕێگە نادات ژن و کچەکەی یان خوشکەکەی وەرزش بکەن و جلوبەرگی وەرزشی لەبەر بکات. هۆکاری دووەم، دەروونییە، بۆ ئەمەش دیدی هەندێک لە پیاوان بۆ ژن ئەوەیە، کە ژن ناسکە و نەرمە و ئەگەر وەرزش بکات بێهێز دەبێت. هۆکاری سێیەمیش ئەوەیە کە ئەگەر ژن بیەوێت وەرزش بکات، دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکات، بەڵام زۆربەی کاتەکانی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ کاروباری ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵان و ئامادەکردنی خواردن تەرخان کراوە".

لە بەرامبەردا ژنانیش بۆچوونی و بیروڕای خۆیان هەیە، (جوان ئەحمەد)، کە تەمەنی ٢٨ ساڵە، دەڵێت: "توانای ئافرەتان بۆ وەرزش زۆرە و بە تایبەتیش ئەو وەرزشانەی کە ئافرەت دەتوانن تێیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن و مەرجیش نییە ئافرەت تەنیا فانیلە و شۆرت لەبەر بکات، بەڵکو دەبێت کەڵک لە جلوبەرگە ستاندەرەکانی ئەو وەرزشانە وەربگرێت، کە خۆی ئەنجامیان دەدات، ئەگەر ئەوهاش نەکات، دەتوانێت تراکسۆت و جلی دیکە لەبەر بکات تا لەشی دیار نەبێت".

(جوان ئەحمەد) هەروەها بڕوای وایە: بە ڕای من ئایینی ئیسلام وەرزشی حەرام نەکردووە، بەڵکو زیاتر گرنگی پێداوە، چونکە وەرزش جەستەی مرۆڤ بەهێز و تەندروست دەکات".

(هەیام حوسێن – ٣٤ ساڵ) لە لای خۆیەوە دەڵێت: "وەرزش پشوویەکی پێویستە بۆ جەستە و سوودگەلێکی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ هەیە و لەبەردەم هەندێک نەخۆشیدا ڕێگرە، لەوانە (قەڵەوی، شەکرە، وشکبوونی دەمارەکانی دڵ) بۆیە پێویستە یانەی تایبەتی وەرزشی بۆ ئافرەتان هەبێت و ژنانیش بتوانن وەک بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگە، بەبێ شەرم و ترس وەرزشی خۆیان بکەن"

## وەرزشی ژنان لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە

(د. محەممەد شوکری) پسپۆڕ لە بواری شەریعەتی ئیسلامی و دەرچووی زانکۆی ئەلئەزهەری میسر، لە بارەی وەرزش لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بە وارڤینی ڕاگەیاند:" ئیسلام لە بنچینەدا هەموو شتێکی حەڵاڵ کردووە، ئەگەر هەندێکیش قەدەغەکرابن، بە مەرجێک تایبەتمەندییە ئیسلامییەکانیان جێبەجێ کردبێت و لە دژی ئەخلاقیاتی گشتی نەبن، هیچ کێشەیەکی نییە. ڕوانگەی ئیسلامیش بۆ وەرزشکردنی ژنان ئەرێنییە و جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە دەبێ یانەی تایبەتی بۆ وەرزشی ئافرەتان هەبێت و لە کاتی یاریکردندا هیچ پیاوێک لە شوێنەکەدا نەبێت".

لە لایەکی دیکەوە (بەیان حامید)، بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیە دەڵێت: "زۆر پێویستە کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستییە وەرزشییەکان و کردنەوەی شوێنی تایبەتەوە بۆ وەرزش، پشتگیریی لە یانەی ئافرەتان بکەن. هەروەها ئۆتۆمبێلی تایبەتییان بۆ دابین بکەن".

(د. سابیر)یش، سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشانە گوتی: "دەبێ ئێمە تێگەیشتنی تایبەت لە بارەی وەرزشەوە لە لای خەڵکی دروست بکەین و تێیانبگەیەنین کە وەرزش جۆربەجۆرە. دەبێت هەم لە ماڵ و هەمیش لە هۆڵەکاندا گرنگی بە وەرزش بدرێت، گرنگ ئەوەیە کە ژن لە وەرزش بێبەش نەبێت. ڕاگەیاندن و پسپۆڕانی وەرزشی و دەروونی لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان دەبێت.

ئەو دکتۆرە هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ژنانی کوردستان ڕوو لە وەرزش بکەن، کەمتر تووشی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک دڵەڕاوکێ و نائۆمێدی و خەمۆکی دەبن، هەروەها لەنەخۆشیگەلی قەڵەوی و شەکرە و.. ڕزگاریان دەبێت.

## چارەسەری دیکە

لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی وەرزشی ژنان لە کوردستاندا بەرەو باشییە و چەندین یانە و تیپ هەیە و یاریزانمان لە ئاستی نێودەوڵەتییدا هەیە، بەڵام هێشتا لە ئاست هیوای ژنانی وەرزشدۆست و حەزلەوەرزشدا نییە، بە ڕای چاودێرانی ڕەوشی وەرزشی ژنانیش لە کوردستاندا، پێویستە هەموو دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە ڕێگەی چالاککردنی ژنان و بەشدارییپێکردنیان لە وەرزشدا بە شێوەیەکی بەرفرە، ئەو دیاردەیە چارە بکەن و زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکەن ژنانی کوردستانیش لەسەر ئاستە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا بەشداری کاراتر بکەن، لە ڕووەکەی دیکەشدا ژنانمان وەرزش بکەنە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان بۆ ئەوەی خودان تەندروستییەکی باش بن.

**حەمید سەبری**

## وەرزش لە قوتابخانەکانی کچاندا لەنێو گرنگی و پەراوێزخستندا

# مامۆستای وەرزش جلی وەرزشی لەبەر بکات

هەولێر

### بەشی یەکەم

لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ (وانەی وەرزش) لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی پێشکەوتووی دەرەوەدا، پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و لە ئاستی باڵادا گرنگی زۆری پێ دەدرێت و لە ئاستی جیاجیادا وەکو ماددەیەک لە پرۆگرامی خوێندندا بایەخی زۆری هەیە، هاوکات بناغەیەکی پتەوە بۆ دروستکردنی کەسایەتیی قوتابی و بەهێزکردنی جەستەی، بە تایبەتی بۆ کچانی قوتابی، ئەمە جگە لەوەی بە وەرزشکردن، بیر و هزری قوتابی فراوان دەبێت و وانەکانی دیکەشی لە لا خۆشەویست دەبێت و ئارەزووی بۆ خوێندن و قوتابخانە زیاتر دەبێت، چونکە وانەی وەرزش جگە لەوەی وەکو ئەنجامدانی پرۆسەیەکی فیزیکی، گرنگە، کە خۆی لە (مێشکی ساغ لە لەشی ساغدایە)دا دەبینێتەوە، لە ڕووەکەی دیکەیدا وەکو بابەتێکی سەرگەرمی و خولقاندنی کەشێکی خۆش بۆ قوتابی، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانەدا، بەڵام هێشتا لە کوردستاندا، سەرەڕای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کرانەوەی بیری خەڵک، لە هەمووش گرنگتر گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامی خوێندن، ئاستەنگ و کێشە لە بەردەم وانەی وەرزش لە قوتابخانەکاندا هەیە، بە تایبەتیش لە قوتابخانەکانی کچاندا.

### گرنگی وانەی وەرزش

وەکو لە سەرەتا ئاماژەمان پێ دا، وانەی وەرزش زۆر گرنگە و بە گشتیش قوتابیانی کچ و کوڕ لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا حەزیان لێی هەیە و ئامادەن بە شێوەیەکی پراکتیکش وانەکە بخوێنن.

مامۆستا (تەلار نامق) لە ئامادەیی قەڵای کچان، کە خۆی ڕاهێنەری یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانیشە لە یانەی وەرزشیی قەڵا لە هەولێر، لە بارەی گرنگیی وانەی وەرزشەوە، بە تایبەتی بۆ کچانی قوتابی، بۆ (وارڤین) گوتی: "بێگومان وانەی وەرزش زۆر گرنگە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ وانەکانی دیکەی پرۆگرامی خوێندن نییە، بەڵام پراکتیککردن و گرنگیدان بە وانەکە، دەمێنێتەوە سەر مامۆستای وەرزش و قوتابیان، ئەگەر مامۆستاکە تایبەتمەندی بوارەکە بێت، ئەوا بە بایەخەوە وانەکە پێشکەش دەکات و واش دەکات قوتابیان زیاتر حەزیان لە وانەکە بێت".


مامۆستا (ڕەعد تاڵب محەممەد)یش لە قوتابخانەی باڵای نموونەیی، کە ڕاهێنەرێکی خاوەن بڕوانامەی تایکواندۆیە، پێی وابوو کە "وانەی وەرزش زۆر گرنگە و من لە لای خۆمەوە هەردەم هانی قوتابییەکان بە گشتی دەدەم کە ئامادەی وانەکە بن و جلوبەرگی وەرزشی لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، چونکە سوودی جەستەیی و دەروونی بۆ قوتابیان هەیە و بیر و هزریان زیاتر فراوان دەکات".

گوتیشی: "هەردەم بە کچەقوتابییەکان دەڵێم ئێوەش دەتوانن وەکو کوڕان وەرزش بکەن و پێش بکەون، چونکە جیاوازییتان نییە، پێیان دەڵێم چۆن قبوڵ دەکەن کوڕان بە پێشتان بکەون،



کۆمەڵێک قوتابی لە کاتی وانەی وەرزش لە قوتابخانەی باڵای نموونەیی

www.netewe.com



لاولاو دزەیی



تەلار نامیق



تریسکە ئیحسان

ئەمەش وەکو هاندانێکە بۆ کچەکان تا زیاتر گرنگی بە وەرزش بدەن لە قوتابخانەکەیاندا".

## نەبوونی مامۆستای وانەی وەرزش

لە هەندێک لە قوتابخانەکاندا، بە هۆی کەمی دەرفەتی دامەزراندنەوە، مامۆستای وەرزش نییە و دەستناکەوێت، بۆیە ئەو بەشە وانانەی کە لە هەفتەیەکدا بۆ وەرزش دانراوە، بە فیڕۆ دەڕوات، یان بە قوربانی وانەیەکی دیکە دەکرێت.

لەم بارەیەوە کچەقوتابییەک بە ناوی (دیلمان) کە داوای کرد ناوی قوتابخانەکەی نەهێندرێت، گوتی: "ئێمە ئەمساڵ تا ئێستا وانەی وەرزشمان نەخوێندووە، چونکە مامۆستای وەرزشمان نییە، کچەقوتابییەکانیش زۆر حەزیان لە وەرزشە، بۆیە ناچارین بە بوتڵی پلاستیکیی ئاو لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا تۆپی پێ بکەین، چونکە تەنانەت (تۆپ)ێکیش نییە بماندەنێ تا یاریی پێ بکەین".

بەڵام کچەقوتابی (نیهایەت) لە قوتابخانەی هەولێری کچان، ئاماژەی بەوەدا کە وانەی وەرزش لە قوتابخانەکەیان بایەخی زۆری هەیە و هەموو کاتێک وانەکە لە کاتی خۆیدا و بە بەشداریی زۆرینەی کچەقوتابییەکان پراکتیک دەکرێت.

## مامۆستا هەیە، بەڵام جلی وەرزشی لەبەر ناکات

لە هەندێک قوتابخانەی دیکەدا، مامۆستای وەرزش هەیە، کە هەیانە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و ئافرەتە و قوتابییەکانیشی هەموو کچن، کەچی ئامادە نییە جلی وەرزشی بپۆشێت و لەگەڵ قوتابییەکانیدا وانەکە پراکتیک بکات، چونکە پێی عەیبەیە.

لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ئامادەیی قەڵای کچان لە هەولێر مامۆستا (لاولاو دزەیی) دەڵێت: "پێشتر مامۆستای وانەی وەرزشمان هەبووە، ئامادەنەبوو جلی وەرزشی بپۆشێت، دەیگوت هەرچۆنی دەڵێن وانەکە پراکتیک دەکەم، بەڵام ناتوانم جلی وەرزشی لە بەر بکەم، ئێمەش پێمان خۆش نەبوو، بەڵام چارەشمان نەبوو، بەڵام ئێستا مامۆستایەکی دیکەمان هەیە کە هەر بە جلی وەرزشی دێتە دەوام و جێگەی خۆشحاڵییمانە".

لە بەرامبەر ئەوەدا بەڕێوەبەری قوتابخانەی باڵای نموونەیی لە هەولێر (مامۆستا تریسکە ئیحسان یاسین) باسی ئەوە دەکات کە لە قوتابخانەکەیاندا گرنگییەکی زۆر بە وانەی وەرزش دەدەن و مامۆستای وانەی وەرزشیشیان لە بوارێکی وەرزشیدا خاوەن بڕوانامەی بەرزە، ئەو گوتی: "بە لای ئێمەوە وانەی وەرزش زۆر گرنگە و بایەخی زۆری پێ دەدەین، چونکە وەرزش بیر و هۆشی قوتابیانی کچ و کوڕ فراوان دەکات و سوودیان پێ دەگەیەنێت، وەکوو ماددەیەکی خوێندنیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین".

ئەو قوتابخانەیە تایبەتە و زیاتر منداڵە بەهرەمەند و دەوڵەمەندەکان تێیدا دەخوێنن، بۆیە کاتێک چووینە ئەوێ، لە کاتی وانەی وەرزشدا قوتابیان بە جلی وەرزشییەوە وانەکەیان پڕاکتیک دەکرد. مامۆستا تریسکە باسی ئەوەشی کرد کە ئەوان کوڕان و کچان لە وانەی وەرزشدا لە یەکدی جیا ناکەنەوە و بەیەکەوە وەرزش دەکەن، بۆ ئەوەی بڕوا و متمانە لە نێوانیاندا دروست بێت و کەسایەتیی خۆیان دروست بکەن".

بەڵام ئەوەشی گوت "زۆرجار کچەکان حەز دەکەن بە تەنیا لەگەڵ یەکدی یاری بکەن وەکوو گیانی ڕکابەریکردن لە نێو خۆیاندا، ئێمەش بواریان بۆ دەڕەخسێنین بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکدیدا خۆیاندا یاری بکەن، تا ئاسوودەبن".

## وانەی وەرزش بە قوربانی وانەکانی دیکە دەکرێت

کێشەیەکی کۆنی وانەی وەرزش کە چەندین ساڵە لە قوتابخانەکاندا بەردەوامە، گۆڕینەوەی وانەکەیە بۆ ماددەیەکی دیکەی خوێندن، کە زۆرجار مامۆستای وەرزش خۆی ئەو کارە دەکات، مامۆستا (لاولاو دزەیی) دەڵێت: "ئێمە هەرگیز قبوڵ ناکەین کە مامۆستای وەرزش وانەکەی لەگەڵ مامۆستایەکی دیکە بگۆڕێتەوە، چونکە وەرزشیش وانەیە و حەزدەکەین بخوێندرێت، چەند جارێک ئەمە لە لای ئێمە ڕووی داوە، قبوڵمان نەکردووە. تەنیا لە هەندێک کاتدا نەبێت، بە تایبەتی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەم، کە لە کۆتایی قۆناغەکەدان و پێویستیان بە خوێندنی وانەکانی دیکە هەیە، کە ئەوکاتیش لەسەر داوای خۆیان دەبێت، ئەگینا ئێمە داوای ئەوە ناکەین".

کچەقوتابی (دیلمان)یش دەڵێت: "ئەوە لە لای ئێمە هەر زۆر ئاساییە و چەندین جار و لە ساڵانی ڕابردووشدا چەندین جار هەبووە، وانەی وەرزشمان نەکردووە و لە بری ئەو، وانەی دیکەمان خوێندووە، کە حەزیشمان لێ نەبووە".

بەڵام مامۆستا (تریسکە ئیحسان) لە قوتابخانەکەیدا کێشەی نییە و دەڵێت: "مامۆستای وەرزش هەردەم ئامادەیە و وانەکەی بە شێوەیەکی باش دەڵێتەوە، ئێمە جێگە و یاریگەی وەرزشیمان لە نێو قوتابخانەدا هەیە و وانەکە لە کاتی خۆیدا پراکتیک دەکرێت".

ئەرسەلان عەبدوڵڵا

www.netewe.com



## لە تەمەنی نائومێدیدا

# ”هەندێ لە ژنان بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە“

هەولێر

هەندێ لەژنان، کاتێ تەمەنیان دەچێتە سەرووی ٤٥ ساڵییەوە، تووشی نائومێدی دەبن و ئەو حاڵەتەش بەتەمەنی نائومێدی ناسراوە. شارەزایان، نائومێدی ژنان، بۆ کەمبوونی ئەو هۆرمونانە دەگەڕێننەوە کە بەنەمانیان مرۆڤ، تووشی حاڵەتی بێئارەزوویی دەکات. هەروەها ئەو هۆرمۆنانەش لەدوای تەمەنی ٤٥ ساڵییەوە بەرەو کەمبوون دەچن. وەک پسپۆڕان، باسی لێوەدەکەن، بەهۆی تەمەنی نائومێدییەوە زۆرێک لەو ژنانەی کە لەباری دەروونییەوە خۆیان بۆ ئەو بارودۆخە ئامادە نەکردووە، تووشی خەمۆکی دەبن. لێرە پرسیار ئەمەیە کە ئایا ژنان چۆن دەتوانن لەباری دەروونییەوە خۆیان لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەدا بگونجێنن؟ ئایا هەموو ژنان، لەو تەمەنەدا تووشی نائۆمێدی دەبن؟

### هۆکارەکانی تەمەنی نائومێدی

پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان د. شەهلا کەریم عەلاف، تەمەنی ٤٥ بۆ ٥٠ساڵی، بەقۆناغی دستپێکردنی نائومێدی وەسف دەکات و بەمجۆرە پێناسەی دەکات، “پاش تەمەنی٤٥ ساڵی کە هەندێک گۆڕانکاری لەجەستەی مرۆڤدا دروست دەبێت، یەکێک لەو گۆڕانکارییانە، لەهێلکەداندا دەبێت،




د. شەهلا عەللاف

بەوەی کە هێلکەدان چیدی هەندێک هۆرمۆن دروست ناکات. ئەو ژنانەی کە تووشی ئەو حاڵەتە دەبن، سووڕی مانگانەیان دەوەستێت و بەکەمبوونی ئەو هۆرمۆنانەیش، گۆڕانکاری فیزیۆلۆژی و دەروونـــی، لەجەستەی ژنەکە روودەدەن.

## نیشانەکانی

بەبۆچوونی د. شەهلا، کچان لەتەمەنی ١٢ ساڵییەوە سووڕی مانگانەیان دەستپێدەکات و لەتەمەنی نائومێدیدا دەوەستێت. لەسەرەتای ئـەو تەمەنەدا ئیسترۆجین زیـاد دەکـات و لەدواییدا کەم دەبێتەوە. بەمەش هێلکەدان لەگەشەکردن دەوەستێت و وشک دەبێتەوە. لـەو قۆناغەدا، کێشەی تەمەنی نائومێدی سەرهەڵدەدات. پیاوان حەفتاودوو رۆژ، جارێک تۆیان دروسـت دەبێت. لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی پیاو، دروستبوونی تۆو بەردەوامی دەبێت، بەڵام لەوانەیە بەهۆی سستی جۆری تۆوەکەی لەو تەمەنەدا، ببێتەهۆی دواکەوتن لەسکپڕبوون و دروستبوونی کۆرپە لەلایەن ژنـەکـەوە. بـەڵام ژن، لەتەمەنی ٤٥ ساڵی بەسەرەوە، هێلکەکانی کۆتاییان پێدێت.

سەبارەت بەرێژەی هێلکە لەهێلکەدانی ئافرەتدا ئەم پزیشکە دەڵێت:"کچان کاتێک لەسکی دایکیاندان، نزیکەی حەوت ملیۆن هێلکەیان هەیە. لەدواییدا بەگوێرەی تەمەن هێلکەکانیان، لەناودەچن. لەتەمەنی ١٥ تا ٤٥ ساڵیدا، ٥٠٠ هەزار، هێلکە دەمێنێتەوە. نزیکەی ٥٠٠ هێلکە لەکاتی سـووڕی مانگانەدا لەناودەچێت و ئەوانیتر وشک دەبن".

یەکێک لەگرنگترین ئـەو نیشانانەی کە ئاماژە بەتەمەنی نائومێدی دەکەن لەژناندا، بریتییەلە وشکبوونی هێلکەو نەمانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پڕۆجیسترۆن، کە ئەمەش کێشە بۆ ژنەکە دروست دەکات. ئەوکات نەخۆشەکە هەست بەگەرمی لەشی دەکـات و زۆرجـار بەهۆی کەمی ئیسترۆجین ئـەو گەرمییەی لەشی درێژە دەکێشێت و تووشی دڵەڕاوکێی دەکـات. بەنەمانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، ئێسکی ژنەکە لاواز دەبێتەوە، بەجۆرێک کە بەخلیسکانێکی بچووک، ئێسکی دەشکێ. بۆیە لەم تەمەنەدا خواردنی کالسیۆم و شیرو هێلکە گرنگە، یاخود خواردنی حەب. جگە لەوەش لەکۆئەندامی زاوزێی ژناندا هەمیشە تەڕبوونێک هەیە، کە لەم تەمەنەدا وشکدەبێتەوەو لەکاتی سێکسکردندا ژانی دەبێت، چونکە ئەو تەڕبوونە نەماوە و هێلکەدانی بچووک بووەتەوەو لێوی هێلکەدان کار ناکات. بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە جۆرە حەبێک هەیە کە لەڕێگەی هەڵگرتنەوە بەکار دەهێنرێت ئەویش حەبی"ڤاکیفیم" vagifem، ئەو حەبە جـۆرە تەربوونێک لەهێلکەداندا دروستدەکات. لەو تەمەنەدا ژنان، لەکاتی میزکردندا هەست بەکزانەوە دەکەن، تەنانەت زۆرجـار سۆنەریشیان بۆ دەکرێت، بەڵام هیچ نەخۆشییەکیان لێ بەدیارناکەوێت. ئـــەوەش بـەهـۆی وشـکـبـوونـی لـەشـیـان و کەمبوونەوەی هۆرمۆن، یان میز ڕانەگرتن و شلبوونەوەی ئەو پەتکانەی کە منداڵدان و میزڵدانی رادەگرێت. ئەم حاڵەتە لەژنی قەڵەو و جگەرەکێشدا زیاتر روودەدات. یان ئەوانەی

بەنەمانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، ئێسکی ژنەکە لاواز دەبێتەوە، بەجۆرێک کە بەخلیسکانێکی بچووک، ئێسکی دەشکێ. بۆیە لەم تەمەنەدا خواردنی کالسیۆم و شیرو هێلکە گرنگە، یاخود خواردنی حەب

کـاری سەخت دەکـەن، یـان زۆر دەکۆکن. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا چەندین نیشانەی تر، لەسەر جەستەو روخساردا دەردەکـەون. هەروەها لە نیشانەکانی تری ئەو تەمەنە، بریتیە لە چرچبوونی رووخساری ژنان.

## تەمەنی نائومێدی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان

لەکاتی سـووڕی مانگانەدا، ٢٠٪ـــی ژنـان، تووشی نەخۆشی دڵ دەبن، بەڵام بەنەمانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین رێژەی توشبوونی ژنان بەو نەخۆشییە وەک رێژەی تووشبوونی پیاوانی لێدێت، واتە زیاتر دەبێت. ئەمەش بەهۆی نەمانی ئەو هۆرمۆنە روودەدات کە بەرگری لە ژن، دەکرد. جگە لەوەش وا لەئافرەتەکە دەکات کە تووشی نەخۆشییەکانی پاڵەپەستۆی خوێن، لاوازبوونی ئێسک و نەخۆشییە دەروونییەکان، ببێت.

## هۆرمۆنی جێگرەوەی ئیسترۆجین

سـەبـارەت بـەهـەبـوونـی هـۆرمـۆنـێـک وەک جێگرەوەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، د.شەهلا، زانیاری ئەوەی خستەڕوو، کە لەوڵاتی ئەمریکا پسپۆڕان بەمەبەستی چارەسەرکردنی قۆناغی تەمەنی نائومێدی، هۆرمۆنی ئیسترۆجینیان بەو ئافرەتانەدا کە لەو قۆناغەدان. پاشان دوای بەکارهێنانی ئەم هۆرمۆنە لەلایەن ئەو

www.netewe.com

ئافرەتانەوە دەرکەوت دڵخۆشبوون و حاڵەتی سێکسییان بەرەو باشتربوون چوو و هەروەها ئێسکیشان پتەوبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی ئەو هۆرمۆنە چەندین کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستەی ئەو ئافرەتانە دروستکرد وەک تووشیبوون بەنەخۆشی شێرپەنجەی مندالدان و مەمک و چەندین کاریگەری خراپی لەسەر گورچیلە دروستکرد.

## تەمەنی نائومێدی و کێشەی دەروونی

پسپۆڕانی بواری نەخۆشییە دەرونییەکان، پێیانوایە کە گۆڕانی فیزیۆلۆژی و ڕێژەی هۆرمۆناتەکان لە لەشی ژندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەباری دەروونیەوە هەیە، بۆیە تورەبوونی ئافرەت و زووهەڵچوون و گریان و دڵتوندی، بەنیشانەکانی تووشبوون بەنەخۆشی دەروونی دادەنێن.

هەر لەوبارەیەوە پسپۆڕی بواری نەخۆشییە دەرونییەکان د. بەناز عەدنان، جەخت لەسەر ڕۆڵی خێزان دەکات و دەڵێت:"دەبێت ڕەچاوی حاڵەتی ئافرەتان بکرێت، ئەگەر هاتوو ڕێژەی دڵتوندییەکەی زۆر بوو، ئەوا دەبێت چارەسەری دەرمانی بۆ بکرێت، چونکە تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبێت. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو هۆرمۆنانە کاریگەرییان لەسەر چەند ماددەیەک هەیە، ئەو ماددانە بۆ باری دەروونی ژن، بایەخی زۆریان هەیە".

دواتر ئەم پزیشکە ئاماژەی بەوە کرد، کە کاتێ ڕێژەی ئەو هۆرمۆنە کەمدەبێتەوە، کاریگەری لەوەستاندنی سووڕی مانگانەیان دەبێت و ئافرەتەکە هەست بەگەورەیی تەمەن دەکات، وادەزانێت کە تەمەنی گەنجێتی نەماوە، یان بۆچوونەکانی بەهەڵە دەزانێت.

هەروەها بەنەمانی سووڕی مانگانەی ژنان، باری دەروونییان تێکدەچێت و کاریگەری بەسەر کرداری سێکسکردنیان دەبێت و هەست بە بێزاری و دڵتوندی دەکەن، بەمەش بیر لەوە دەکەنەوە کە ئیتر منداڵیان نابێت، لێرەوە هەست بە بەسەرچوونی تەمەنیان دەکەن.

بۆیە دەبێت پێشوەختە ئەو ژنانەی تووشی ئەو حاڵەتە دەبن، لەلایەن پزیشکی دەروونی ڕێنمایی بکرێن، یان لەلایەن پسپۆڕێکی بواری ژنانەوە زانیارییان پێ بدرێت و ئاگادار بکرێنەوە کە ئەمەش قۆناغێکە لەقۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ و دەبێ ژنان ئەو قۆناغەیش لەتەمەنیان تێپەڕێنن.



د. بەناز عەدنان

د. بەناز، دوو نەخۆشی سەرەکی ئەو تەمەنە، ئاماژە پێدەکات کە ئەوانیش نەخۆشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکین، هەروەها هۆکاری سەرەکی تووشبوون بەو نەخۆشییانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ژن، پێیخۆشە هەر لەتەمەنی جوانیدا بمێنێتەوە، بۆیە کە دەکەوێتە ئەو ڕەوشە، ناتوانێت لەگەڵ واقیعەکەدا خۆی بگونجێنێت،"هەندێکیان بیری خۆکوشتنیان لەلا پەیدا دەبێت".

## "وامزانی گەیشتوومە خاڵی کۆتایی ژیان"

مریەم، ژنێکی تەمەن ٥٣ ساڵە. ئەو لەتەمەنی ٤٥ ساڵیدا، دوو منداڵی هەبووە، کاتێ منداڵەکانی گەورە بوونەو لای نەماون، هەستی بەبۆشاییەکی گەورە کردووە،" کاتێ زانیم کە گەیشتوومەتە تەمەنی گەورەبوون، قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە ئیتر منداڵم نابێت، بۆیە لەباری دەروونییەوە زۆر تێکچووم و وام هەست کرد کە ئیتر ژیانم گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی. بۆیە تا ٤ مانگ بەبەردەوامی سەردانی پزیشکی دەروونیم کرد، تا ئەو قۆناغەم تێپەڕاند و بڕوام بەخۆم هێنایەوەو لەخەمۆکی ڕزگارم بوو".

هاژە، کچێکی٢٩ ساڵە، لەبارەی گەیشتن بەتەمەنی نائومێدییەوە گوتی:"هۆکاری سەرەکی نائومێدی ژنان، لەو تەمەنەدا بۆ نەبوونی منداڵ دەگەڕێتەوە. من لەوە ناترسم کە شووم نەکردووە، بەڵام لەوە دەترسم کە لەتەمەنێکی وەهادا شوو بکەم کە چیدی نەتوانم منداڵم ببێت".

جیهان موحەممەد، تەمەن٣٥ ساڵان سەبارەت بە خۆئامادەکردن بۆ تەمەنی نائومێدی، پێیوایە کە هەر مرۆڤێک لەگەڵ تێپەڕینی تەمەنیدا خەمی ڕابردوو دەخوات، بەڵام پێویستە ژنان، ئەو تەمەنەش قبووڵ بکەن، چونکە ئەوەش وەک قۆناغی گەنجی و هەرزەکاری لەژیاندا قۆناغێکی دیکەیە.

## چارەسەر

لەبارەی چارەسەری ئەو حاڵەتانەی کە لەتەمەنی نائومێدیدا تووشی ژنان دەبن، د. بەناز، گوتی:" پێویستە ژنان، خۆیان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکەن و ئەوەش بزانن، کە قۆناغێکی سروشتی ژیانەو وەک چۆن قۆناغی منداڵی و دایکایەتی دەبڕێت، بەهەمان شێوەش پێویستە ئەو قۆناغە تێپەڕبکەن.

هەروەها ژنان، دەتوانن لەو گۆڕانانەی کە لەو تەمەنەدا بەسەر جەستەیان دێت، سوود وەربگرن. لەبارەی قەرەبووکردنەوەی ئەو هۆرمۆنانەی کە لەتەمەنی نائومێدییەوە ژنان لەدەستیان داون، ئەو پسپۆڕە دەڵێت:" بەکەڵکوەرگرتن لەهەندێک دەرمان کە لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە دیاریدەکرێت، دەتوانرێت قەرەبووی نەمانی ئەو هۆرمانە بکرێتەوە".

ڕاپۆرتی: هەڵز عەلی- شیلان یاسین

**بەنەمانی سووڕی مانگانە ژنان، باری دەروونییان تێکدەچێت و کاریگەری بەسەر کرداری سێکسکردنیان دەبێت و هەست بە بێزاری و دڵتوندی دەکەن، بەمەش بیر لەوە دەکەنەوە کە ئیتر منداڵیان نابێت، لێرەوە هەست بە بەسەرچوونی تەمەنیان دەکەن**

www.netewe.com

# هەڵەبجە
# دەروازەی لەبارچوونی منداڵ و شێرپەنجەیە

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە، نەخۆشی شێرپەنجەو لەبارچوونی منداڵ، لەسنووری ئـەوشـارەدا، دووانـەیـەکـی ترسناکن و روویـان لەزیادبوون کـردووەو بووەتە جێگەی نیگەرانی هاووڵاتییان. پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانیش هۆکارەکەی بۆ بەجێمانی کاریگەری کیماباران لەسەر توشبووان، دەگەڕێننەوە.

## حاڵەتەکان لە هەڵکشاندان

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ـدا هەر یەک لەنەخۆشی شێرپەنجەو لەبارچوونی منداڵ، بەڕێژەیەکی فراوان لەشارۆچکەی هەڵەبجە دەرکەوتن و تائێستاش بەیەکێک لەگرفتە سەختەکانی هاووڵاتیانی ئەو شارۆچکەیە دادەنرێت. هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانە لەهەڵەبجە، بۆ کیمابارانەکەی ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە. جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئـاراس عابد، رایگەیاند کە زۆرترین حاڵەتی لەبارچوون، لەسنووری هەڵەبجەدا هەیەو لەمدواییانەشدا شێرپەنجە، بووەتە یەکێک لەو نەخۆشییە بەربڵاوانەی کەچەندین کەس بەو هۆیەوە ڕووبەڕووی مەرگ، بوونەتەوە".

## تەمەنی توشبووان

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو لەنەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە، د. جاسم محەمەد ئەمین، دەڵێت:"ئەو ژنانەی تەمەنیان لەسەرووی ٣٠ ساڵە، زیاتر رووبـەڕووی لەبارچوونی منداڵ، دەبنەوە". د.جاسم، هۆکارەکەش بۆ کاریگەری چەکی کیمیای دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو ژنانەی ئێستا لەتەمەنی ٣٠ساڵیدان، لەکاتی کارەساتی کیمیابارانی شـارەکـەدا تەمەنیان لـەسـەرووی ٩ ساڵ زیاتر بووەو چەکی کیمیایی، کاریگەری مەترسیداری لەخانە هەستیارەکانی ئەو ژنانەدا دروستکردووەو بەو هۆیەوە ژنانی توشبوو، روبـەڕووی حاڵەتی لەبارچوونی منداڵەکانیان دەبنەوە". بەگوتەی د. جاسم، ساڵی رابردوو بۆ تەشەنەسەندنی زیاتری حاڵەتەکان، سەرەتایەکی خراپ بـووە، چونکە هەندێکجار لەهەفتەیەکدا ٦ حاڵەتی لەبارچوون تۆمار کراوە، ئەو ڕێژەیەش زۆرەو مەترسیدارە، بۆیە بەپێویستی دەزانێت کە تیمە پزیشکییەکان بەوردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو حاڵەتە بکەن.

سەبارەت بەهۆکاری کارتێکردنی چەکی کیمیای لـەدروسـتـکـردنـی شێرپەنجە، ئـەو دکـتـۆرەی نەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە، گوتی:"ئەو مادده ژاراوییانە، کاریگەری لەدڵ و مێشکی کەسەکان دەکـــەن، ئەمەیش مەترسی مـردنـی بـۆ سەر تووشبوانی لێ دەکەوێتەوە".

## لەبارچوونی منداڵ

فاتمە حوسێن، ژنێکە تەمەنی ٣٣ ساڵەو ژنی ماڵەوەیە. ماوەی دووساڵە شوویکردووە، بەڵام منداڵی نییە، چونکە منداڵی یەکەمی لەبارچووە. ئەو، یەکێکە لەقوربانیانی چەکی کیمیاوی،"منداڵی یەکەمم لەبارچوو. ئێستاش کە سکی دووهەمم هەیە، تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە بوومە، ترسەکەشم لەوەیە کە سکی ئێستایشم لەبار بچێت".سومەیە غەفور، ژنێکی ترە لەو ژنانەی کە لەتەمەنی ١١ساڵیدا بەر کیمیابارانی هەڵەبجە کەوتووە. ئەو، تەمەنی ٣٢ ساڵەو ماوەی شەش ساڵە شوویکردووەو تائێستاش دووجار منداڵی لەبار چووە. وەک باسیدەکات، کە خۆی و خوشکەی کە تەمەنی ١٢ساڵ بووە، بەر کیمیایی هەڵەبجە کەوتوون. خوشکەکەیشی وەک خۆی منداڵەکانی لەبارچووە،" ئەو خوشکانەم کە بەر کیمیایی نەکەوتوون، هیچ حاڵەتی لەبارچوونیان نییەو هەر یەکی چوار منداڵیان هەیە". هاوکات ئەو ژنە، گلەیی ئاراستەی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی دەکات کە تائێستا هیچ لایەنێک خۆی نەکردووەتە خاوەنی کێشەکانی هەڵەبجەو داواکارە" حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی پرۆگرامێکی تۆکمە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشییە دابڕێژن".

## هۆکار و مەترسییەکانی

پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی منداڵ لەنەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە، د.رێـبـوار مەحمود، لەبارەی سەرهەڵدانی حاڵەتەکانی لەبارچوونی منداڵەوە، پێیوابوو، تائێستا هیچ پشکنینێک نەکراوە کە دەریخستبێت هـۆکـاری سـەرەکـی لەبارچوونی منداڵ چەکی کیمیاییە، بەڵام زۆرترینی رێژەی لەبارچوونی منداڵ لای ئەو ژنانە روودەدات کە بەر چەکی کیمیایی کەوتوون و بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەرنەکەوتوون، بەدەگمەن رووبەڕووی ئەو حاڵەتە دەبنەوە.

د.رێبوار، باسی لەکاریگەری چەکی کیمیایی و مادده ژەهراوییەکان کرد کە بەئاسانی کار لەخانەکانی زاوزێی ژنان، دەکەن و بۆ ماوەیەکی دورودرێژ رێگە لەبوونی منداڵی ئاسایی و تەندروست، دەگرێت.

## چارەسەر

لەبارەی چارەسەری گرفتی لەبارچوونی منداڵ، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان، د. سەلمان کەریم، باس لەوە دەکات کە رێژەی لەبارچوونی منداڵان لە هەڵەبجە زۆر زیـادیـکـردووە، بەڵام چـارەسـەری پزیشکی پێویست بۆ بنبڕکردنی حاڵەتەکە هەیە،" ئەگەر ژنـان لەحاڵەتەکانی منداڵبووندا، سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن و لەژێر چاودێری پزیشکەکاندا ماوەی سکپڕیان بەڕێ بکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەمترین حاڵەتی لەبارچوون ڕوودەدات".

**هاوکار محەمەد**

**خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە هەر پرسیار و گرفتێکی تەندروستیی و دەروونیان هەبوو پەیوەندی بکەن بە ژمارەی تەلەفۆن- 066-264-7813 یان Email: shelan_yasen@yahoo.com وەڵامەکانتان لەلایەن پسپۆڕی دەروونی و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتانەوە لە ڕێگەی گۆڤارەوە دەدرێتەوە.**

www.netewe.com

# شێرپەنجەی ملی منداڵدان

شێرپەنجەی ملی منداڵدان، بە نەخۆشی (دوا ڕۆژ) ناسراوەو ڕۆژانە لەزیادبووندایە. لەجیهاندا نزیکەی پێنج ملیۆن ژن، هەڵگری ئەم نەخۆشییەن و بەوهۆیەوە ساڵانە نزیکەی ٢٥٠ هەزار ژن، دەمرن. هۆکاری مردنی ژنان، بەهۆی ڤایرۆسی hpvیە، کە لەتەمەنی٤٥ تا ٥٠ ساڵی، تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن.

## ملی منداڵدان cervix چییە؟

سەرەتای چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو منداڵدان. لەسەرەتادا دەریچەیەک هەیە پێیدەڵێن دەریچەی ملی منداڵدان، cervicalas تیرەکەی لە دوو سانتیمەتر زیاتر نییە، بەڵام لەکاتی منداڵبووندا فراوان دەبێت و دەکشێت، تا یارمەتی هاتنە دەرەوەی منداڵەکە بدات. سەرەڕای ئەوەش ملی منداڵدان جۆرە ماددەیەکی لینج دروستدەکات و یارمەتی ڕۆیشتنی تۆوەکان بۆ نێو منداڵدان دەدات. هەندێک لە ژنان، بوونی ئەو ماددە لینجە، بە نیشانەیەک لە نیشانەکانی هێلکە دانان دەزانن.

## منداڵدان uterus چییە؟


ئەم بەشە دەکەوێتە ناوەڕاستی پشتێنەی چاڵەوە. ئەندامێکی سەرەکی زاوزێیەو بەشێوەیەکی ئاسایی بۆشە.

لەماسوولکەیەکی ئەستووری شێوە هەرمێ دروست بووەو بنکەکەی بۆ سەرەوەیە. دەکەوێتە نێوان میزڵدان و ڕیکەوە. خاوەنی ناوپۆشێکە، کە لەکاتی سووڕی مانگانەو لەکاتی منداڵبووندا ئەرکی کشان و گەورەبوون دەگرێتە ئەستۆ. هەروەها لەکاتی لەدایکبووندا کۆرپەلە پاڵدەداتە دەرەوە. ئەوەش بەگرژبوون بەندە. لەکاتی ئازارەکانی سووڕی مانگانەدا گرژدەبێت. شێوەو قەبارەی منداڵدان بەپێی تەمەن و باری سکپڕی دەگۆڕێت.

نەخۆشی شێرپەنجەی ملی منداڵدان چییە؟

یەکێکە لەنەخۆشییە بڵاوەکانەو لەدوای شێرپەنجەی مەمک بەدووەمین جۆری شێرپەنجەی ژنان، دادەنرێت. پسپۆری نەخۆشییەکانی ئافرەتان د. باران کەمال بەرزنجی، دەڵێت، بەشێوەیەکی گشتی ڤایرۆسی پاپیلۆم مرۆیی جۆری (HPv،human papillomavirus) هۆکاری سەرەکی ئەم شێرپەنجەیەیە. تائێستا ئەم ڤایرۆسە سەدەها جۆری دەستنیشانکراوە، بەڵام تەنیا چەند جۆرێک لەمانە پەیوەندییان بەشێرپەنجەی ملی منداڵدانەوە هەیە. بەتایبەتی جۆری ١٦ و ١٧. ئەم ڤایرۆسە لەساڵی ١٩٥٠، لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دیاریکرا، بەڵام تائێستا لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بەگەورەترین کێشە دادەنرێت.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، زیاتر لەسێ بەشی ئەم نەخۆشییە لەدەوڵەتە دواکەوتووەکاندا هەیە. گرنگترین شت لەو نەخۆشییە کە لەجۆرەکانیتری شێرپەنجەدا بەدی ناکرێت، ئەوەیە کە دەتوانرێت کەسەکان خۆی لێ بپارێزن. ئەم ڤایرۆسە لەتەمەنی ٢٠-٣٠ ساڵی تووشی ژنان، دەبێت و لەخانەکانی ملی منداڵدانی بەهێواشی گەشە دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەناوچەکەو ئەو گۆڕانەش لەسەرەتادا ئاساییەو قابیلی چاکبوونەوەیە. بۆیە پشکنینی ماوە بەماوەی ژنان، بەگرنگ دەزانرێت. زۆربەی جار مانەوەی بۆ ماوەی دە ساڵ درێژەی هەیەو دواتر دەبێتە شێرپەنجە. توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستووە کەمترین ماوە حەوت ساڵە.



برینداربوونی ملی منداڵدان

## ڕێژەی تووشبووان

بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕێژەی ٤٠٪ ی ژنان، هەڵگری ڤایرۆسی hpvین.



وەرگرتنی بەشێک لە ملی منداڵدان لە کاتی ناردنی بۆ پشکنین

لە فەرەنسا ڕێژەکەی دەگاتە ٣٨٣٢ ژن، واتە ١٤٪. لە ئەورووپا نزیکەی ٢٥ تا ٣٠ ملیۆن ژن، هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن. ئەم ڤایرۆسە ژنانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتووەتەوە. بەڵام تائێستا ڕێژەی تووشبووان بەوردی دەستنیشان نەکراوە.

## هۆکاری تووشبوون:

- بەشێوەیەکی گشتی ڤایرۆسی پاپیلۆم مرۆیی HPV، هۆکاری سەرەکی ئەم شێرپەنجەیەیە. تائێستا ئەم ڤایرۆسە سەدەها جۆری دەستنیشانکراوە. بەڵام تەنیا چەند جۆرێکیان لەبوونی ئەم شێرپەنجەیە بەتایبەتی جۆری ١٦و ١٧ هۆکارن.
- سێکسکردن یان "شووکردنی کچان لەتەمەنێکی زوودا.
- فرە پیاوی بەتایبەتی لەوڵاتانی بیانی ( د: باران کەمال دەڵێ لەکوردستان ئەو ئافرەتانەی کە زیاتر لەجارێک ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە ئەگەری تووشبوونیان زیاترە)
- جگەرە کێشان.
- ڕێژەی منداڵبوون. هەر چەند زۆر سکی کردبێت و منداڵی زۆر ببێت، ئەوا ڕێژەی تووشبوون زیاد دەکات.
- بەکارهێنانی حەبی مەنع بەبەردەوامی، زیاتر لەپێنج ساڵ مەترسی هەیە بۆ تووشبوون بەم نەخۆشییە.
- تووشبوون بەهەندێک نەخۆشی سێکسی وەک ( کلامیدیا، ژێر تاقیکردنەوە).

www.netewe.com

– شووکردن بەپیاوێک کە پێشتر خێزانەکەی بەهۆی شێرپەنجەی ملی منداڵەوە کۆچی کردبێت.

## نیشانەکانی

پزیشکی پسپۆڕ لەبواری ئافرەتان د. باران کەمال، ئاماژە بەمەترسی دەرکەوتنی نیشانەکانی دەکات، چونکە ئەگەر نیشانەکان بەدیارکەوت کەواتە وەرەمەکە، تەشەنەی کردووە چاکبوونەوەی زەحمەتە. بەڵام ئەگەر پێش بەدیارکەوتنی نیشانەکانی لەڕێگەی پشکنینەوە دەستنیشانکرا ئەواچارەسەری هەیە. بۆیە ڕێنمایی ژنان دەکات کە زووتر سەردانی سەنتەری پشکنینی ملی منداڵدان بکەن. لەنیشانەکانی بینینی خوێن لەدوای جووتبوون و بینینی خوێن لەنێوان سووڕی مانگانەیە. لەگەڵ تێکچوونی سووڕی مانگانەو زوو هاتن یان درەنگ هاتنی.

ئەگەر نەخۆشییەکە زیاتر تەشەنەی کرد ئەم نیشانانەی دەبێت: هەبوونی بۆنی ناخۆش لەخوێنی سووڕی مانگانەو هەوکردن و ژانگرتنی بن سک. هەندێجار لەکاتی پشکنیندا گرێیەک بەدیاردەکەوێت، کە لەکاتی دەستلێدان خوێنی لێدێت و ئەم گرێیەش لەسەرەتادا بچووکە بەڵام دوایی گەورە دەبێت.

## ڕێگاکانی دەستنیشانکردن

١)وەرگرتنی بەشێک لەم گرێیە یان هەر شوێنێک کە ئەگەری تووشبوونی لێدەکرێت و ناردنی بۆ زەرع.

٢)پاش دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە دەبێت دیاریبکرێت کە لە چ قۆناغێکدایە. چونکە چارەسەرکردن دەوەستێتەسەر قۆناغەکانی ئەم نەخۆشییە، کە بریتییەلە: چوار قۆناغ، کە قۆناغی یەکەم، هەردوو لقی ئەلیف و با لەخۆ دەگرێت. لە قۆناغی دووەم نەشتەرگەری یان RADIOTHERAPY– لە قۆناغی سێیەمRADIOTHERAPY یان نەشتەرگەری ناکرێت.

## کوتان دژی ئەم ڤایرۆسە

دوای چەندین ساڵ توێژینەوە، لەمانگی سێپتەمبەری ٢٠٠٦ لەئەورووپا توانرا باشترین کوتان بەناوی gardasil واتە grad- al-sil پەسەند بکەن، کە ڕێگرە لەتووشبوونی ئافرەت بەشێرپەنجەی ملی منداڵدان. کچان و ژنان، دەتوانن لەتەمەنی ٩-٢٦ ساڵی خۆیان بەم کوتانە ( ڤاکسینە) نوێیە بکوتن، کە لە ماسوولکە دەدرێت و سەدلەسەد بەرگری دژی ڤایرۆسەکە پەیدا دەکات. بەڵام ئەو کوتانە بۆ تووشبووان و هەڵگرانی ئەم ڤایرۆسە هیچ بەرگرییەکی نابێت.

## ڕێگاکانی کوتان

دەبێت هەر کەسێک سێ دەرزی بەم شێوەیە لەخۆی بدات:

١)ڕۆژی یەکەم دەرزییەکی ٠،٥ ملیلیتر دەدرێت لەماسوولکەی باڵ یان سمتی ئافرەتەکە.

٢)دوو مانگ دوای دەرزی یەکەم، دووەم دەرزی ٠،٥ ملیلیتر دیسان دەدرێت لە ماسوولکەی باڵ یان سمت.

٣)چوار مانگ دوای دەرزی دووەم، بۆ جاری سێیەم دەرزییەکی ٠،٥ ملیلیتر کە دوا دەرزییە دیسان لەماسوولکەی باڵ یان سمت دەدرێت.

## خۆپاراستن لەم نەخۆشییە

نەخۆشی شێرپەنجەی ملی منداڵدان، یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە دەتوانین خۆمانی لێ بپارێزین بەڕێگەی:

– کوتان لەدژی ئەم ڤایرۆسە، بەڵام لەتەمەنی بەر لەتووشبوون.

– المسح الدوری المنتفم بواسکە لکاخە عنق الرحم. PAPSMER-

– نەشتەرگەری


–RADIOTHERAPY، کە ئەوەش دەوەستێتەسەر نەخۆش و جۆر و حاڵەتی نەخۆشییەکە.

د. باران دەڵێت، ئەم مسحە بریتییە لەپشکنینی خانەکانی ملی منداڵدان لەژێر میکرۆسکۆبدا بۆ دۆزینەوەی هەر گۆڕانکارییەک کە لەملی منداڵداندا روویدابێت. پێویستە ئەم پشکنینە بۆ هەموو ئافرەتێک بکرێت. ئەم پشکنینە زۆر ساکارەو هیچ ئێشی تێدانییە، پێویستە هەفتەیەک یان دە ڕۆژ، دوای سووڕی مانگانە ئەنجام بدرێت. ئەم پشکنینە ئێستا لەچەندین بنکەی تەندروستی ئەنجامدەدرێت و لەبەشی (نازوری ملی منداڵدان) هەموو ڕۆژێک دەکرێت. هەروەها بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لەلایەن بنکە تەندروستیەکانەوە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی لەدایکبوان و ئافرەتان دەکرێن، کلینیکی تایبەتی و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان، بەگوێرەی جۆری نەخۆشییەکە چارەسەری پێویستی بۆ دەکات.

بەسێ عیسمەت، ژنێکی تەمەن ٦٥ ساڵە. ئەو دووچاری نەخۆشی ملی منداڵدان بووە. وەک خۆی باسیدەکات“ من زوو شوومکردووەو هێشتان بیست ساڵم تەواو نەکردبوو کاتێ مێردم نەما. باوکم بەشووی دامەوە، جگەرەکێشبووم، بەڵام دەساڵ دەبێت وازم لێی هێناوە. حەوت منداڵم هەیەو ئێستا تووشی ئەم نەخۆشییە هاتووم. لەبەرئەوە منداڵانم دەرهێناوە“.

زەینەب عوبێدی، ژنێکی تەمەن ٤٣ ساڵە. ئەو لەبەرئەوەی سووڕی مانگانەی ڕێک نییەو هەست بە ژانی بن سکی دەکات، پشکنینی کردووە، بەڵام پزیشک پێیگوتووە کە حاڵەتەکەی جێگای مەترسی نییە.

قەدریە عەزیز، ژنێکە خاوەنی نۆ منداڵە. ئەو دەڵێت، خۆم جگەرە ناکێشم، بەڵام لەماڵەوە هەموو پیاوەکان جگەرە دەخۆن. قەدریە، ملی منداڵدانی ئەستوربووەو ژانی بەردەوامی هەیە. هەروەها بەردەوام پاک و پیسە. ئەو، لەبەرئەوەی نەخۆشی ڕەبووی هەیە، پزیشکەکەی پێیگوتووە کە دەبێ بە بەنجی“موچوعی“ نەشتەرگەری بۆ بکرێت و منداڵدانی دەربهێنرێت.



شیلان یاسین

### پرۆفایل

د. باران کەمال بەرزنجی.
پسپۆڕی ئافرەتان و منداڵبوون لەنەخۆشخانەی لەدایکبوونە.
بەرپرسی بەشی ناقوری ملی منداڵدانەو مامۆستای یاریدەرە لەکۆلێژی پزیشکی بەشی زانستی کۆمەڵگە.
لەساڵی ١٩٨٩ بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوەو ساڵی ١٩٩٧دیپلۆمی باڵای لە بەغدا لەبەشی ئافرەتان و منداڵبوون بەدەستهێناوە.
لە ٢٠٠٥ بڕوانامەی ماستەری لەزانستی کۆمەڵگە وەرگرتوە.

www.netewe.com

# کەباب بە پەنیر

ئامادەکردنی:
وەستاحەسەن عەبدوڵڵا
لە ریستۆرانتی پۆشی





## چۆنیەتی ئامادەکردن

ئینجا هەویرەکە بەتیرۆک پاندەکرێتەوە، کەباب و پەنیرە وردکراوەکە دەخرێتە ناو هەویرەکەو لوول دەکرێت، هەندێک ماستی لێدەدرێت و دەخرێتەناو فڕن.

ماوەی چوار خولەک لەناو فڕن دەبێت تا جوان دەبرژێت.

پاش برژانی دەخرێتە سەر قاپێک و دەکرێتە هەشت پارچە، خەیار و تەماتە بەشێوەی ئەڵقە لەسەر قاپەکە دادەنرێت، لەگەڵ یەک کەوگیر برنج لەناوەڕاستی قاپەکە دادەنرێت.

بەمشێوەیە خواردنی یەک کەس ئامادە دەبێت.

## کەرەستەکان

٦٠ گرام هەویر، جوان دەشێلرێت.

١٤٠ گرام قیمەی کەباب، لەشیش دەدرێت و دەبرژێنرێنێت.

٦٠ گرام پەنیری تورکی، بەرەندە ورد دەکرێت.





# ئەستێرەکان

### کاوڕ


٤-٢٠-٣/٢١

ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە هەتە، دوودڵ مەبەو بڕیارێکی بوێرانە بدە. بەهۆی بیرکردنەوەی بەردەوامەوە ماندوو دەبیت.

### گا


٥-٢٠-٤/٢١

ئەو بیانووانەی بەدەستتەوەیە، کەسە نزیکەکانت رازی ناکات، هەوڵبدە رێگای تر بدۆزیتەوە. تووشی چەند گرفتێکی تەندروستی دەبیت.

### دوانە


٦/٢١-٥/٢١

لەم ماوەیەدا پشت بەهاورێ و کەسە نزیکەکانت ببەستە بۆ سەرخستنی پرۆژەکانت بەوریاییەوە هەڵسوکەوت بکەو هەروەها بەهەستیارییەوە مامەڵەی دارایی ئەنجامبدە.

### قرژاڵ


٧/٢٢-٦/٢٢

لەبواری کارەکانتدا چەند هەنگاوێک دەچیتە پێشەوەو مایەی رەزامەندی بەرپرسەکانت دەبیت، تووشی کۆمەڵێک کێشەی سۆزداری دەبیت.

### شێر


٨/٢٢-٧/٢٣

کارێکی باش دەکەیت ئەگەر بەخۆتدا بچیتەوەو بواری داراییت رێکبخەیت. لەرووی سۆزدارییەوە بەختێکی باشت دەبێت و کێشەو گرفتەکانت چارەسەر دەبن.

### گوڵەگەنم


٩/٢٢-٨/٢٣

خۆت بەدوور بگرە لەو ناکۆکییانەی لەخێزانەکەتدا روودەدات، پێشبینی ئەوە دەکرێت لەرووی داراییەوە دەستکەوتی زۆرت هەبێت، ئاگاداری باری تەندروستیت بە.

### تەرازوو


١٠/٢٢-٩/٢٣

هەندی لەهەڵسوکەوتەکانت هاورێکانت بێزار دەکات، ئارام بگرەو پەلە مەکە لەبڕیارداندا، کۆتایی ئەم هەفتەیە هەندێ راستیت بۆ روونەبێتەوە، هەواڵی خۆشت پێدەگات.

### دووپشک


١١/٢١-١٠/٢٣

پێویستت بەئارامی و پشووی زیاترە، ئەوەندە خۆت بەکارەکانتەوە سەرقاڵ مەکە، ئەندامانی خێزانەکەت پێیانوایە فەرامۆشت کردوون، گەشتێک ئەنجامدەدەیت.

### کەوان


١٢-٢١-١١/٢٢

پاش ئەو گرفتە زۆرانەی لەرووی سۆزدارییەوە تووشت بووە، کاتی ئەوە هاتووە بەخۆتدا بچیتەوە، ئەو فشارانەی سەرت کەم بکەرەوەو لەبڕیاردان دوو دڵ مەبە.

### گیسک


١/١٩-١٢/٢٢

ماوەیەکە حەز بەتێکەڵبوونی کۆڕ وکومەڵ ناکەیت، لەگەڵ هاورێکانتدا ئەوەندە بێمتمانە مەبە، ئەوان لەچارەسەرکردنی کێشەکانتدا هاریکاریت دەکەن.

### سەتڵ


٢/١٨-١/٢٠


لەرووی سۆزدارییەوە هەفتەیەکی ئاسوودە بەسەر دەبەیت، کەسانی دەورووبەرت پێت سەرسام دەبن و حەز دەکەن هەڵسووکەوتت لەگەڵ بکەن.

### نەهەنگ


نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

پێویست ناکات ئەوەندە خۆت بۆکەسانی دەورووبەر ماندوو بکەیت، هەندێ گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراو لەکارەکانتدا روودەدات کە فشاری زۆرت دەخاتەسەر.

# دەم و چاوێکی سپی ئاواتی هەموو کچێکە



**کاژین جەمیل**

خاتوونی بەڕێز، ڕاستە پیاوان بەردەوام ئافرەتی سپی و پێست ناسکیان لاپەسەندترە بەڵام نابێت ئەوە ببێتە ئامانجی سەرەکی تۆ،

زۆر جار بۆ سپیکردنەوەی دەم و چاو ئافرەتان سپیاو بەکاردەهێنن بەڵام بە ئامادەکردنی گیراوەیەکی سروشتی و بەکارهێنانی وەک ماسکێک بۆ دەم و چاو دەتوانییت هەمان ئەنجام بەدەستبێنیت .

### کەرەستەی پێویست

**هەویری پەتاتەیەک**

**یەک کەوچک نیشاستە**

ئەو پێکهاتەیە بەباشی تێکەل بکەو کەمێک ئاوی تێبکە بۆ ئەوەی وەک هەویرێکی لێبێت و پاشان دەم و چاوتی پێداپۆشە بۆ ماوەی ٢٠ خولەک دواتر بەئاوی شلەتێن بیشۆ ئەم کارە هەفتەی ٣ جار دووبارە بکەرەوە

### ئەنجام

دەبیتە خاوەن دەم و چاوێکی سپی و ناسک

## جوانی ئافرەت پەیوەندی بە ئارامی باری دەروونییەوە هەیە

**دیان جەمیل**

جوانی تەنها ئەوە نییە کە تۆ لێوی خۆت سووربکەیت یان چاوەکانت رەش بکەیت، بەڵکو هەندێک شتی تر هەن کە لە هەست و سۆزو گیانی مرۆڤدا خۆی حەشارداوە بۆیە شێوازی جوانکردنی روخساری دەرەوەی ژن پەیوەندی بەدەربرینەکانی ناوەوەیان هەیە .

چەند شتێک هەن کەوا فشارێکی زۆر بۆ مرۆڤ دروستدەکەن:

١ زیادبوونی فشاری خوێن

٢ زیادبوونی لێدانی دڵی مرۆڤ

٣ زیاد دەردانی هۆرمۆنی (ئەدرینالین)

### زەیتی گوڵاو

زەیتی گیاییی ئارامی و خۆشحاڵی بەمرۆڤ دەبەخشێت، زۆر جار مێشک ئارام دەکاتەوە، زەیتی گوڵەکانی "پونەو ئەڤندەر"دەشێت دڵتەنگی مرۆڤ نەهێڵێت، دوو کەوچکی بکەرە سەر پارچە پەرۆیەکی پاک و تێر بۆنی بکە یان بیکەرە ناو پەرداخێک ئاو یان سەری خۆتی پێ بشۆ .

### راهێنانی وەرزشی

پێویستە مرۆڤ رۆژانە بۆ ماوەی ٣ چرکە رابکات، ئەم راکردنە ئارامییەک بەمرۆڤ دەبەخشێت لەرووی دەروونییەوە و لەلایەکیتر یارمەتی گواستنەوەی خوێن دەدات بۆ مێشکی مرۆڤ و هۆرمۆنی (ئەندرۆفین) یش چالاک دەکات.

### نووستنێکی ئارام

پێویستە کاتی نوستنی خۆت رێکبخەیت و نەیگۆڕیت و بەردەوام ژووری نوستنەکەت بەجوانی رێک و پێک جێبهێڵیت.

## بە وریایی بنێشت بجوون



بنێشت جووین تەندروستە، وەک حەمامێک وایە بۆ جەستەی مرۆڤ، ماوەی ١٣٠ ساڵە بنێشت دۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش رێژەیەکی زۆری خەڵک بە ئاگادارییەوە بنێشت دەجوون، لەبەر ئەوەی لە شوێنە گشتی و تایبەتیەکاندا بە بێزێزی دادەنرێت، هەر بەو ناوشەوە خەڵکێکی زۆریان لێی بێبەش کردووە، بە تایبەتی لە هۆڵی کۆبوونەوەکان و هۆڵەکانی خوێندن.

بەڵام لە ئەمڕۆ بە دواوە، دەبێت مەسەلەکە پێچەوانە ببێتەوە، لەبەر ئەوەی بنێشت کۆمەڵێک سوودی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە:

هەرچەندە ئێمە ناتوانین داوای بنێشتێک بکەین بەو تامەی کە خۆمان دەمانەوێ، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە بنێشت کۆمەڵێک کاری ئەرێنی بۆ لەش ئەنجام دەدات. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە گۆڤاری تەندروستی Healthy Living ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە کە بنێشت کاریگەری ئەرێنی لە سەر رۆح و جەستەی مرۆڤ هەیە، وەک هێوربوونەوە، چالاکبوونی ماسولکەکانی شەویلگە، کەمکردنەوەی چرچ و لۆچی روومەت، کەمکردنەوەی جەڵتەی دەماخ، چوونی زۆرترین رێژەی ئۆکسجێن بۆ مێشک، بەهێزکردنی تێرامانی مرۆڤ.

لە لایەکی ترەوە بنێشت دەتوانێت کاریگەر بێ لەسەر کەمکردنەوەی چەوری لە لەش و هەروەها یارمەتی سووتانی چەوری لەش دەدات . لە هەمانکاتیشدا ددانەکانمان خاوێن دەکاتەوە .

بێگومان نابێت ئەو بنێشتانە هەڵبژێرین کە رێژەیەکی زۆر شەکری تێدایە . باشترین بنێشت ئەو بنێشتەیە کە بۆ منداڵان دروست کراوە.

نابێ لەبیرمان بچێ کە بنێشتی خۆماڵی کوردستان رەنگە باشترینیان بێت، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانیوە بیگەیەنینە بازارەکانی جیهان.

www.netewe.com

# شاتووی زەوی

ناوی کوردی: شاتووی زەوی، تووت فەرەنگی
ناوی زانستی: Fragaria Vesca
خێزانی زانستی: Rosaceae





تایبەتمەندی فیزیکی

بۆن: نییە
تام: مێخۆش
پلەی گەرمی بەرگەگر: (( ٠ بۆ +٣٩ )) س°
بەرزی رووەکەکە: ((١٤ – ٣٥)) سم

ناوبانگی کوردی: توو فەرەنگی گیایەکە لە کوردستانی کۆندا نەبووە بەڵکو گیایەکی هاوردەیەو مێژووی هاوردنیشی بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەرێتەوە. کاتێ خێزانە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کە لایەنگری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، روویان لە باشووری کوردستان کرد و لە گوندە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق نیشتەجێبوون، ئەم گیایەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. ئەوان بە تووت فەرەنگی ناویان دەبرد، گوایە بۆ یەکەمجار لە فەرەنگستان (فەرەنسا)وە هاوردە کراوە، بەڵام لە باشووری کوردستان بە شاتووی زەوی ناوبانگی دەرکردووە. چونکە رووەکێکی کورتە باڵایەو بەرەکەی وەک شاتوو وایەو لە قەدی نزیک زەوی دێتە دەر. ئەم رووەکە لە کوردەواریدا تەنها سوود لە بەرەکەی وەرگیراوەو ئەویش بۆ خواردن.






وەرزی روان:
بەهار: مانگی (( ٣- ٦)).

شێوەی روانی
لە وەرزی هاویندا

شوێنی روان: ناو باخچە و نیوان دارە بەردارەکانی باغەکان.

ناوبانگی پزیشکی گیایی: Fragaria Vesca تاسەدەکانی ناوەراست، لەپزیشکی گیایی نێودەوڵەتیدا زۆر بەکارنەبراوە. وەک گیاناسی بەناوبانگی ئەورووپی Nikolas Kalibir لەساڵی ١٦٥٢ز. دا باس لە سوودەکانی ئەم گیایە دەکات کە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری گەدەو پتەوکردنی پووک و ددان گرنگە. لە گرنگترین ئەو ماددانەی تائێستا لێی ئامادە کراون: (Tenic acid، Methyl Salsite، Porniole) ە. لێکۆڵینەوە تازەکان دەریدەخەن کە خواردنی Fragaria Vesca سوودێکی زۆری بۆ ئاسانکردنی کرداری میزکردن Urination و چارەسەری نەخۆشی سیل T.B، هەروەها هەوکردنی جوومگەکان Arthritis، هەیە.


سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com


سیراجەددین مەحمود





www.netewe.com



www.mewe.com

# خەفتان هەزار قات لەجلووبەرگی رۆژئاوایی جوانترە

# رۆژدا: من کوردی رەشم و رۆژین کوردی سپییە

**ئامەد**

هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ رەخنەی لەو هونەرمەندە کوردانە گرت کە لاسایی رۆژئاواییەکان دەکەنەوەو حەزی لەپاراستنی کەلتوری نەتەوەکەیەتی، ”من حەزم لەجلووبەرگی کوردییە. بەڕای من لەبەرکردنی جلووبەرگی رۆژئاوایی دۆشدامانە لەبەرامبەر رۆژئاوادا. کەلتوورێکی وەها لەناو کورداندا نییەو ئەو پرسە لە کورد دوورە. لەبەرکردنی خەفتانی کوردی هەزارجار لەجلووبەرگی رۆژئـاوایـی جوانتر و رازاوەتـرە“. ئەوە قسەی رۆژدای گۆرانیبێژە. ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤیندا، رەخنە لەو هونەرمەندانە دەگرێت کە تایبەتمەندییە مرۆڤی و نەتەوەییەکانی خۆیانیان بزرکردووە.

وارڤین: چ جیاوازییەک لەنێوان موزیکی کوردی لە سالانی نەوەدەکان و ئێستادا هەیە؟

رۆژدا: لەنەوەدەکاندا لە باکووری کوردستان کەس نەیدەوێرا بڵێت“ من کـوردم“ بـەڵام ئێستا ئێمە باسی موزیکی کوردی دەکەین و بەکوردی گۆرانی دەڵێین. نوێنەرایەتی هونەری کەلتوورێک و زمانێکی قـەدەغـەیـن، لەبەر ئـەوەش زەحمەتییەکی زۆر دەکێشین. لەنەوەدەکاندا، تێکۆشانی ئازادیخوازانەی کورد گڕوتینی تێکەوت و شانبەشانی ئەو، هونەر و موزیکیش پێشکەوت، هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەشدا ژنی کورد پێشکەوت. سەردەمانێک ژنان نەیاندەتوانی بێنە دەرەوە، بەڵام ئێستا گۆرانی دەڵێن.

وارڤین: تاچەند بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان گرفتیان بۆدروستکردوویت؟

رۆژدا: لەبەرئەوەی بنەماڵەی من ئایینی بوون. نەیاندەویست ببمە هونەرمەند. کە جاری یەکەم چوومە سەر شانۆ، بنەماڵەکەم ناڕەزاییان دەربڕی و خۆیان تووڕە کرد. لەبەر ئەوەی دەرەبەگ بوون. هیچ کچێک لە گوندەکەی ئێمە نەچووەتە چیاو لەگوند دوورنەکەوتووەتەوە. بەهۆی ئەوەی بچووکی خێزانەکەم بـووم، دایکم زۆری خۆشدەویستم و دەیویست قورئان خەتم بکەم و ببمە ژنێکی ئایینی. منیش بەدایکم دەگوت:“ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی بمنێریتە ئەستەنبوڵ، قورئان خەتم دەکەم“. دوای ئەوە دایکم بەڵێنی پێدام و ناردمی بۆ ئەستەنبوڵ بۆ لای پوورم و منیش لەبەرانبەردا قورئانم خەتم کرد. کە چوومە ئەستەنبوڵ تەمەنم سیانزە ساڵ بوو.

وارڤین: باسی یەکەمجاری چوونە سەرشانۆتمان بۆبکە. لەکوێ بۆ یەکەمجار چوویتە سەرشانۆ؟

رۆژدا: لەئەستەنبوڵ زەماوەندی ناسراوێکمان بوو، لەو زەماوەندەدا چوومە سەرشانۆ و گۆرانیم گوت. بەڵام کاتێک کە بنەماڵەی من بیستیانەوە، زۆر تورە بوون. گوتیان چۆن کچێک دەچێت لەناو ئەو هەموو کەسەدا گۆرانی دەڵێت؟ بەڵام کاتێک من گوتم کە بۆ هونەر و کەلتووری کوردی کار دەکەم کەمێک دڵیان نەرم بوو.

وارڤین: هەستت بەچیکرد؟

رۆژدا: لەماوەی ٥ رۆژدا ٥ گۆرانیم لەناو کۆما بەرخۆدان لەبەر کرد. زۆر بەجۆش بووم. لەخۆشیان خەریکبوو باڵبگرم، لەهەمانکاتیشدا ترسی گرفت دروستکردنم هەبوو کە بنەماڵەکەم رێگەم پێنەدەن. چوومە سەر شانۆ. بەڵام نازانم چۆن ئەو ٥ گۆرانییەم گوت. هەر خودا دەزانێت چۆن لەسەر شانۆ هاتمە خوارەوە. لەوەوە بەناوبانگبووم. (بەپێکەنینەوە)

وارڤین: لەناو ئێمەی کورددا پۆشینی جلووبەرگ بابەتێکی هەستیارە. بەهۆی ئەو جلانەی لەسەر شانۆ لەبەرت کـردووە یان جـۆری میکیاژکردنت رەخنەت لێ گیراوە؟

رۆژدا: تائێستا لەسەر پۆشینی جلووبەرگ کەس رەخنەی لێنەگرتووم. من بە کەلتووری بنەماڵەکەم دەژیم. جلووبەرگی رۆژئاوایی لەبەر ناکەم و میکیاژی زۆریش ناکەم. ئەوەش ویستی خۆمە.

وارڤین: واتـە ئەو ژنانەی کە بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێن دەبێت، جلووبەرگی رۆژئاوایی لەبەر نەکەن؟ ئایا پۆشینی جلووبەرگی رۆژئاوایی بۆ ژنە هونەرمەندەکان شەرمە؟

رۆژدا: نازانم. من حەزم لە جلووبەرگی کوردییە.



هونەرمەند رۆژدا

کاپیتالیزم بیسکویتێکی بچووک بە سنگی ژنێکەوە دەناسێنێت. ئایس کرێمێکیش لەرێگەی جەستە ولەشولاری ژنانەوە دەفرۆشێت. پێویستە مرۆڤ لەبەرامبەر ئـەوەدا زیرەک بێت، چونکە لەوێ ژن وەک کاڵایەک بەکار دەهێنرێن. بەڕای من لەبەرکردنی جلووبەرگی رۆژئـاوایـی دۆشـدامـانـە لەبەرانبەر رۆژئاواییەکاندا. کەلتوورێکی وەها لەناو کورداندا نییە. پێموایە، لەبەرکردنی خەفتانی کوردی هەزار قات لە جلووبەرگی رۆژئاوایی جوانتر و رازاوەترە.

وارڤین: پرۆسەی هاوسەرگیریت چۆن بوو؟

رۆژدا: من جیابوومەوەو هاوسەرگیری من تەواو بوو.

وارڤین: بۆچی؟

رۆژدا: ئـەوە هەندێک تایبەتە. بابڵێین پێکەوە نەسازاین و کۆتایی پێهات.

www.netewe.com




هونەرمەند ڕۆژدا

وارڤین: رات چییە بەرامبەر بە هاوسەرگیری؟

ڕۆژدا: ئەگەر دووکەس بتوانن پێکەوە بسازێن و پێک بێن، باشە. بەڵام بۆ کەسانی هونەرمەند زەحمەتە. من و هاوسەرەکەم هاوپیشە بووین. گوشاری کار زۆر بوو. دەرکەوتنێکی سەر شانۆ ساڵێک لە تەمەنی مرۆڤ دەبات. ئەو گوشارە کاریگەری لەسەرهاوسەرگیریش دەکات.

وارڤین: تۆ لەبارەی" کوشتن لەسەر شەرەف" یان کوشتنە نامووسییەکانەوە چی دەڵێیت؟ ئایا ژن کوشتن تەنیا کەلتوری کوردە؟

ڕۆژدا: لەئەفغانستان و ئێرانیش هەمان دیاردە هەیە. کاپیتالیزم ژن وەک کاڵا بەکاردێنێت، ئەوانی دیکەش بەناوی ئایینەوە ژن بەکاردەهێنن. ئەو شتەی کە لەژێرناوی "نامووس"دا لەدژی ژنان ئەنجامدەرێت زوڵم و زۆرێکی ناڕاستە. بۆچی کاتێک پیاوێک باری دەروونی تێکدەچێت هەڵدەستێ و ژنەکەی دەکوژێت؟ لەبەر نامووس. (بەبێتاقەتییەوە) لەکاتێکدا ئەو شتەی کە ئەو دەیکات بێنامووسییەکی هەرە گەورەیە. ئەگەر تەنیا لە روانگەی نامووسەوە سەیری ژن بکەی شتێکی زۆر خراپ و پاشڤەڕۆیانەیە.

وارڤین: "کرانەوەی کورد" چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

ڕۆژدا: کرانەوەی کورد چییە؟ ئایا دەیانهەوێت پرسی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام دوو مانگ لەمەوبەر بەهۆی گۆرانی"سێزدە هەڤاڵ"ەوە. لەدادگای ئامەد دۆز لەدژی من کرایەوەوئەوان لەلایەکەوە دەڵێن کرانەوەی کورد و لەلایەکی دیکەشەوە لەدژی گۆرانی کوردی دۆز دەکەنەوە. نازانم چۆنە؟ تەرەتە شەش گۆرانییەکانم بەکار دێنێت، بەڵام ئاماژە بەناوم ناکات. بەڕای من کرانەوەی کورد شتێک نییە کە لە دڵەوە بێت.

وارڤین: سەیری TRT6 دەکەی؟

ڕۆژدا: کاتێک تازە کرابووە سەیرم دەکرد. ویستم بزانم چی دەکەن. سیاسەت و ئامانجیان چییە. بەڵام ئێستا تەماشای ناکەم. چونکە لەدڵەوە نییەو راست ناکەن.

وارڤین: بەر لە ڕۆژین داوایان لە تۆ کردبوو؟

ڕۆژدا: بەڵێ. ئەو بەرنامەیەی کە ڕۆژین کاری تێدا دەکرد، پێشتر پێشنیازی دروستکردنیان دا بەمن. بەڵام من ئەوەم وەک خۆ بچووککردنەوەم بینی و قبووڵم نەکرد.

وارڤین: تۆ ڕۆژین دەناسی؟

ڕۆژدا: بەڵێ. ئێمە یەکتر دەناسین.

وارڤین: لەبەر ئەوەی لە TRT6دا کاری کرد پێتناخۆشبوو؟

ڕۆژدا: ئەوە بڕیاری خۆی بوو. بەڵام بەڕای من ئەوە چەتەگەرییە. وەک کوردی سپی و کوردی رەشە.

وارڤین: تۆ کام کوردی؟

ڕۆژدا: من کوردی رەشم و ڕۆژین کوردی سپییە. پێویستە مرۆڤ هەندێک ویژدانی هەبێت. چونکە هونەرمەند چاوساغی کۆمەڵگایە. هەرکردەوەیەکی ئەو، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دادەنێت. لەشوێنێک کە شەڕ بەردەوامە، ئەگەر هونەرمەند بڵێت،"من کۆنسێرت و بەرنامەی خۆم دەکەم، پارەی خۆم وەرگرم و هیچ شتێک پەیوەندی بە منەوە نییە"، ئەوە راست نییە. ئەوە هەڵوێستی هونەرمەند و رۆشنبیر نییە.

وارڤین: پێتخۆشە لەهەرێمی فیدراڵی کوردستان کۆنسێرت بکەی؟

ڕۆژدا: بەڵی حەز دەکەم. بەڵام ئەوان زیاتر ڕۆژینیان خۆشدەوێت. ئێمە دەتوانین وەک هونەرمەند لەنێوان باکوور و باشووردا پردێک دروست بکەین. با لەفستیواڵەکانی باشوور بانگمان بکەن- ئێمە خۆمان بانگ دەکەین- هەموو شتێک پارە نییە. بەڵام ئەوان زیاتر حەزیان لە هونەرمەندانی نزیک لە کەلتووری رۆژئاوایە. کاتێک گوێ لەباشوورییەکان دەگرم دڵم دێشێت. وڵاتی تەحسین تەها و محەمەد شێخۆیە. وڵاتی هونەرمەندە ناودار و نموونەییەکانی ئێمەیە. بەڵام لەوێ کەسانێک هەن کە دەیانەوێت ببنە مایکڵ جاکسۆن و رەهانا.

وارڤین: مەبەستت چییە؟

ڕۆژدا: بۆ نموونە کاتێک سەیری کلیپەکانیان دەکەم. لە سەیارە سەرکراوەکاندا یاری لەگەڵ ژنە بیانییەکان دەکەن. ئەڵبەت لەباشوور کەلتوورێکی وەها نییە. ژن هێشتا جلووبەرگی کوردی لەبەر دەکەن. ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە کە کۆمەڵگا بەرەو ڕێگای راست ئاراستەبکات. بەداخەوە هەڵوێستی هەندێک لەهونەرمەندانی باشوور لە هی هەندێک لە هونەرمەندانی تورک دەچێت، هەندێک لە هونەرمەندانی تورک جووتە دەهاوێژن و خۆیان هەڵدەدێرن، بەڵام ئامادە نین گۆرانییەکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن. کاتێک ئەو شتانە دەبینم، زۆر خەمگین دەبم.



دیلار سەولەدار

# ئەستێرەی وارڤین

### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

بێژەری. بەلای منەوە خۆشترین کارەو لەهەمانکاتدا چەکێکی دووسەرە. یان دەتکاتە خۆشەویستی خەڵک یان ئەوەندە ڕەزات قورس دەکات خەڵک بەبینینت کەناڵەکە دەگۆڕن. ئێستاش خەریکی پرۆژەیەکی گرنگم و لەکاتی خۆیدا رایدەگەیەنم.

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

هەر لەمنداڵیەوە بەدوو پیشە سەرسام بووم. بێژەری و پزیشکی، زۆرجار لەبەر ئاوێنە لاسایی بێژەرەکانم دەکردەوە. ساڵی١٩٩٢ لەتەلەفزیۆنی کوردستان کەناڵی سلێمانی ئەو خەونەم هاتەدی و ئەوە ١٧ ساڵە کاری بێژەری دەکەم. زۆرجار شتگەلێک لەراگەیاندن تورەیان کردووم، بەلام هەرگیز لەکاری بێژەری پەشیمان نەبوومەتەوە.

## پرۆفایل

ناو: ناز عەبدوڵلا شەماڵ

ڕەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: خێزاندارم و دایکی دوومنداڵی جوانم" شەم تەمەنی ٨ ساڵەو مەم تەمەنی ٤ ساڵە"

ئاستی خوێندەواری: ماوەیەک بوو دابڕابووم و ئێستا بەردەوامم.

شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- گەڕەکی نووسەران




### خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:



-هەموو گۆرانییەکانی ئەحمەد شەماڵ
-گەردوتۆزەکەی: شەهێن تاڵەبانی
-مەتۆرێ: عەباس کەمەندی
-دڵم تەنگە: پەیوەند جاف
-خۆم و عودەکەم: عەلی مەردان
-زۆر لەگۆرانیەکانی عەتا قەرەداخی
-کاڵێ بارمەکە: وشیارحەمە فەرەج
-گۆرانیەکانی نازم غەزالی
- ئەی خودا: کانی

### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

هەموو ئەندامانی ماڵباتەکەمان، ئەگەرناویش بێنم دەڵێم، بەرهەمی هاوسەرم وشەم ومەم و دایکم.

www.netewe.com

# پردی دەلال بەرەو ڕووخان دەچێت

زاخۆ:


چاودێر و پسپۆڕانی بواری شوێنەوارناسی، ئەگەری ڕووخانی پردی مێژوویی دەلال لە زاخۆ، ڕادەگەیەنن و پێیانوایە، ئەگەر لە ماوەیەکی نزیکدا نۆژەن نەکرێتەوەو زستانی بەسەردابێت، بەرەورووی زیانی گەورە دەبێتەوە.

پردی دەلال، یەکێک لەپردە مێژووییەکانی کوردستانەو زۆر بۆچوونی جیاواز لەبارەی مێژووی دروستبوونییەوە هەن. بەپێی قسەی مێژوونووس ئەمین زەکی بەگ، مێژووی دروستکردنی پردی دەلال، بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە. هاوکات مێژوونووس عەبدولڕەقیب یوسف، دەڵێت مێژووی دروستبوونی بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە. بە بڕوای هەندێک لەمێژوونووسان، ئەو پردە ڕۆمییەکان یان ئێرانییەکان، دروستیان کردووە. لەکتێبی (هەڵگری ١٠ هەزار سەرباز)ی سەرکردەی یۆنانی، زەینەفۆن، هاتووە کە ئەو لەساڵی ٤٠١ی پێش زایین، لەگەڵ ١٠هەزار سەرباز لەپردێکەوە تێپەڕیون و ئەو پردە کەوتووەتە نزیک شاری زاخۆ، بەڕای هەندێک لەمێژوونووسانیش ئەو پردەی کە زەینەفون و هاوڕێکانی بەسەریدا تێپەڕیون، پردی دەلال بووە. بەرزی پردەکە ١٤ مەتر و پانییەکەشی ٧،٤ مەترەو ١٦ مەتریش لەئاوی ڕووبارەوە بەرزترە. بەڵام نووسەر سەعید زاخۆیی، لەکتێبەکەیدا بەناوی (زاخۆی کۆن ونوێ)، ئاماژەی بەوەداوە کە ڕۆمانییەکان ئەم پردەیان دروست کردووە، بەڵگەش بەوە هێنراوەتەوە کە شێوازی کەوانەی پردەکە لەهی شارستانییەتی ڕۆمەکان دەچێت و بەپێی شوێنەوارناسەکانیش، تائێستا مێژووی دروستکردنی ئەو پردە بەدروستی نەزانراوە.

هاووڵاتیانی زاخۆ، نیگەرانی خۆیان لەمەڕ ڕووخانی پردی دەلال، ڕاگەیاند و هیوادارن کە "دەنگیان بەلایەنی بەرپرسیار بگەیەنرێت و دەڵێن "پێویستە بەر لەڕووخانی ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر ڕووخا دواتر خۆیان بەژێریشیەوە بکەن هیچ سوودێکی نابێت".

عەلی حوسێن، پیاوێکی تەمەن ٦٥ ساڵەو هاووڵاتییەکی شارۆچکەی زاخۆیە، بەپێویستی دەزانێت کە حکومەت بایەخ بەو پردە بدات، چونکە پردی دەلال، بۆ هەموو کوردستان جێی سەربەرزییەو نیشانەی هەبوونی شارستانییەتە. بەبۆچوونی مام عەلی، پردی دەلال، لەسەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراقیشدا پشتگوێ خراوە، بۆیە شەرمێکی گەورەیە، لەسەردەمی حکومەت و دەسەڵاتی کوردیدا ئەو پردە برووخێت". سەعید حەجی سەدیق، خۆی وەک یەکێک لەخەمخۆرانی کەلتووری دەڤەرەکە دەناسێنێت و ئاماژە بەمەترسییەکانی پردەکەیش کرد کە لەلای ڕۆژهەڵاتی پردەکەوە دوو شوێنی تێکچووەو ئەگەر بەو شێوەیەش بهێڵدرێتەوە، ڕەنگە لایەکی پردەکە برووخێت. لەم ساڵانەی دواییدا چەندین زیان بەپردەکە گەیشتوون و بەوهۆیەوە چەندین بەردو خشت لەدەوروبەریدا کەوتووەتە خوارەوەو لەشوێنەکەیاندا گژوگیا ڕوواوە. لەماوەی٥ ساڵی ڕابردوودا دەرکەوتووە کە هەندێک بەرد لەلای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی پردەکە، کەوتووەتە خوارەوە.

مێژوو و جوانی پردی



بەرزی پردەکە ١٤ مەتر و پانییەکەشی ٧،٤ مەترەو ١٦ مەتریش لەئاوی ڕووبارەوە بەرزترە

پردی دەلال، بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە

www.wirtewe.com

دەلال، گرنگی وبایەخێکی تایبەتی لەلای خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی زاخۆ بەتایبەتی هەیەو لەلایەن گۆرانیبێژانی دەڤەرەکەوە چەندین گۆرانی پێدا گوتراوە. جوانی ئەو پردە لەشیعری شاعیرانی دەڤەرەکەشدا رەنگی داوەتـەوە. ئەو پردە یەکێک لەهێماکانی شاری زاخۆیەو خەڵکی شانازی پێوە دەکەن و دەڵێن، "زاخۆی دەلال، لە پردی دەلالـەوە وەرگیراوە". حەسەن ئەحمەد، گەنجێکی زاخۆییە، نیگەرانی خۆی لەمەڕ گرنگی نەدانی حکومەت بەشارەکەیان دەربڕی "زاخۆ بـەپـردی دەلال و ئـاوی خـاپـوور بەناوبانگە، بەداخەوە ئاوی خاپوور بەرەو وشکبوون دەچێت و پردی دەلالیش بەرەو رووخان".

تائێستا چەندینجار کۆڕ و سیمیناری تایبەت لەبارەی پاراستنی پردی دەلال کراوە، بەڵام تائێستا رێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی پردەکە بەکردار نەگیراوەتەبەر و تەنیا لەقسەی سیمینارەکاندا ماوەتەوە. نموونەی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەش، فێستیڤاڵی ٢٠٠٨/٢/٢٨ بوو کە بەمەبەستی پاراستنی پردی دەلال لەزاخۆ، ئەنجامدراوەو تێیدا چەندین بابەتی زانستی و لێکۆڵینەوەی تایبەت خرانە بەرباس و شرۆڤەو چەندین راسپاردەش لەوبارەیەوە دانران. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە پراکتیکدا کار بەو ئەنجام و راسپاردانە نەکراوە کە یەکێک لەو راسپاردانە ئەوە بوو، چیتر نابێت ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری نەوتی تاوکێ لەو رێگایەوە بگوازرێتەوەو دەبێت رێگاکە بگۆردرێت و لەنزیک پردەکەوە هاتووچۆ نەکرێت، تازیان بەپردەکە نەگات. فیستیڤاڵەکە لەلایەن رێکخراوی پاراستنی کەلتوور لەکوردستان و فەرمانگەی رۆشنبیری و هونەری زاخۆوە ئەنجامدراو وەک خۆیان باسی لێوە دەکەن، مەبەستیان لەئەنجامدانی ئەو فیستیڤاڵە، سەرنجراکێشانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بووە. بـەرپـرسـی رێـکـخـراوی پاراستنی کەلتووری کـوردسـتـان، بـەیـار بـاقـی، لـەبـارەی ئەگەری رووخـانـی پـردی دەلال، گـوتـی"پـردی دەلال، لەرەوشێکی خراپدایەو هەندێک بەرد و خشت لە پردەکە، کەوتوونەتەخوارەوەو گژوگیا لەجێگایاندا رواوەو تائێستاش هاتوچووی ئۆتۆمبیل بەتایبەت ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر کە رۆژانە چەند مەترێک دوور لەپردەکەوە دێن ودەچن درێژەی هەیەو ئەمەش وایکردووە کە پردەکە بەرەو رووخان بچێت.

بەبۆچوونی شارەزایانی بواری ئابووری، دەتوانرێت پردی دەلال، بکرێتە یەکێک لەشوێنە گەشتیارییە بەناوبانگەکان.



حکومەت دەتوانێت داهاتی ئابووریی باش لەهاتنی گەشتیاران بۆ ئەو شوێنە کۆبکاتەوە، چونکە ساڵانە سەدان کەس، بۆ گەشتووگوزار، روو لەزاخۆ دەکەن. بەرپرسی گەشتوگوزاری زاخۆ رەمەزان ئیسماعیل، لەبارەی گرنگی پردی دەلال ئاماژەیدا کە تەواوی ئەو کەسانەی بۆ گەشتوگوزار سەردانی زاخۆ دەکەن، بەهۆی ئەو پردەوە دێن. شوێنێکی گەشتیارییەو تەواوی ئەو گەشتیارە بیانی و ناوخۆییانەی کە سەردانی زاخۆ دەکەن، هاوکات سەردانی پردەکەش دەکـەن. لەبارەی رێژەی گەشتیاران بۆ پردی دەلال، بەپێی قسەی رەمەزان ئیسماعیل، لەساڵی٢٠٠٨دا ٨٦ هەزار و ٢١٤ گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی سەردانی زاخۆ و ئەو پردەیان کردووە. ئەمساڵیش لە١/١ تا ٧/٣١ ٣٩ هەزار و ٢٥٨ گەشتیار پردەکەیان بەسەر کردووەتەوە. بەڕای ئەو" ئەگەر پردی دەلال، نەبوایە ئەو رێژە بـەرزەی گەشتیاران روویان لەزاخۆ نەدەکرد، جوانی و کۆنی ئەو پردەکە، وایکردووە گەشتیارەکان روو لەزاخۆ بکەن".

بەرپرسی رێکخراوی کەلتووری مەدەنییەت لە زاخۆ، نۆژەنکردنەوەی ئەو پردە لەنزیکترین کاتدا بەپێویست دەزانێت و هیوادارە ئەو شتانەی زیان بۆ پردەکە هەیە لێی دوور بخرێنەوە. بەڕای سەعید حەجی، هەرچی زووتر پردەکە نۆژەن بکرێتەوە، لەرووخان رزگاری دەبێت. هاوکات بەیار باقی، گوتی:" نۆژەنکردنەوەی زۆر زەحمەت نییەو پێویستە حکومەت ئاوڕی لێ بداتەوە. بەڕێوەبەری شوێنەواری زاخۆ وارین ئەندوراس، رایگەیاند کە حکومەتی هەرێم رازیبووە لەنۆژەنکردنەوەی پردەکە هاریکاری شوێنەواری زاخۆ بکات و بۆ ئەو مەبەستەیش کۆمپانیای"گێرما ئارت گرووپی" چیکی سەردانی پردەکەی کردووەو لێکۆلینەوەی لەبارەیەوە ئەنجامداوە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری زاخۆ، ئاماژەی بەوەدا کە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو پردە ٥٠٠ هەزار دۆلار لەبەر چاو گیراوەو وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش رەزامەندی لەسەر داوە، چاوەڕواندەکرێت ئەو پارەیە لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٠ تەرخان دەکرێت.




**بەرەڤان ئەحمەد**




# ژیانێکی تاڵ

درامای ژیانێکی تاڵ، بەرهەمی سینەمای تورکیایەو ئەو فیلمە سنووری بینەرانی لەنێو تورکیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین تێپەرکرد و چەندین کەناڵی کوردی و عەرەبی ئەو فیلمەیان پەخشکردەوە.

سەرەتای ئەو فیلمە بەژیانی هەردوو ئەکتەر نەرمین و مەمەد، دەست پێدەکات کە کچ و کوڕێکی هەژارن. نەرمین، لەئارایشتگایەک کاردەکات و مەمەد، کرێکاری کۆمپانیایەکە. دوای ماوەیەک نەرمین، بۆکاری ئارایشتگا دەچێتە ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند، کوڕی ئەوماڵە (ئیندەر) عاشقی نەرمین، دەبێت. بەڵام نەرمین، هەوڵدەدات خۆی لێ دووربخاتەوەو چەندجارێک رووبەڕووی دەبێتەوە. بەڵام کوڕەکە لەهەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی نەرمین لەمەمەد، بەردەوام دەبێت، تا رۆژێک بەهۆی هاوڕێیەکی نەرمین، حەبی بێهۆش بوونی پێدەدرێت و ئینەدەر، کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکە دەیباتە ئۆتێلێک و لەگەڵی دەخەوێت، تا بەناچاری شوی پێبکات. بەمجۆرە نەرمین، ناچار دەبێت لەعاشقەکەی کە مەمەدە جیاببێتەوەو شو بەئیندەر، بکات. هەرچەندە ناتوانێت رووداوەکە بۆ کەس بگێڕێتەوە، بەڵام مەمەد، وا دەزانێت نەرمین، بەهۆی سامانی پیاوەکەی بەو رازی نییەو خیانەتی لێکردووە. لەهەمانکاتدا دایکی نەرمین، کاریگەری لەسەر بڕیاری نەرمین، دەبێت



و ئارەزوو دەکات کچەکەی شو بەپیاوێکی دەوڵەمەند بکات. دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک مەمەد، دەبێتە خاوەنی کۆمپانیاو دەیەوێت بەجۆرێک تۆڵە لەو بنەماڵەیە بکاتەوە. بۆ ئازاردانی نەرمین، پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ فلیز، خوشکی ئیندەر دادەنێت، بەڵام دوای ئەوەی مەمەد، بەنهێنی شوکردنی نەرمین، بە ئیندەر دەزانێت، لەگەڵ نەرمین، ئاشت دەبێتەوە. دوای ماوەیەک ئیندەر، نەرمین بۆ شوێنێکی دوور دەڕفێنێت و بەوهۆیەوە باری دەروونی تێکدەچێت و دراماکە بە گیانلەدەستدانی نەرمین، لەپێناو خۆشەویستی بۆ مەمەد، کۆتایی دێت.

ئەو درامایە چیرۆکی خۆشەویستی کچ و کوڕێکی هەژار دەگێڕێتەوە، کە بەهۆی کەمدەرامەتی تووشی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند دەبن و نەخشەکانی ژیان و خۆشەویستییان لێ تێکدەچێت. خۆشەویستی لەدووسەردەمی دەوڵەمەندی و هەژاریدا پیشاندەدات. دیمەنی نەرمین، لەو درامایەدا پیشاندانی وەفاداری ژنە بەرامبەر بەپیاو، کە تا دواچرکەی تەمەن سۆزی خۆشەویستی بۆ مەمەد درێژەی هەیەو بەرامبەر بەخۆشەویستیی راستەقینەی، سازش لەپاکی و راستگۆیی ناکات. مەمەد، نمونەی پیاوێکی پاکە کە بەردەوام لە خەیاڵیدا وێنەی خۆشەویستی یەکەمی (نەرمین)، دەیهەژێنێ.

www.netawe.com

# کابینەی یەک ژنی و دیموکراسی



بەهرە حەمەڕەش

بیرمەندێک گوتوویەتی، "پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک بەپێشکەوتنی ژنانی ئەو کۆمەڵگایەوە بەندە" هەر کۆمەڵگایەک، نیوەی کۆمەڵگا تێیدا چەوساوەو ژێردەستبوو، نیوەی کۆمەڵگا، بەشداری بڕیارە چارەنووسسازەکانی نەکرد و سوودی لەتواناو سەلیقەی ژنان وەرنەگرت، هەنگاونانی بەرەو بەکۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی کورد گوتەنی، خەونێکی شاعیرانەیە.

لەکاتی ئەنجامدانی پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەماندا، بۆ راکێشانی سەرنجی ژن بەلای خۆیانەوە، حیزبەکان، بەدروشمی قەبەو جۆراوجۆر کەوتنەخۆ. ئەگەر نیوەی ئەو دروشمانە جێبەجێ بکرێت، کوردستان ئەگەر نەشبێتە بەهەشتی دیموکراسی، لە وڵاتانی دیموکراتیک کەمتر نابێت. زۆرترین دروشمەکانیان، زیادکردنی خزمەتگوزاری و گرنگیدان بەمافەکانی ژن و بەشداریکردنی ژن لەناوەندەکانی بڕیار و دانانی چارەسەر، بۆ پرسگەلی ژن بوو. پێویست بوو حیزبەکان، بەتایبەتیش هەردوو حزبی باڵادەست، خۆیان بەخاوەنی دروشمەکانی خۆیان بزانیبایەو هەر لەیەکەمین وێستگەی دەسەڵاتدا، لە دروشمەکانیان پاشگەز نەبونایەوە. بۆ ئەوەی هیچ نەبێت، ژنان لەیەکەم هەنگاوی پێکهاتنی حکوومەتدا، پەنجەی پەشیمانی بۆ ئەو دەنگە نەگەزن، کە لەسەر بنچینەی باوەڕکردن بەپەیمان و بەڵێنی حزبەکان، ئەمجارەش خستیانەنێو سەندوقەکانی دەنگدانەوە. ژنانی کوردستان چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سۆز و پەیمانی حزبەکان بوون و پێیانوابوو، بەشداری ژن لەکابینەی شەشی حکوومەتی ئەمجارەدا، رێژەیەکی جیاواز لەکابینەی پێنج و بەشداری ژنان بەشێوازی کاراترو هەڵبژاردنی ژن، لەسەر بناغەی تواناو لێهاتوویی خودی ژن دەبێت. حکوومەتی هەرێم، لەجیاتی سەرقاڵکردنی ژنان بەکردنەوەی رێکخراو و سەنتەری ژنان، کە لەسەر حیسابی دەنگ و رەنگی ژنانی چەوساوە ململانێی حزبایەتی و چەوساندنەوەی ژنان تێیاندا تۆختر دەکرێتەوە، دەبوایە ژنانی لەناوەندەکانی بڕیار نزیک بکردایەتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو جۆرە جیاکردنەوەو بەردەوامی لەسەر زیادبوونی سەنتەر و رێکخراوەکانی ژنان، هۆیەکە بۆ برەودان بەجیاکاری رەگەزی نێوان ژن و پیاو و دروستبوونی دوژمنایەتی و رکابەری لەنێوان هەردوو چینی گرنگی کۆمەڵگادا. بەپێی ئامارەکان، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی رێکخراوەکانی ژنان، ئەگەر رێژەی کوشتن و چەوساندنەوەو خۆسووتاندنی ژنان لەزیادی نەدابێت، کەمی نەکردووە. بۆیە پێویستە بەر لەهەر کەسێک، خودی رێکخراوەکان، بەخۆدابچنەوەو هەڵوەستە لەبەرنامەو ئەدای کارکردنیاندا بکەن، کە ئایا ئەوەی ئەوان و چەندان ژنی بێئاگاو بێچارەی لەدەوری ئەوان کۆکردووەتەوە، تۆخکردنەوەی ململانێ و کارکردن بۆ مەبەستی حزبە یان خزمەتە بەژنانی چەوساوەی کۆمەڵگا؟ ئامانجی بنەڕەتی ئەوان، لەبۆتەی مەرامە تایبەتییەکانی پیاوە سمێڵ گەورەکانی حیزبدا نەتواوەتەوە؟ ئایا بەرهەمی حەڤدەساڵ خەباتی ئەوان، لەکوێی ژیانی ژنانی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە. بەپێی ئامارێک رۆژانە لە پارێزگای هەولێر ژنێک دەسووتێت یان دەکوژرێت، باشە رێکخراوەکانی ژنان لەکوێ ئەم هاوکێشەیەدان؟

لەکاتی راگەیاندنی کابینەی شەشی حکوومەتی ئەمجارەدا، نەبوونی ژن لەپۆستە بەرزەکان و کەمبوونەوەی سێ وەزیری ژن بۆ یەک وەزیر، لای چینی رۆشنبیر و ژنانی هۆشیار جێگای پرسیار و سەرسووڕمان بوو. بەڵام تائێستاش گوێمان لەنقەیەکی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان نەبووەو حکوومەتیش خۆی بەحکوومەتێکی مۆدێرن و دیموکراتیک لەقەڵەم دەدات.



www.netewe.com